# واگەیاندن لە زماندا

## *entailment*

د . محمود فتح الله احمد / زانکۆی سلێمانی / کۆلێجی زمان - بەشی کوردی

**0- پێشەکی**

**لە زماندا، واتای فەرهەنگیی وشەکان لە ئاستی پێوستدا نین سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی قسەکەرەکان دەیانەوێ باسیان لێوە بکەن، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە قسەکەرەکان چەندان ڕێگە دەگرنە بەر، بۆ نموونە، زیاتر لە واتایەك دەدەنە پاڵ وشەیەك، ئەوەش وا دەکات کە وشەکان زیاتر لە خوێندنەوەیەك هەڵ بگرن و قسەکەرەکانیش لە پاڵ پارێزگاری کردنی واتا فەرهەنگییەکان دەکەونە کردنەوەی سویچی خەیاڵ، بیرکردنە و ڕملْ لێدان بە مەبەستی تێگەیشتن لە بۆچوونەکانی قسەکەر (لە بواری گریمانەکاریدا) یان هەلێنجانی سەرەنجام (لە بواری واگەیاندندا)، بۆ نمونە، واتای فەرهەنگی دەکرێ لە سەر ئاستی خوارەوە لێکبدرێتەوە، بە لام واتای دەقی کە تەعبیر لە تێڕوانینەکانی قسەکەر دەکات، دەشێ لە سەر ئاستی سەرەوە ڕوبدەن و مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت، ئەوکێشەیە لە ڕستە نا-سادەکاندا ئاڵۆزتر دەبێت. دیارە ئەو ئاڵۆزیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەشێ هەمان ڕستە چەند دیاردەیەکی جیاوازی وەك، گریمانە، جەخت کردنەوە، واگەیاندن و ..... لە خۆبگرێ، لە گەڵ ئەوەشدا کە ئەو دیاردانە ناو بەند پەیوەندن و دەیان خاڵی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە و جەمسەرەکانیان بە یەك دەگەنەوە، بەڵام ئەو هاوبەشیانە سەرجەم مەودا و پانتایی ڕەفتاری ئەو دیاردانە ناگرنەوە، بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە لە لایەکەوە تەرخانە بۆ دیاریکردن و ناساندنی دیاردەی واگەیاندن لە زماندا، کە خۆی لە سەر چەندان بنەمای لۆجکی دادەمەزرێنێ و لە لایەکەی تریشەوە بۆ پیشاندانی جیاوازی لە نێوان دیاردەی گریمانەکاری و واگەیاندندا کە دەشێ نموونەکانی لە زمانی کوردییەوە وەربگیرێن، بەڵام دیاردەکە لە واقیعدا وەك دیاردەیەکی گشتی پێشکەش دەکرێت. بۆیە ئەم کورتە باسە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەخت لە سەر بابەتێتی وەك جەوهەر و ناوەرۆکی واگەیاندن دەکاتەوە کە دەشێ بەهۆیەوە لە دیاردەیەکی تری وەك گریمانەکاری هەڵاوێردرێ. ئیتر بەو هیوایەی توانیبێتی کەلێنێك پڕبکاتەوە و ڕاستەو خۆ و نا-ڕاستەوخۆ خزمەتێکی بچووك بە زمانی شیرینی نەتەوەکەم، زمانی کوردی، پێشکەش بکات.**

**1.0 بنەما سەرەکیەکانی دیاردەی واگەیاندن لە زماندا**

**1.1 واگەیاندن دیاردەیەکی سینتاکتیکی و فەرهەنگی تایبەتە لە زماندا**

**لە ڕاستیدا، واگەیاندن** entailment **وەك دەردەکەوێ پەیوەستە بە بابەتێکی فەرهەنگییەوە، زیاتر لە بابەتێکی کولتووری، بۆ نموونە، کاتێ باس دێتە سەر دیاردەیەکی تری وەك "گریمانەکاری"،**

بیرەکان زیاتر بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نەخشە و پلانی دواڕۆژی کەسەکان دەچن، واتە قسەکەر لەبەر ڕۆشنایی تاقیکردنەوە کۆنەکان بڕیار لەسەر بارودۆخەکانی دواتر دەدات، کەواتە گریمانەکاری باسێکی موجەڕەدی دەوروبەر، دور لە تێڕوانین و بۆچوونەکانی قسەکەر نیە، لە هەموو بارەکاندا قسەکەرەکان پشت بە هەندێ شت دەبەستن کە باوەڕیان وایە ڕاستە، سەرچاوەی ڕاستیەکەش دیارە هەر دەگەڕێتەوە بۆ تاقیکردنەوە کۆنەکان کە خۆی لە کولتوور وەك زانیاری گشتی سەبارەت بە بارودۆخەکان (دا) دەبینێتەوە، بۆیە گوێگرەکان زۆرجار واتای فەرهەنگی و مەبەستی قسەکەرەکان لە یەك جیادەکەنەوە و گریمانەی پێش هاتەکان دەکەن لە پێش ڕودانیاندا. ئەوەی پەیوەندی بە گریمانەکارییەوە هەبێت ئەوەیە کە مەوداکەی درێژ دەبێتەوە تا ئەو سنوورەی کە لێکدانەوەی واگەیاندنی–entailment ی ڕستەی لێکدراویش بگرێتەوە. دیارە، دەبێ ئەوەش لەبەر چاوبگیرێ کە هەندێ جار قسەکەر دەتوانێ گریمانەی هەندێ شت بکات کە بەلای گوێگرەکانیەوە نەزانراون و گریمانەکان بەشێوەیەك نابن کە بەلای هەردوو قسەکەر و گوێگرەوە هەمان تێگەیشتن (و لێکدانەوە)یان هەبێ. لە پاڵ هەموو ئەوانەدا بەربەرەکانی ئەوە دەکرێ کە بیری زانیاری هاوبەش (یان بەلانی کەمەوە، باوەڕکردن یان پێشنیاز) دەتوانرێ بەکار بهێنرێ بۆ دیاردەی گریمانەی پێش کات. سەبارەت بە دیاردەی واگەیاندن باوەڕەکان لەسەر ئەوە کورت دەبنەوە کە واگەیاندن لە زماندا وەك واتا یان پەیوەندی یەقینی(ڕاستەقینە) لە نێوان دیارکەر و دیاریکراودا سەیردەکرێت. ئەم دیاردەیە بنیاتی خۆی زیاتر لەسەر ڕاستی لۆجیکی دادەمەزرێنێ دور لە تێڕوانینە کەسییەکان گەرچی لە هەردیاردەیەکی واگەیاندندا زانیاری کۆنی کەسەکان کە بەشێکی زۆر لە کولتور دەگرێتەوە ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە لەو بوارەدا.

**1.2سیمانتیکی مەرجی–ڕاستیەکان:** Truth-Condoitionsal Semantics

سیمانتیك بێ ئەوەی مامەڵە لە گەڵ مەرجی–ڕاستییەکان بکات سیمانتیك نیە Liwis (1972:169) لە Wilson (1975:3) ەوە.

گرنگی سیمانتیك لە زماندا لەوەدایە کە هاریکاری قسەکەرەکان دەکات تا لە جەوهەری بارودۆخەکان بگەن، قسەبکەن و هەرچی دەیانەوێ بیڵێن و وتووێژی لەسەر بکەن، جگە لەوە مەرجی ڕاستیەکان گریمانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان زمان و واقیع دەکات، واتە گرنگی سیمانتیك توانای تێگەیشتن و لێکدانەوە و پێکەوەبەستنی بیرەکان لە چوارچێوەی دەربڕینێك تا دەگاتە دەقێکی گەورەتر لە لای کەسەکان زیاتر دەکات. تۆ ئەگەر واتای وشەی یەکەم لە ڕستەیەکی دیاریکراودا نەزانی واتای وشەی دووەم نازانی و ناتوانی لە واتای دەربڕینەکە و مەبەستی قسەکەر بگەیت. بە شێوەیەکی سینتاکتیکی قسەکەرەکانی زمانە سروشتیەکان دەتوانن بە هۆی ژمارەیەکی کەم لە یاسا، ژمارەیەکی بێ سنوور لە ڕستە و دەربڕینی باش پێکهاتوو دەربڕن. لەو بارەیەوە، واتە لە کێڵگەی سیمانتیکدا دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگیرێ کە دەربڕینەکان بە شێوەیەکی شیکاری ڕاست بن، ئەو کات لە لایەکەوە واگەیەندنەکان ڕێبازی ئاسایی خۆیان وەردەگرن و هەڵێنجانی سەرەنجامەکان ئاسانتر بەدەستەوە دێن، لە لایەکەی ترەوە بە دەست هێنانی ئەو سەرەنجامانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕاگەیەندنەکان–statement کە خۆیان لە

دەمەتەقێی نێوان کەسەکاندا دەبینینەوە دەبێ ڕاست بن و بەشێك لە خودی شتەکان پێکبهێنن، واتە باسی ڕووداوەکان بکەن دروٚ یان ڕاست وەك ئەوەی لەژیانی واقیعدا هەن، دیارە ئەوانەش کاتێ دێنە دی کە دەربڕینەکان بە شێوەیەکی شیکاری–analytically بخرێنە ژێر لێکوٚڵینەوەوە، هەر بوٚیەشە ڕاگەیەندنەکان دەبنە بنەمایەك بوٚ هوٚکاری پەیوەندی "واگەیاندنی" لە زمانەکەدا، بوٚ نمونە، (١) و (٢) وەك ڕستە لە کوردیدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

(١) پوورم فێری یاری پەت پەتێنم دەکات.

(٢) فێری یاری پەت پەتێن دەبم. (ڕاستە هەرکات فێربوونی یاریەکە لە واقیعدا ڕوویدا)

لێرەدا پرسیاری ئەوە دەکرێ ئەگەر ئەوانە ڕستەی باش بنیاتنراو بن، (ئایا) دەبنە هوٚی پەیوەندی واگەیاندنی؟، واتە (١) بە تەواوی (٢) دەگەیەنێ یان نا؟، وەڵامی وەها پرسیارێك دەبێ لە سەر بنەمای گەڕانەوە بوٚ ئەرك و کاری وەسفی سیمانتیکی بێت تا ئەو بڕیارە بە شێوەیەکی لوٚجیکی لە سەر ئەرزی واقیع وەڵام بدرێتەوە یان بدرێ. بە باوەڕی (Wilson (1975:3 پرسیارێکی لەو جوٚرە ناتوانرێ بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا وەڵام بدرێتەوە تا ئەو کاتەی بەلانی کەمەوە نەزانین کە ئایا ڕستەگەلێکی وەك (١) و (٢) بە هوٚی هەمان کەس و لە هەمان کاتدا وتراون یان نا؟ بە واتایەکی تر، تا ئەو کاتەی دەزانین (١) و (٢) بە مەبەستی دەربڕینی چ ڕاگەیاندنێك بنیات نراون. واتە هەڵگری چ ناوەڕوٚکێکن کە دەبێ لە سەر ئاستی خوارەوە خاڵە هاوبەشەکان زوٚر زیاتر بن لە خاڵە نا–هاوبەشەکان.

بە مەبەستی لێکدانەوە و گەیشتنە ئەنجامێکی دروست، دەبێ ئاوڕێك لە ڕەفتاری (٣) و (٤)یش بدەینەوە کە (٤) وەك نەرێیی (٣) مامەڵەی لە گەڵدا دەکرێت و دواتر لەبەر ڕوٚشنایی بوٚچوونەکانی(Wilson: 1975) دەتوانیین پرسیاری دروست سەبارەت بە وەسفی سیمانتیکی بکەین تا بڕیاری ئەوە بدەین ئایا (٣) و (٤) ناکوٚك–contradictن یان نا.

(٣) ئەسپە سوور پێی لە منداڵەکە نا. (منداڵەکە ئازاری بەر کەتووە)

(٤) ئەسپە سور بە سەر منداڵەکەدا نەڕوٚیشت.

بوٚ وەڵام دانەوەی پرسیارێکی لەو جوٚرە، بوٚ نمونە، ئایا ئەوەی باس کراوە لە ژیانی واقیعدا ڕویداوە یان نا؟ دەتوانین ئەوە بڵێین کە بە پێی ئەو زانیاریە هەنووکەییەی کە لە ڕستەکانەوە هەڵدەهێنجرێ سەبارەت بە قسەکەر و کاتی دەربڕینەکە، وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە ئاسان نیە، تا ئەو کاتەی بە ڕوونی مەبەستی دەربڕینی هەردوو (٣) و (٤) نەزانین، بوٚ نموونە، پێلێنان و بەسەردا ڕوٚیشتن چ خاڵێکی هاوبەش کوٚیان دەکاتەوە، لە فەرهەنگدا چ واتایەکیان بوٚ دانراوە، ئەوانە تەنها هەڵگری واتا فەرهەنگیەکەیانن یان نا؟، کامیان بەشێکە لە کامیان؟، کە کەسێك یان ئاژەڵێك پێی لە شتێ نا واتای بەسەردا ڕوٚیشتنە؟، چ پەیوەندیەکی لوٚجیکی لە نێوان بکەر و ئەو دوو کارەدا بەدی دەکرێ؟، واتە پێلێنان لە سیفاتی ئاژەڵە یان نا؟، ئەوانە و چەند شتێکی تر دەبێ

له کێڵگەی سیمانتیکدا له بەر چاو بگیرێن.

کەواته دەبێ سیمانتیك وەك پێکهێنەرێکی ڕێزمان ڕەفتاری له گەڵدا بکرێت، بۆ نموونه، دەبێ وەك ناوەرۆك یان بابەتێك بۆ باسکردنی ڕووداو، کەس و شتەکان له دونیای واقیعدا بەکار بهێنرێ. دیاره، بێ لەبەر چاوگرتنی ڕۆڵی سیمانتیکی بڕیاری واتای ژێرخانی که له ئەنجامی تێکەڵبوون و تێکچڕژانی واتـای کەرەسـتەکانی ڕسـته بەرزدەبێتـەوە، نایەتـەدی. هـەر لەبـەر ئەوەیـه سـیمانتیك تەرخانه بۆ لێکۆڵینەوه له پەیوەندی نێوان وشه (وەك هێماکەر) و هێما بۆکراو (وەك ئەو شتەی لـه واقیعدا باسی لێوه دەکرێ)، بێ ئەوەی ئاوڕ لـه تێڕوانینی کەسـی، واتـه پەیوەنـدی نێـوان وشـەو قسەکەر که وەك ئەرکی پراکماتیك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، بداتەوە.

## 1.3 مەرجی ڕاستیەکان لەزماندا.

### 1.3.1 تێڕوانینێکی مێژوویی

پێشتر تێڕوانینەکان بۆ ژیان زیاتر له نێوان دوو قوتابخانەی وەك ئەزموونیـەتی Empiricisim و هۆشمەندێتی Rationalism دا قەتیس مابوون، ڕێبـازی یەکەم که بناغـەی خـۆی لەسـەر پشت بەسـتن بـه تاقیکردنـەوه و سـەرنجی کەسـەکان بـۆ ڕووداو و شـتەکان لـه ژیـانی واقیعـدا دانـابوو، باوەڕیـان وابـوو کـه زانیـاری لـه دوو ڕێگـەوه دەتـوانرێ بـه دەسـت بهێنـرێ، بۆ نموونـه، پسـپۆڕی experience واتـه کەسـەکان زانیارییـەکانی خۆیـان لـەو ڕووداو و بەسـەرهاتانه وەردەگـرن کـه خۆیان تیایدا هاوبەشن و تاقی کردنەوەیان له سەری هەیـه و هەست پێکردن Perception، واتـه ڕێگەیـەك کـه بـه هۆیـەوه کەسـەکان گرنگـی بـه ڕوودا و شـتەکان دەدەن و وەك سـەرەنجام بـۆ سەرنجەکانیان بۆ ئەو شت و زانیارییانەی له ژیانی ڕۆژانەیاندا هەستی پێدەکەن و دەی زانن که چۆنه یان له چی دەکات مامەڵـەی لەگەڵدا دەکـەن و بـەکاری دەهێنن، ڕێبـازی دووەم، ئـەو کەسـانه بـوون کـه تێڕوانینـەکانی خۆیـان لـه سـەر بنـەمای زیرەکـی، عاتیفـه و ئایینـەوه دادەمەزرانـد و دەیـانگوت بیر و هـۆش سەرچاوەی زانینـه و دەتـوانرێ بـه چەند ڕێگەیەکـەوه بـه دەست بێت، بۆ نموونه، (١) بیر–mind که خـۆی لـه کردەوەی مێشکیدا دەبینێتـەوە، (٢) زیرەکـی intelect واتـه توانای تێگەیشتن، لێکدانەوەی شتەکان و بیرکردنەوه به شێوەیەکی لێهاتوویی به هۆی مێشکەوە، و (٣) بەڵگه و هۆکار reason، واته بیرکردنه، گفتوگۆ، باسـکردن و لێکدانـەوەی شـتەکان بـه هـۆی مێشکەوه بـه مەبەسـتی گەیـشتن بـه بڕیـارێکی دیـاریکراو سـەبارەت بـه بـارودۆخ و ڕاسـتیەکان، بـه واتایەکی تر، باوەڕیان وابوو که کەسەکان به هـۆی بیرکردنـەوەوه دەتـوانن گرفتـەکان لێکبدەنـەوه و هەموو چارەسەره چاوەڕوانکراوەکان بەدەست بهێنن.

لـه گـەڵ هـەموو ئەوانـەی سـەرەوەدا، ئـەو دوو ڕێبـازه لـه سـەر ئاسـتی خـوارەوه لـه یـەك نزیـك و ناوبەنـد پەیوەنـد بـوون، واتـه کەسـەکان پێویـستیان بـه هـەردوو ڕێبازەکـه دەبـوو تـا کـردەوەی تێگەیشتن، لێکدانەوه و گەشەکردن زیاتر شوێنی شیاوی خۆیان بگرن.

لـه بـواری زمـان و زانـستی زمانـدا، (1981:41) Lyons دوو پرینـسیپڵ وەك نـاوەرۆکی ئـەو

پێشنار و بۆچوونانەی سەرەوە دیاری دەکات:

(١) پڕینسیپڵی سەلماندن The principle of verification ، بە پێی ئەو ڕێبازە هیچ دەربڕینێك وەك دانەیەكی پڕ واتا سەیر ناكرێ تا ئەو كاتەی سەلماندنی لەسەر نەكرێ بە هۆی سەرنج و تێبینی یان ڕێبازێكی زانستی ستانداردەوە. كەواتە سەلماندن وەك پێوەر لەسەر ئەو كەرستانەی لە لایەن سەرنج و تێبینیەكانەوە دابین دەكرێن، مامەڵەی لە گەڵدا دەكرێت.

(٢) پڕینسیپڵی داشكاند The principle of reduction، واتە كەم كردنەوەی بەهای زانستی بابەتێك لە بەردەم زانستێكی تردا، واتە، باوەڕ بوون بەوەی كە هەندێك لەو زانستانە بنەڕەتترن لە هەندێكی تریان، بۆ نموونە، زانستی زیندەوەر زانی biology بنەڕەتی ترە لە زانستی دەروون زانی psychology: بۆ نموونە، ئەگەر گوتمان "دوپشك ترسناكە" ئێمە ئەو زانیاریە بە هۆی پێكهاتەی لەشی ئەو گیانلەبەرەوە فێردەبین، تەنانەت كاتێ كە گوێمان لە ناوی دووپشك دەبێ یەكسەر گریمانەی پێوەدان بە بیرماندا دێت و خۆمانی لێ بە دوور دەگرین، ئەو زانیاریە كە بە هۆی تاقیكردنەوە و پێگەوە ژیان بە دەست دێ لەلای هەمووان، هەمان ڕەنگدانەوە و ئاستی تێگەیشتنی هەیە، لە كاتێكدا دەروون زانی كە بە هۆی سەرنجدان لە ڕەفتاری ئەوانەی دەمانەوێ زانیاریان لە بارەوە كۆبكەینەوە زەحمەت و ئالۆزترە، دەشێ سەرەنجامەكان لە لای هەموان هەمان بایەخ و بە ڕاست وەرنەگیرێن، یان بەلانی كەمەوە لە سەر زۆر لایەن كۆك و تەبا نەبین بۆیە لایەنی ڕاستی كەمترە.

لەم ساڵانەی دواییدا، نرخی هەریەك لەو پڕینسیپڵانە لەبەر دیدی زانایانی پسۆڕدا كەم بۆتەوە، لەبری ئەو ڕێبازانە ڕێبازێكی تری سەردەمی تر وەك پێوەر بۆ پێوانەی ئاستی زانستی هەموو بابەتەكان، بە تایبەت لە بواری زانستی زماندا لە ژێر ناوی مەرجی ڕاستی واتایی (meaning) the truth conditional ، یان بەهای ڕاستی truth value دەربڕین وكەرەستەكانی زماندا سەری هەڵدا، دیاریكردنی ڕاستی و درۆیی دەربڕین یان بابەتێك لەو زانستانە بە هۆی پێوەری مەرجی ڕاستیەوە فرەلایەنە و دەتوانێ هەموو زانستەكان بگرێتەوە، بۆ نموونە، بە هۆی پێوانەی مەرجی ڕاستیەوە كەسەكان دان بە ڕاستی زانستیانەی بابەتێك لەو بابەتانەدا دەنێن كە باسكردن و ڕەفتارەكان لە گەڵ واقیعدا هاوتا بن و بە شێوەیەكی بابەتی دوور لە تێڕوانینی كەسی مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێ، بۆ نموونە،

(١) باپیر قوتابی پۆلی دووی كۆلێجی زمان بەشی كوردییە.

(٢) $H20 = H_2 + O_2$

(٣) هەولێر پایتەختی كوردستانی عێراقە.

بە پێی پێوانەی مەرجی ڕاستی (١)، (٢) و (٣) هەمان بایەخیان هەیە، ئەگەر و تەنها ئەگەر هەموو باسی شتكی دیاریكراو بكەن وەك ئەوەی لە واقیعدا هەیە، بۆ نموونە، (١) ڕاستە ئەگەر و تەنها ئەگەر لە واقیعدا كەسێك بە ناوی باپیر، كۆلیجێك بە ناوی كۆلیجی زمان و بەشێك بە ناوی بەشی كوردییەوە لە واقیعدا هەبن، ئەگەر نا هەڵە و نازانستیە. (٢) باسی واقیعێك دەكات كە دەشێ ئەگەر

لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا دوو کەرەستە بە ئەندازەیەکی دیاریکراو تێکەڵ بکرێن و کەرەستەیەکی تر بە دەست بهێنرێ کە دەشێ تایبەتێتی هەردوو کەرەستەکانی پێش تێکەڵ کردن بگرێتە خۆی، دیارە هەمان مامەڵە لەگەڵ (٣)یشدا دەکرێت، کەواتە زانستی زمانیش وەك زانستەکانی تر زانستە، ڕاستی و درۆیی هەریەکەیان بەندە لەسەر ئەوەی ئایا ناوەڕۆکی باسکراو لە گەڵ واقیعدا یەکانگیر دەبێ یان نا؟.

## 1.3.2جۆرەکانی ڕاستی

(Saeed: (2003:94 باوەڕی وایە کە چەند جۆر لە ڕاستی دەتوانرێ جیابکرێنەوە، لەوانە ڕاستیەك کە دەشێ لە ڕێگەی سەرنجدان، وردبینی و لێکۆڵینەوەی زیاترەوە بە دەست بێت. لەو بارانەدا دەبێ ئەو پرسیارە بکرێ کە قسەکەرکان چۆن دەتوانن واتای پێکهاتەیەك تێ بگەن وەك ئەوەی کە دەبێ ڕاست بێ یان درۆ. بۆیە بە مەبەستی وەڵام دانەوەی پرسیارێکی لەو جۆرە دەبێ لە واتا و ڕەفتاری وشەکان ورد بینەوە. لە سەرەتای ئەو ڕێبازانەدا زانایان و فەیلەسوفەکان گرنگیان بە دیاریکرنی ئەو جۆرە ڕاستی و هەقیقەتانە داوە لە بواری تیۆری و لێکۆڵینەوەی سەرچاوە و سروشت و شێواز و سنوری زانست یان زانین–epistemology ەوە. لەو بارانەدا سەرنجی زاناکان لەوەدا کورت دەبێتەوە و وەڵامێك بۆ پرسیارەکەی سەرەوە گەڵاڵە دەکەن ئەوەیە کە "قسەکەرەکان چی دەزانن، یا بە واتایەکی تر قسەکەرەکان پێویستیان بە چ زانیاریەك هەیە تا ڕاستی لە نا–ڕاستیەکان جیا بکەنەوە.

لە لایەکی ترەوە زانایانی زمان بە وێنە Leibniz جیاوازی لە نێوان دوو دیاردەدا دەکات: (١) ڕاستی بە زەرورەت–necessary truth، ئەو جۆرە زانیاریەیە کە ناتوانرێ نکولی لێ بکرێت بە بێ هێزی هاودژی واتای بەرانبەری، بۆ نمونە، لە بواری ماتماتیکدا، هەموو وتووێژەکان لە ڕوانگەی لۆجیك و ڕاستیەوە بیناکراون، بۆ نمونە، ٤–٤= ٠، (٢) ڕاستی مەرجی یا بە ڕێکەوت–contingent truths کە پشت بە هەندێ شتی تر دەبەستێ کە دەشێ ڕوبدات یان نا. دەتوانرێ بەدرۆ بخرێتەوە بە یارمەتی هەقیقەتەکان کە لە پەیوەندی پێکهێنەرەکانی دەبڕینێك لە چوارچێوەی دەقێکی تایبەتدا دیاریدەکرێن، بۆ نمونە، "ئاسك لە کوردستان لە ناو چوون"، ئەوە دیاردەیەکە زۆر جاران قسەکەرەکان ئەوە دوو بارەدەکەنەوە و تاڕادەیەك ڕاست و هەندێ جاریش شێوەی کینایە لە کەمی ئەو گیانلەبەرە لە کورستان بۆ ڕادەیەکی زۆر بەکار دەهێنرێت، بەڵام ئەگەر کەسێك یەك لەو گیانلەبەرەی دی لە شوێنێکی دیاریکراو وا واتای ئەوەیە کە ئاسك هەر ماوە، پاشان زانیاریەکە بە تاڵ دەبێتەوە و بە درۆ دەردەچێت. ڕاستی (١) بەوە لە (٢) جیادەکرێتەوە کە بەزەحمەت دەتوانرێ بە درۆ بخرێتەوە، بەو جۆرە ڕستەیەکی وەك "باپیر لەماڵەوەیە یان لە دوکان" وەك بەزەروەت ڕاست–necessary truth و "باپیر مامۆستای زمانی کوردییە، بەڵام خۆشبەختانە فەڕاشە لە ناڵی سەرەتای" وەك بە زەرورەت–درۆ–necessary false، سەیر دەکرێت.

Saeed (2004) باوەڕی وایە ئەو ڕستانەی کە تیایانا واتا دووبارە دەبێتەوە tautologies، بۆ نموونە، "دایکم دایکمە" ئەوانە وەك بنیاتێکی "شیتەڵی–analytic" و ئەو ڕستانەش وەك "دایکم

**ماموٚستایە" پێکهێنانی–synthetic سەیر دەکرێن، و باوەڕی وایە کە ئاخاوتنە شیتەڵییەکان ئەوانەن کە تیایدا هەقیقەت لە پەیوەندی واتایی meaning relations لە چوارچێوەی ڕستەکەدا سەرچاوەی خوٚی هەڵدەگرێت بەبێ گوێدانە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان وشەکاندا. لەکاتێکدا ڕاستی پێکهێنانی–synthetically truth ئاخاوتنێکی ڕاستە چونکە ڕێك دەکەوێت لە گەڵ هەقیقەتی دونیاییدا. بەوجوٚرە نووسەر سێ هەقیقەتی پەیوەندیدار بەیەکەوە لە یەك جیادەکاتەوە: لە نێوان (١) بەرینە و دواینە، (٢) زەروری و مەرجدار واتە بە ڕێکەوت، و (٣) شیتەڵی و پێکهێنەری. گەرچی ئەو سێ جوٚرە لەیەك نزیکن بەلام بە تەواوی وەك یەك نین. سەبارەت بە یەکەمیان(1980) Kripke باوەڕی وایە کە بەشێك لە جیاوازی لە نێوان ئەو بەشانەدا سەرچاوەی خوٚی لە گرنگی پێدانی لێکوٚڵەرەوە هەڵ دەگرێت. جیاوازی لە نێوان بەری و پاشینە (واتە زانیاریەك کە پێش دەمی قسەکرن و ئەوی تر لەکاتی قسەکردن و دواتردا) جیاوازییەکی زانیارییە: ئەم بەشە گرنگی دەدات بە زانیاری قسەکەر کاتێ قسەکەر زیرەکانە سود لە هەردوو زانیاریەکانی کوٚن و نوێ وەردەگرێ و لە خزمەتی گریمانە و بە دەست هێنانی سەرەنجامەکاندا بەکاری دەهێنێ: دووەمیان، واتە جیاوازی لە نێوان زەروری و مەرجدار (بە ڕێکەوت)دا جیاوازیەکی ماتماتیکییە کە تیایدا قسەکەرەکان بەشێوەیەکی فەلسەفی پرسیار لە بارەی سروشتی ڕاستی–reality یەوە دەکەن. هەر لە بەر ئەوەیە قسەکەرەکان گریمانەی ئەوە دەکەن کە ئەوە سروشتی واقیعەکەیە کە دڵنیامان دەکات لە وەی کە ڕستەیەکی وەك یەك + یەك = دەکاتە دوو و باوەڕ دەکەین کە بە زەرورەت ڕاستە. لە کوٚتاییدا، جیاوازی لە نێوان شیتەڵی و پێکهێنی جیاوازییەکی سیمانتیکییە چونکە دووەمیان پشت بە لێکدانەوەی لوٚجیکی نابەستێت بەڵکو بە تاقیکردنەوە و پەیوەندی بە واقیعەوە، بوٚ نموونە، زەوی بە دەوری ڕوٚژدا دەسوڕێتەوە. بە پێچەوانەوە ڕستەکانی شیتەڵی ڕاستن، و ئەو ڕاستیەش دەگەڕێتەوە بوٚ واتای وشەکان کە لەو ڕستانەدا بەکار دەهێنرێن. بوٚ نموونە، واتای کار لە بەشی کاریدا بە ڕێگەیەك لە ڕێگەکان واتای بکەریش لە خوٚ دەگرێت. بوٚ نمونە، دایکم دایکمە و باوکم باوکە. فەیلەسووفی بەناوبانگ ( Kripke 1980) باوەڕی وایە کە ئەو زاراوەیە بە شێوەیەکی ورد هەمان پوٚل لەو ئاخاوتنانەی دیاری نەکردووە. بوٚ نمونە، ئاخاوتنەکە دەشێ بە زەرورەت ڕاست بێت بەڵام لە هەمان کاتدا ڕاستییەکی بەرینی نەبێت.**

**(١) بەڕازیل کاسی جامی جیهانی دەباتەوە یان (بەڕازیل) جامی جیهانی ناباتەوە.**

**(٢) هەموو ئەو تیمانەی بردیانەوە تیمن.**

**بەلای نوسەرەوە ڕستەکانی وەك (١) و (٢) زوٚر گرنگن لە بواری گەشەکردنی لوٚجیکدا. ئەوەش دەگەڕێتەوە بوٚ ئەوەی کە ڕاستی ڕستەکان هەر لە ڕوانگەی فوٚڕمی لوٚجیکیانەوە پێشبینی دەکرێن. ئەوەش دەتوانرێ بە هوٚی پیشاندانی فوٚڕمی لوٚجیکی ڕستەکانی سەرەوە بە ڕوونی و ئاشکرایی پیشان بدرێت:**

**(٣) یان p یان p- نا.** Either p or not -p ---

ڕستەی (٣) ڕاستە بە هۆی ئەوەوە کە دەتوانرێ هەر دوو کار و بکەر بە وشە جێگیر بکرێن:

(4) هەموو ئاژەڵەکان کە شیر دەدەن ئاژەڵن.

لە ڕاستیدا، لێکۆڵینەوە لە ڕستەگەلێکی وەك (4) دا کە ئامرازە دیاری کەرەکانی وەك "هەموو-all-، هەرچی–every، هەریەکێ–each، یەکێ ...لە، دەبنە هۆی ئەوەی جۆرێك لە لۆجیك–ژێربێژی دیاری بکرێت کە Saeed: (2003:97) پێی دەڵێت لۆجیکی کاری–predicate logic .

## 1.3.3 مەرجی ڕاستی دەربڕینەکان.

بە شێوەیەکی ئاسایی، لەو بارانەدا کە دەبێ پرینسیپەکانی مەرجی ڕاستی لە بەر چاو بگیرێن، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە هەر دوو دیاردەکانی گریمانەکاری و واگەیاندن چوونیەك نین، بۆ نموونە، بە پێچەوانەی "وا گەیاندن" ەوە کە وەك سەرەنجامی پەیوەندی سیمانتیکی لە نێوان دوو ڕستەدا مامەڵەدەکرێ، گریمانەکاری پێشەکی کەمتر ملکەچی باسکرنی ئەو بنەمایانە دەبێ کە لە سەر باسکردنی بنیاتی–ڕاستی ڕوداوەکان لە دونیای واقیعدا پێکهاتبن. هەر لەبەر ئەوەیە دیاردەی گریمانەکاری بەلای زوربەی زۆری زمانەوانەکانەوە دیاردەیەکی پڕاگماتیکییە زیاتر لەوەی دیاریدەیەکی سیمانتیکی بێ. لە بەر ڕۆشنایی ئەو تێڕوانینانەدا کاتێ گوێبیستی ڕستەیەك دەبین، یەکسەر بە شوێن مەبەستەکانی قسەکەردا دەگەڕێین تا گریمانەیەکی گونجاوی ڕووداوەکان لە بەرچاو بگرین، بەو جۆرە هەمیشە بیرمان بەلای جیهانێکدا دەچێت کە لە گەڵ بیروبۆچوون و تێڕوانینە کولتوورییەکان بە ئیزافەی واتا فەرهەنگییەکانیشەوە هاوتان دەبن، بەڵام لە بواری واگەیاندندا ئێمە زۆر کەمتر گوێ بە تێڕوانینەکانی قسەکەر دەدەین بەڵکو زیاتر مل کەچی واتای فەرهەنگی دەربڕینەکان دەبین و بە شوێن ئەو پەیوەندیە لۆجیکییانەدا دەگەڕێین کە واتای وشەو واقیع بە شێوەیەکی توند و تۆڵ بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بۆیە هەمیشە دەبێ خەیاڵمان بۆ لای ئەو جیهانە واقیعیەدا بچێ کە هاوتایە بەو بارووداۆخ و ڕوداوانەی دەربڕینەکان لێوەی دەدوێن.

لە ژیانی ڕۆژانەدا زۆر جار کەسەکان پێشنیاردەکەن، پێشنیارەکانیش لە بەر ڕۆشنایی بیرکردنەوەی کەسەکاندا دێنەدی، وای بۆ دەچن کە ڕووداو و کارەساتەکان بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو مل دەنێن، بۆیە ئەوان پێش ڕووداوەکان بۆ چوونی خۆیان دەبێ، ئەو بۆچوونانە لە بواری "واگەیاندن"دا مل کەچی خودی پەیوەندی سیمانتیکی نێوان هێماکەر و هێمابۆکراو دەبن و دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرەنجامەکان شێوەیەکی بابەتی بەخۆوە بگرن، بۆیە لە بواری واگەیاندندا کەسەکان بە دوای بۆچوون و تێڕوانینی قسەکەرەکاندا ناچن، کەواتە لە زۆر باروزروفدا ناکرێ هەمان لێکدانەوە بە ڕاست وەرگیرێ سەبارەت بە گریمانەی پێشەکی. هەر لەبەر ئەوەیە پیش بینییەکان کە لە لایەن قسەکەرەکانەوە دەخرێنە ڕوو هەموو چون یەك نین، جیاوازی لە نێوان پێشبینیەکاندا سەرچاوەی خۆی لە سەر بنەمای جیاوازی لە نێوان تێڕوانینی کەسەکانەوە هەڵدەهێنجێ، بۆیە زۆر جار دەتوانین ئەوە بڵێین کە پێشبینی A بۆ B هەمان پێشبینی Y نیە بۆ B، ئەوجیازازیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەشێ ئاستی خوێندەواری هەردوو A و B چوونیەك نەبێ، بۆیە ناتوانن وەك یەك مەبەستەکانی قسەکەر لێکبدەنەوە، لە کاتێکدا لە بواری واگەیاندندا

جیاوازی بۆچوونەکانی A و B زۆر تەسك تر دەبێتەوە، بۆ نموونە،

(١) لە بواری واگەیاندندا

(ا) هەنگاوی یەکەم: هەموو قوتابییەکانی پۆلی Y سمێڵیان هەیە.

(ب) هەنگاوی دووەم: باپیر قوتابی پۆلی Y یە.

---

(ج) هەنگاوی سێیەم: کەواتە باپیر سمێڵی هەیە.

(٢) لە بواری گریمانەکاریدا

قسەکەر: کەسێك لە دەرگا دەدات.

گریمانەکان: (ا) پۆلیسە بەشوێن کەسێکدا دەگەڕێ

(ب) فەڕاشەکەیە ئاوی هێناوە.

(ج) سەرۆکی بەشە و خشتەی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ دەگێڕێ.

مەودای بیرکردنەوە لە (ا)دا زۆر تەسك دەبێتەوە تا ئەو ڕادەیەکی کە خوێندنەوەیەکی تر زیاتر لە (ج)ی بۆ کەسەکان نەهێشتۆتەوە، لە (٢)دا لە گەڵ ئەوەشدا کە ژمارەی گریمانەکان دەگاتە (٣) کەچی هێشتا دەشێ گریمانەی تر مابن، واتە گوێگرەکان مەبەستیان نە پێکابێ، بۆ نموونە، دەشێ هیچ کام لەوانەی سەرەوە نەبێ، بەڵکو کەسێك ڕێی لێ تێکچووبێ و داوای یارمەتی بکات، یان یەکێ لە کەسوکاری قوتابیەکان بێت و داوای مۆڵەتی بۆ بکات و هەروەها.

جگە لەو لێکدانەوانانەی سەرەوە، دەبینین کاتێ دەچینە ناو قوڵایی ژیانەوە دەشێ گریمانە و پێشنیاری کەسێکی خوێندەوار و شارەزا هەمان پێشنیاز و گریمانەی کەسێکی کوڵکە خوێندەوار بۆ بابەتێك لە بابەتەکان هەرگیز لەیەك ئاستا نەبن، بە تایبەت کاتێ پەنا دەبرێتە بەر بچووك کردنەوەی دەربڕینەکان و لە ڕووی بناغەی بیرەکانەوە پۆل پۆل دەکرێن ، بۆیە قسەکەرەکان دەشێ خۆیان لە چەندان مەودای هەمە جۆردا ببیننەوە، بۆ نموونە، دەکرێ پێشنیاری ئەوە بکرێ کە لە هەر مەودایەکدا بە هۆی بیرێکی دیاریکراوەوە جۆر و کەسێکی نموونەیی یان بارودۆخێکی نموونەیی دیاری بکرێت. ئەوانە هەموو هۆکارن بۆ دیاریکردنی چەندان دیاردەی زمانی وەك "مەیدان-domain" ئەگەر نا وا کەسەکان بەرەو کردنەوەی سویچی مەجازی و چەندان پلەی جیاواز جیاواز لە بیرکردنەوە کە دەتوانرێ بە هۆیانەوە قسە یان مەبەستی قسەکەرەکان دیاریبکرێن و لێکبدرێنەوە. کەواتە دەبێ ڕادەی ڕۆشنبیری و جۆری لێکۆڵینەوە و بابەتی لێکۆڵینەوەکە لەبەر چاو بگیرێن: بۆ نموونە، کێ؟ سەبارەت بە قسەکەر، کەی؟ سەبارەت بەکاتی ڕووداوەکە، چی؟ سەبارەت بە بابەتی وتووێژ و ڕوداوەکان و لە کوێ؟ سەبارەت بە شوێنی ڕوداوەکە. لێرەوە پوختەی جیاوازییەکە لەوەدا دەردەکەوێ کە "واگەیاندن" پەیوەندیەکانی خۆی لە سەر بنەمای لۆجیکی دادەمەزرێنێ و هەرگیز تێڕوانینی کەسی، واتە لە ژێر کاری گەری لایەنی subjectivity دا نابێ و بە تەواوی دیاردەیەکی بابەتییە دوور لە ئارەزوو و تێڕوانینی کەسی، لە کاتێکدا، گریمانەی پێشەکی کەمتر مل کەچی ئەو لایەنانە دەبێت و ناتوانێ خۆی لە ئارەزو و

تێڕوانینی کەسی بەدوور بگرێت، بۆ نموونە، ڕستەی "ا" گریمانی ڕستەی "ب" دەکات.

(٣) (ا) باپیر بەڵێنی داوە کە لە مەولا هیچی تر هاتووچۆی هاوڕێ خراپەکانی ناکات.

(ب) باپیر ئاسایی هاتوچۆی هاوڕێ خراپەکانی کردووە.

(٤) (ا) مێردەکەی نەسرین مامۆستای زمانی تورکییە.

(ب) نەسرین مێردی هەیە.

(٥) (ا) هەرگیز لە نەخوێندنەوەی نوسینەکانی باپیر پەشێمان نیم.

(ب) کتێبەکەی "باپیر"م نەخوێندوٚتەوە.

(٦) (ا) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی خواروو سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات.

(ب) کوردستانی خوارو پەرلەمانی هەیە.

بە شێوەیەکی گشتی گریمانەکاری هاوشان بە پراگماتیك، بابەتێکی گرنگە لە سیمانتیکدا، ئەو دیاردەیە بەردەوام لە گەشەکردندایە و جێگەی سەرنجی زانایانی زمانە، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە سیمانتیك هاوکاری لە گەڵ واتای نەریت، دەستوری کۆمەڵ و ڕەوشتی باوی گۆمەڵگاکانیشدا دەکات بە تایبەت ئەو لایەن و بابەتانەی کە زۆر ناگۆڕدرێن لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر و گۆڕانکاریان زۆر بەسەردا نایەت. لەکاتێدا پراگماتیك دەیەوێ هاوکاری و مامەڵە لە گەڵ ئەو بابەت و لایەنە کەسی و دەقانەش بکات کە وابەستەن لە ڕووی واتاوە. لە ڕاستیدا، وەك دەردەکەوێ لە زۆر ڕووەوە گریمانەی پێشکات–presupossition لە "واگەیاندن–entailment" دەکات، واتە بە شێوەیەك لە شێوەکان هەردوو لا ناوبەند پەیوەندن. لە کۆتایی ئەم خاڵەدا ئەوەی دەویسترێ جەختی لە سەر بکرێتەوە ئەوەیە کە دیاردەی واگەیاندن کەمتر وابەستەی دەقییە، واتە ئازادە لە کاریگەری دەقەکان، لە کاتێکدا گریمانەکاری زیاتر وابەستەی دەقییە چونکە واتای فەرهەنگی وشەکان لە گەڵ تێڕوانین و مەبەستی قسەکەر زیاتر ناوبەند پەیوەند دەبن و مل کەچی تێڕوانینی کولتوورین بۆ بارودۆخەکان.

**1.3.4** مەرجی ڕاستی لە بواری زماندا وەك مەرجی بەزەروورەتی واگەیاندن مامەڵە دەکرێت.

کاتێ باسی زمان دەکەیت یەکسەر پەیوەندییەکی هەمیشەیی و بەردەوامی نێوان مرۆڤ و دەوروبەرت بە بیردا دێت، هەر بۆیە هەر دوولا بە قسەکەر و زانایانی زمانیشە لە سەر ئەوە کۆکن کە جەوهەر و مەبەستی زمان گۆڕینەوەی زانیاریە سەبارەت بە واقیع. کاتێ کەسەکان لە نێوان خۆیاندا بۆیەکتر دەدوێن دەبێ مل کەچی کۆمەڵێ مەرجی ڕاستی بن، چونکە بێ لە بەرچاو گرتنی ئەومەرجانە گۆڕینەوەی زانیارییەکان بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان بە دەست نایەن، سەبارەت بەو کێشەیە، (Iten 2005:1) لە Strawson (1970:178) باوەڕی وایە کە:

ئەوە ڕاستیەکە کە بە شێوەیەکی ژێرخانی لە لایەن خاوەن تیۆرییەکانی ڕاگەیاندن خۆیانەوە دانی پێدا نراوە کە نزیکەی لە هەموو شتەکاندان، بۆ نموونە، لە ڕستەکاندا پێویستە وایدانێین کە لێرەدا سەنتەرێکی ڕاستەقینە لە چەق و کرۆکی واتادا بوونی

هەیـە کـە لـە بـواری مـەرجی–ڕاسـتیەکان یـان لـە بـواری هەنـدێ بـیر و تیـۆڕوانینی پەیوەندیدارەوە توانای لێکدانەوەی هەیە--.

گرنگی مەرجی ڕاستیەکان کاتێ بە دەردەکەوێت کە قسەکەرەکان دەیانـەوێ ڕستە و دەربڕینـەکان بـەکار بهێـنن تـا هەنـدێ شـت لـە بـارەی دونیـای دەوروبـەرەوە بڵـێن، یـان سـەبارەت بـە بابـەتێك لـە بابەتەکانەوە بدوێن. تاکیدکردنەوە لە سەر ڕاستی یان درۆیەتی، گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونـە، پیـشاندانی جیـاوازی لـە نێـوان دوو دیـاردەدا، بـۆ نموونـە، ئـەوەی قـسەکەر پێـشکەشی دەکات و لێوەی دەدوێ لە گەڵ ئەو دیاردە، بابەت و ڕوداوانەی هەن یان دەبێ بن لە واقیعدا.

زانایانی زمان و فەیلەسووفەکانیش تەنها بەوە ڕازی نـابن کـە بەنـد و دانـەکانی زمـان پـڕ واتـان و بـەس، بـە مـەرجێ واتاکانیـان هاوبەشـی مـەرجی ڕاسـتی نەکـەن لـەو دەربڕینانـەی کـە تیایانـدا ڕوودەدەن، بۆ نموونە، Iten (2005:2) ئەو کێشەیە لە بواری پوەیوەندی لە نێوان زمان و واقیعدا چارەسـەر دەکـات و بـاوەڕی وایـە ئـەو دەربڕینانـەی هاوبەشـی لـە مـەرجی ڕاسـتیدا ناکـەن لـە ژێـر ناونیشانی مەرجی–نا–ڕاستی– non-truth-conditional دا جێگەیان دەبێتـەوە. کەواتـە دەبـێ جەخت لەسەر دوو دیـاردە، یەکـەم، واتـای زمـانی و دووەم، ڕاسـتی بکرێتـەوە. سـەبارەت بـە تاکیـد کردنەوە لەسەر واتای کەرستەکانی زمان کە هاوبەشی مەرجی ڕاستی دەکەن یان نـا، بـا سـەرنج لـە ڕستەیەکی هاوشێوەی Iten (2005:2) بدەین:

لەو دەمەتەقێیەی خوارەوەدا کاتێ نازەنین و کیژان سەبارەت بە باپیر هاوڕێی نازەنین دەدوێن.

کیژان: ئایا (باپیر) زیرەکە سەبارەت بە کڕینێ دیاری جەژنی سەری ساڵ و لە دایك بوونت.

نازەنین: بۆ جەژنی لە دایك بوونی ئـەم دواییـەم گوولـە بـاخێکی بـۆ کڕیبـووم، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە پێم وتبوو رقم لە گوڵە باخە.

بە لای نووسەرەوە دەربڕینەکەی ماری ڕاستە ئەگەر و تـەنها ئەگـەر بـاپیر گوڵەباخەکـەی بـۆ نـازەنین کـڕیبێ (پـێش ئـەوەی) نـازەنین پێـی وتـبێ کـە ڕقـی لـە مێخەکـە. ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە و دەبـێ ئاوڕی لێ بدرێتەوە ئەو ناکۆکیەیە کە لە نێوان دوو پێکهێنەری ڕستەکەی سەرەوەدا هـەن، یەکـەم: کڕینی گوڵەباخ لە لایەن باپیرەوە و دووەم: پێ وتنەکەی نازەنین کە ڕقی لە گوڵەباخـە، لەولاشـەوە، کیـژان بـاوەڕی وایـە (کـە نـازەنین یـش بـاوەڕی وایـە) کـە بـاپیر لـە کـڕینی دیـاری بـۆ هاوڕێکـەی سەرکەوتوو نیە. بە باوەڕی Iten دوو ڕوخسار سەبارەت بەوەی نازەنین مەبەستیەتی لـەو ئاستەدا هـەن و کاریگەرییـەکی واشـیان بـە سـەر مـەرجی ڕاسـتیەکانەوە نیـە. سـەبارەت بـە پێـشنیارێك کـە ناگونجاوەتیەك لە نێوان دوو بارودۆخی باسکراودا هەن و ئەو پێشنیارەی کە وای دەبینی بـاپیر لـە کڕینی دیاریدا باش نیە. ناکۆکیەکان ئەوەن کە یەکەمیان لە ئەنجامی واتای زمـانی  دەربـڕینی "لـە گەڵ ئەوەشدا" بەرز دەبێتـەوە، لـە کاتێکـدا دووەم لـە ئـەنجامی دەمەتەقێیـەکی دەقـی دیاریکراوەوە دێتە بەرهەم کە تیایدا ماری قسەکانی خۆی دەکات.

لـە بـواری مـەرجی ڕاسـتی و نـا–ڕاسـتیدا، Iten (2005:4) دوو پـەیڕەو جیـا دەکاتـەوە، بـۆ نموونـە، پـەیڕەوی بنیـاتی–compositionality و پـەیڕەوی سیمانتیکی سـادەیی– semantic

innocence، سەبارەت بە پەیڕەوی یەکەم ئەوەیە کە واتای ڕستەیەکی ئاڵۆز، بۆ نموونە، فرێز یان ڕستە پێویستە بە تەواوی لە واتای پێکهێنەرەکانیەوە و شێواز و چۆنیەتی بنیاتنانیانەوە وەرگیرابێ. لە کاتێکدا پەیڕەوی دووەم، دەخوازێ کە واتای زمانی بۆ هەر دەربڕینێکی نا-تەم ومژاوی پێویستە بە درێژای دەقەکە وەك خۆی بمێنێتەوە.

لە زماندا مەرجی ڕاستی بایەخی تایبەت و بەرچاوی خۆی هەیە، بۆ نموونە، بە پێی ئەو لێکدانەوانانەی سەرەوە، کاتێ دەڵێی ئەو ڕستەیە ڕاستە، ئەوە واتای ئەوەیە کە ئەو ڕستەیە کاتێ بەکار دەهێنرێت کە ڕاگەیاندنێکی دیاری کراو لە کات و سەردەمێکی دیارکراودا بە ڕاست لە قسەکەرەوە بۆ کەسی بەرانبەر بگەیەنێ. بۆیە کاتێ دەوترێ ڕستەی X ڕستەی Y دەگەیەنێ، واتای ئەوەیە کە واتای دووەمیان بەشێکە لە واتای یەکەم. بۆیە بە زەرورەت دەبێ لە نێوان ڕستەی X و Y دا توخمی پێکهێنەری هاوبەش هەبن، بۆ نموونە، کەی (کاتی دەربڕین)؟،،کێ (قسەکەر)؟ و چی؟ (پەیوەندی لە نێوان پێکهێنەری دەربڕینەکان و ئەو شتەی لە واقیعدا ئاماژەی بۆ دەکرێ)، تا بە ڕوونی ئەوە بسەلمێنی کە یەکەم: ڕستەی (١) لە سەر بنەمای هەقیقەتێکی دیاریکراو و بەرچاو بینا کراوە، کەواتە X بۆ شاییەك پڕدەکاتەوە، واتە زانیاریەك دەگەیەنێ کە دەشێ بۆ بەرانبەر بەسوود بێ و دووەم: واتای X فراوانترە بۆیە واتای Y دەگرێتەوە. ئەو کات دەتوانرێ ڕستەکان لەبەر ڕۆشنایی ڕێزمانی گواستنەوەدا لە شێوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر بگوێزرێنەوە، واتە پرۆسەی تاوتوێکردن لە سەر ئاستی خوارەوە بۆ سەرەوە بە شێوەیکی بابەتی و لۆجیکی بە ئەنجام بگەیەنرێ.

دوو جۆر لە مەرجی-ڕاستی دەتوانرێ دیاری بکرێن، لەو بارەیەوە Wilson (1975:5) باوەڕی وایە کە ئەگەر و تەنها ئەگەر S ، p بگەیەنێت، ئەوسا S دەبێتە مەرجی-ڕاستیەکی بەس بۆ p، و p دەبێتە مەرجی-ڕاستیەکی پێویست بۆ S. ئەگەر و تەنها ئەگەر S هەردوو (وا)بگەیەنێ یان (وا)گەیەنرابێ بە هۆی p وە. پاشان p (هەم) مەرجێکی پێویست و (هەم) مەرجی-ڕاستیەکی بەسە بۆ S و پاڵێوراوە بۆ ئەوەی ببێ بە پارافرێزی تەواوی S. لە بەر ڕۆشنایی پێناسەکەی Wilson ئەوە دیتە بەر چاو کە مەرجی-ڕاستیەکان خۆیان لە خۆیاندا ڕستەن زیاتر لەوەی ڕاگەیاندن بن یان هەم ڕستە و هەم ڕاگەیاندنن، بۆیە، بۆ هەر ڕستەیەك کە دەکەوێتە سنووری وەها پێناسەیەك هاوتا دەبێ بە زنجیرەیەکی دیاریکراو لە ڕاگەیاندن-statement، و ڕاگەیەندنەکان، جیاواز لە ڕستەکان لە ڕووی شێوازی زمان بەکارهێنان و هەست دەربڕینەوە، بێلایەنن.

سەبارەت بە پەیوەندی لە نێوان مەرجی-ڕاستی و واتا (واتا و واگەیاندن)- entailment and meaning) سەرنجی زۆر لە زمانەوانەکانی ڕاکێشاوە، لێرەدا ڕای چەند زمانەوانێك کە لە Wilson (1975:5) ەوە وەرگیراون، پیشاندەدەین، بۆ نموونە،

Wiggins (1971:17) باوەڕی وایە کە:

> ئەگەر ئێمە بە شێوەیەکی سادە بیری "ڕاستی-هەقیقەت" وەر بگرین، وەك ئەوەی زۆر ڕوون و ئاشکرایە ئەوە بۆ مەبەستێکی تایبەت و دیاریکراوە نەك بۆ هەموو مەبەستەکان،

بەڵام بۆ ئەو دانەیان، پاشان دەتوانین بڵێین کە بۆ ڕستەی s ی لە خۆوە(هەڕەمەکی)، بۆ ئەوەی واتای s بزانین دەبێ بزانین لە بەر ڕۆشنایی کام مەرج گەلێك ڕستەی s دەتوانرێ لەبەر چاو بگیرێ وەك ئەوەی ڕاست بێ. بە شێوەیەکی گشتی ئێمە باس لە واتای S ناکەین تا ئەو کاتەی ئەو بارودۆخەی کە تیایدا دەربڕاوە نەزانین-- S هەر وەك چۆن پەیوەندی دەربڕینی بە واقیعێکەوەیە، گرنگی تایبەتی خۆشی هەیە.

دیارە دەبێ پەنجە بۆ ئەو هەقیقەتە ڕابکێشرێ کە تایبەتمەندێتی و ڕاستی-کاری ڕستە و دەربڕینەکان، پێوانەیەکی گونجاو و لەبار پێشگەش دەکەن کە لە دونیا پانوپۆڕەکەی سیمانتیکدا و دەتوانرێ تاقی بکرێنەوە. ئەوەش خۆی لەخۆیدا گرنگی ڕۆڵ و ڕەفتاری کارەکان دیاری دەکات بە بەراورد لە گەڵ ڕۆڵ و ئەرکی باقی پێکهێنەرەکانی تری ڕستە و دەربڕینەکان.

بە شوێن (Wilson (1975:5 دا، دەتوانین مەرجی-ڕاستی ڕستەیەکی وەك (٣) دیاریبکەین، بۆ نمونە،

(١) مام قادر بێوە پیاوە.

زنجیرەیەك لە ڕستەی تری وەك (١٢)، (٢ب) و (٢ج) دەگەیەنێ

(٢) (ا) مام قادر (پیاوێکی) بەتەمەنە.

(ب) مام قادر نێرە.

(ج) مام قادر بێ ژنە.

لەبەر ئەوەی هەموو ڕستەکانی سەرەوە لەبەر ڕۆشنایی یەك هەقیقەتدا بنیات نراون، واتە باسی هەمان هەقیقەت دەکەن و تیایدا هاوبەشن، دەتوانرێ بە یەك ڕستە کە واتای هەرسێ ڕستەکان بگرێتەخۆ، دەربڕێن، بۆ نموونە،

(٣) مام قادر مرۆڤێکی پیری بێ ژن (و ماڵ)-ە.

دەبینی ڕستەی (٣) ئەرکی دەربڕینی مەرجی پێویست و بەس، سەبارەت بە ڕاستی ڕستەکای ( ١٣)،(٣ب) و (٣ت) دەگرێتە ئەستۆ. بە واتایەکی تر ڕستەکان هەموویان هەمان ناوەڕۆك هەڵدەگرن و بۆ یەکتری دەبن بە پارافرێز.

### 1.3.5 مەرجی ڕاستی و نەرێ لە دەربڕینی واگەیاندندا

لە بواری "واتا یان واگەیاندن دا"، کردەوەی نەرێ وەك پێوانەیەك ڕۆڵی پاراستنی "ڕاستی" ڕستەی ژێر لێکۆڵینەوە دەبینێ، تەنانەت لە کاتی جێ گۆڕکێی وشەکانیشدا، بەڵام لێرەدا چەند گرفتێك ڕوودەدەن، گرفتەکانیش لە دوو لایەنەوە سەیر دەکرێن، بۆ نموونە، یەکەم: ئەگەر و تەنها ئەگەر ئەو وشانەی لە دوو ڕستەی هاو شێوەدا بە تەواوی دەبنە هاو واتا بۆ یەکتری، وا دەکات ڕستەکان لە لایەکەوە مەرجی ڕاستی بپارێزن و لە لایەکەی تریشەوە ببنە پارا فریز بۆ یەکتری، دووەم، ئەگەر وشەکان بە تەواوی نەبوونە هاو واتای یەکتری یان بە شێوەیەکی کەرتی ببنە هاو واتا بۆ یەکتر، ئەوسا چالاکانە ناتوانن مەرجی-ڕاستی ئەو بابەتەی لێوەی دەدوێن بپارێزن و

ناشبنە پارافرێز بۆ یەکتری، بۆ نموونە، ئەو دیاردەیە لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی Wilsom) (1975، (Stalnaker 1991) و (Strawson 1970) ئەو دیاردەیە شی دەکەینەوە، بۆ نموونە،

(١) باپیر دڵسۆزترین پیاوە لە گوندەکەماندا. X دڵسۆزترین پیاوە لە گوندەکەماندا.

(٢) باپیر دڵسۆزترین کەسە لە گوندەکەماندا. X دڵسۆزترین کەسە لە گوندەکەماندا.

(٣) باپیر دڵسۆزترین پیاو نییە لە گوندەکەماندا. X دڵسۆزترین پیاو نییە لە گوندەکەماندا.

(٤) باپیر دڵسۆزترین کەس نییە لە گوندەکەماندا. X دڵسۆزترین کەس نییە لە گوندەکەماندا.

ئەگەر بە وردی لە ڕۆڵی سیمانتیکی وشەی "پیاو" (کە توخمی بەشێك لە نێرینەی مرۆڤ دەگرێتەوە) ورد بینەوە، دەبینین کە ناتوانین وەك هاو واتای تەواوی وشەی "کەس" مامەڵەی لە گەڵدا بکەین، پیاو لە کولتوری کوردیدا بە کەسێك دەگوترێ کە مەرحەلەی گەنجێتی تێپەڕاندبێ و هاوسەرگیری کردبێ، لە کاتێکدا وشەی کەس کە بەرانبەر بە وشەی "person"ی ئینگلیزی دەوەستێتەوە مەرج نیە ئەو تایبەتیانە لە خۆ بگرێ، بە چاو پۆشین لەوەی کە هەر دوو وشەی "کەس" و "پیاو" بە مەبەستی ئاماژەکردن بۆ توخمی مرۆڤ بە کار دەهێنرێن، واتای وشەی کەس فراوانە و دەکرێ وەك ئاماژەکەر بۆ توخمی منداڵ، ژن، کوڕ، کچ، پیاو، گەنج و پیر بەکار بهێنرێت، کەواتە ناشێ هەر دوو لا لە ڕوی پلەی کۆمەلایەتی و بیولۆجیەوە هەمان لێکدانەوە هەڵ بگرن، بۆیە ئەگەر لە (١)دا وشەی "باپیر" بگۆڕین بە X، ئەوسا بە هۆی وشەی "پیاو"ەوە پێشبینی ئەوە دەکرێ کە "X" خوێندنەوەی نێرینە هەڵبگرێ، لە کاتێکدا ناتوانرێ هەمان شت سەبارەت بە (٢) بگوترێ، چونکە ئەو کات "کەس" لە کوردیدا دوو خوێندنەوە هەڵدەگرێ، بۆ نموونە، هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ دەگرێتەوە، بۆیە (١) ناتوانێ (٢) بگەیەنێ، چونگە هاو واتای کەرتی یەکترین، دیارە ڕستەکانی تریش هەمان لێکدانەوە هەڵدەگرن.

بە پێی Crystal (1991:221) نموونەکانی سەرەوە دەتوانن سێ زانیاری بگەیەنن (١) زانیاریەك سەبارەت بەو کەسانەی کە دەکرێ وەك سەرچاوەی دەمەتەقێ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ، (٢) ژمارەیەکی لە خۆوە لە واقیعی جووت-ڕستەکان، و (٣) ئاماژەکردن و درێژکردنەوەی بەهاکان لە هەردوو دونیای-جووت-کاتی بۆ بەندە فەرهەنگیەکان لە زماندا دەگەڕێنەوە.

### 1.3.6مەرجی-ڕاستی لە دیدی زانایانی زمانەوە

هەموو زانایانی زمان سەبارەت بە سیمانتیکی مەرجی ڕاستی هاوڕانین، ناکۆکیەکان لە سەر ئەو بنەمایەوە بەرزدەبنەوە کە دەبێ بە زەرورەت کۆمەڵێك یاسا هەبن کە بە هۆیانەوە ڕستەکان لە گەڵ دەستەیەك لە مەرج، ڕاستی هاوتا دەبنەوە، دیارە، بە بێ ئەو یاسایانە کارێکی زەحمەتە بتوانرێ ژمارەیەکی بێ سنوور لە ڕستە لە بەر چاو بگیرێن و مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. گرنگترین ئەو

ناکۆکیانەی کە لەو بوارەدا سەرهەڵدەدەن ئەمانەن:

(١) ناڕەزایی بیردۆزەیی Theoretical objections، بە پێی ئەو بیردۆزەیە، بەرنامەی مەرجی-ڕاستی زۆر سادەیە، بە واتای ئەوەی کە ڕاستی-مەرجی-ڕاستی خۆی لە گرفتە دیار و بڵاوەکان لادەدا بە تایبەت ئەوانەی کە هاوبەشی دیاریکردنی واتا دەکەن.

(٢) ناڕەزاییەکی تری بیردۆزەیی سەبارەت بە بەرنامەی مەرجی-ڕاستی ئەوەیە کە بیری واگەیاندن و مەرجی-ڕاستیەکان زۆر فراوانن لە بواری سیمانتیکیدا. بۆ نموونە، با سەرنج لە (١) و (٢) بدەین کە وەرگێڕانی ڕستەکانی Wilson (1975:7) -ن،

(١) ئاسن بە گەرمی درێژدەکرێتەوە، و من ئێستا ئاسن گەرم دەکەم.

(٢) ئاسن درێژ دەکرێتەوە.

بە تێڕوانینێکی ڕووکەشی ئەوە دەردەکەوێت کە (١) ڕستەی (٢) دەگەیەنێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەقیقەتەی کە بە شێوەیەکی سروشتی وەك بابەتێکی زانیاری سیمانتیکی، کەسەکان دەتوانن (٢) لە (١) ەوە هەڵێنجن، یان وا بیر بکەنەوە کە (٢) بەشێکە لە واتای (١).

(٣) دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگیرێت کە لە گەڵ ئەوەشدا "واتا" دەشێ وەك سەرچاوە بۆ بابەتێکی بنجی کە وەك هاوتا لە گەڵ ڕاستی لە جهانی (دەوروبەر)دا سەیر بکرێت. دەتوانرێ ئەوە بگوترێ کە دەشێ ئەوە بە شێوەیەکی سروشتی تەنها وەك نموونەیەکی میسالی لە زماندا وەربگیرێت ، دەنا لە زماندا ڕستەگەلێکی زۆر دەبینرێن کە مل کەچی ڕێبازی نیشانەکردن denotation approachنابن، بۆیە لەو بارانەدا بە ناچاری دەبێ پەنابرێتە بەر لێکدانەوە و شیکردنەوەی بیری. کەواتە، هەرکات ڕێبازی هێمابۆکردن (وەك پەیوەندی لە نێوان وشە و واقیع) لە ئارادا نەبوو، وا پەنا بۆ لێکدانەوەی بیری دەبرێ.

(٤) بەلای زانایانی زمانەوە، بۆ نموونە، (Iten 2005 and Wilson 1975) تیۆریەکە بەگشتیکردن-generalization یان بە نموونەیی کردنێکە لەبەر چەند هۆکارێك: مەرجەکانی ڕاستی-truth conditional ڕستەکان دەشێ ئەوە بسەلمێنن کە تا ڕادەیەکی زۆر بێسودن کاتێ واتای قسەکەر جیاواز بێت لە واتای ڕستەکە، بە واتایەکی تر مەرجی ڕاستی زیاتر مامەڵە لە گەڵ واتا فەرهەنگیەکاندا دەکات وەك لە واتای ژێرخانی، دیارە، هەدەف تیۆری سیمانتیکی دیاریکردنی واتای ڕستەیە بە مەبەستی فراوانکردنی بۆ ئەو دەقەی کە ڕستەکە پێوەی پەیوەستە تا بزانرێ "چی گوتراوە و لە لایەن کێوە".

(٥) ڕستەکان لە ڕووی واتاوە چوونیەك نین، هەیانە پڕواتا و هەشیانە ئەو مەرجە بەخۆوە ناگرێ، بۆیە ئەو ڕستانەی پڕواتانین ڕێگە بە دیاریکردنی مەرجی ڕاستیەکانیان نادەن. کەم و کوڕی لە واتای ڕستەکان وا لە کەسەکان دەکات پەنا بەرنە بەر کردنەوەی سویچی هەڵهێنانی واتای دەقی، کە مەبەست و ئارەزووەکانی قسەکەریش دەگرێتەخۆ، بە شێوەیەکی گشتی، سیمانتیك سەرچاوەی خۆی لە سەرچاوەی جیاجیاوە هەڵگرتووە، ئەوە وادەکات کە ڕێگە بە زانیاری پڕاگماتیکی کە کردەوەی گریمانەکاری و تێڕوانینەکانی قسەکەریش دەگرێتەخۆ بدا تا بچێتە ناو

لێکدانەوەی ڕستەکەوە، دیارە، لە هەموو بارەکاندا قسەکانی قسەکەر دەشێ ڕاست یان درۆ بن.

(٦) Wilson باوەڕی وایە کە لە زماندا زۆر دیاردەی سیمانتکی هەن دەکەونە دواوەی مەودای باسکردنی مەرجی-ڕاستیەکانەوە، بۆ نموونە، ڕستە نا-هەواڵییەکان، هەروەها ڕستە فەرمانی و پرسیارییەکان بە تەواوی پڕواتان، بەڵام توانای ئەوەیان نیە کە ڕاست یان درۆبن، لە گەڵ ئەوەشدا کە لە یەکەم بینیندا چاوەڕوانی سیمانتیکی مەرجی-ڕاستیان لێدەکرێ، ئەو گرفتە لە لای زۆر لە زانایانی تریش هەستی پێکراوە بەڵام بێ چارەسەر، بۆ نموونە، Ruth Kempson باوەڕی وایە چارە هەر ئەوەیە کە ڕستە پرسیاری و فەرمانییەکان هەموو ئەوانەی هەواڵی نین مامەڵە بکرێن وەك ئەوەی توانای ئەوەیان هەبێ کە ڕاست یان درۆبن. لە بەر ڕۆشنایی ئەو لێکدانەوانانە، با سەرنج لەو ڕستانەی خوارەوە بدەین:

(٣) سەیری ئەو کچە جوانە بکە.

(٤) داوات لێدەکەم کە سەیری ئەو کچەجوانە بکەیت.

(٥) دووبارە دەتەوێ هەمان کێشە بۆ کەس و کارت دروست بکەیتەوە؟

(٦) داوات لێ دەکەم پێم بڵێ دەتەوێ هەمدیسان گێر و گرفت بۆ کەس و کارت دروست بکەیت.

(٣) و (٤) ئاسایی دەتوانن وەسفی بار و دۆخەکان بکەن، هەروەها (٥) و (٦) یش. بەڵام دەکرێ ئەوە بگوترێ کە دەشێ (٥) و (٦) توانای لە خۆگرتنی بەهای-ڕاستییان نەبێ. بە باوەڕی Wilson چەند هۆکارێك پاڵپشتی ئەو ڕایە دەکەن، بۆ نموونە، ڕستە پرسیاری و فەرمانییەکان هەر وەك چۆن هەواڵییەکان دەتوانن سیمانتیکی مەرجی ڕاستی لە خۆبگرن و گرفتێکی بەرچاویش نەبینرێ. لەکاتێکدا باوەڕەکان لە سەر ئەوەن کە ڕستەی (کارە) ئیدائیەکان(جێبەجێکردن)-performative verbs[1] تا ئێستاش لەو دیو مەودای سیمانتیکی مەرجی-ڕاستیەکانەوەن. بۆ نموونە،

[1] ئەم زاراوەیە کە لە لایەن فەیلەسەڤ گەورە Austion ەوە بەکار هاتووە و لەم سەردەمەدا لە بواری سیمانتیك و ڕێزمایشدا لە لایان زمانەوانانەوە بەکار دەهێنرێت بە مەبەستی ئاماژەکردن بۆ ئەو ڕستانەی کە کردەوەیەکیان تیادا جێبەجێ دەکرێ و بە هۆی قسەکەرەوە دەردەبڕدرێت.

زانایانی زمان جیاوازی لە نێوان دەربڕینی بە ئەنجام گەیاندن، واتە پێکهێنان performnice utterance و دەربڕینی بەردەوامی و هەمیشەی-constative utterance بەوەدا دەکەن کە یەکەمیان تەعبیرە لە کردەوەی چالاکی، بۆیە ناتوارێ لە بواری بەهای-ڕاستیەکانەوە لێکبدرێتەوە، بەڵام دەربڕینی بەردەوامی دەتوانرێ لە بواری بەهای-ڕاستیەکانەوە لێکبدرێنەوە. ئەو کارانەی تەعبیر لە کردەوە یان چالاکی دەکەنەوە، بۆ نموونە، داوای لێبوردن کردن و ئەوانی تریش، لە بواری تیوری کردەوەی قسەکردندا بەهایەکی تایبەتیان هەیە، چونکە بە ڕێگەیەك لە ڕێگەکان نیشانەی -illocutionary force دەکەن کە هەموو دەربڕینەکانی وەك "بەڵێندان، فەرمانکردن، گرتن و ناولینان و .. دەگرێتە خۆی، Austen، illocutionary act (کە بریتیە لەو کردەوەیەی لە ئەنجامی دەربڕینی هەندێ شتا بنیات دەنرێ)، لە illocutionary saying جیادەکاتەوە، لە یەکەمیاندا قسەکەر چالاکیەك دەنوێنێ، بۆ نموونە، بەڵێن دەدات، یان ناوی شتێ دەنێت، لە کاتێکدا لە دووەمیاندا قسەکەر شتێ دەڵێ تا کار بکاتە سەر بەرانبەرەکەی و بە کارێ یان کردەوەیەك هەڵسێ.

(٧) (من) داوای لێبووردن دەكەم.

(٨) (من) ناوت (لیٚ) دەنێم قادر.

(٩) (من) بە لێن دەدەم.

(٧) Iten (2005:88) ئەو بیر و ڕایانە بە ڕاست دادەنیٚ كە باوەڕیان وایە و بە كارێكی چاوەڕوانكراو و گونجاوی دەزانن كە بتوانریٚ واتای زمانی، دەمەتەقیٚ و وتووێژی نێوان كەسەكان بە باشی لەبەر چاو بگیریٚ بەبیٚ ئەوەی بگەڕێینەوە بوٚ بوٚمەرجی ڕاستییەكان، چونكە لێرەدا بەڵگەیەكی بەرچاو نابینیٚ وەك مەرجی ڕاستی ڕستەكان، ئەمە وادەكات كە دەربڕینەكان لە دەقەكاندا چاوەڕوان دەكریٚ وەك هەڵگری مەرجی ڕاستیەكان لەبەر چاو بگیرێن. بەواتایەكی تر ئەو پێشنیارانەی بە هوٚی دەربڕینی ڕستەكان لە دەقەكاندا دەردەبڕدرێن وەك هەڵگری مەرجی ڕاستی و بەهای ڕاستی سەیر بكرێن. هەروەها بە كارێكی گونجاوی دەزانیٚ كە پشت بە هەست و زانیارییە سروشتیەكانمان ببەستین كاتیٚ باس دێتە سەر ئەوەی كە دەبیٚ مەرجی ڕاستی دەربڕینێكی دیاریكراو چوٚن بیٚ. دیارە دەبیٚ ئەوەش لە بەر چاو بگیریٚ كە لە زوٚر باروزروفدا قسەپێكەرانی زمانی سروشتی زوٚر زیاتر لە زمانەكەی خوٚیان دەزانن وەك لەو كوٚمەڵە مەرجانەی بوٚ ڕستەیەكی دیاریكراو دادەنرێت  تا هاوتا بیٚ بە بارودوٚخی باسكراو.

### 1.4 مەرجی بە زەرورەت و مەرجی بەس Necessary and sufficient condition

لە پرٚوٚسەی گریمانەكاری، پێشنیار و واگەیاندندا، ئەوەی لەو ڕێبازە باو و تەقلیدیانەی سەبارەت بە وەسف كردنی بیر و دیاریكردنیان لە لایەن قسەكەر و گوێگرەوە گرنگی پێدەدریٚ و بەهای تایبەتی خوٚی هەیە هەبوونی دەستەیەك لە مەرج گەلێكن كە دەكریٚ بە سەر دوو دەستەدا دابەش بن، یەكەم: مەرجە بە زەروریەكان و دووەم: ئەو مەرجانەی كە بەسن، واتە كافین تا قەناعەت بێنین كە گریمانە و سەرەنجامەكانمان بە شێوەیەكی لوٚجیكی بەدەست هاتوون و مەرجی ڕاستیەكان لەخوٚدەگرن، بوٚ نموونە، كاتیٚ باس لە چوٚلەكە دەكریٚ، قسەكەرەكان لە پێشەوە بیری چوٚلەكە لە مێشكیاندا هەیە پێش ئەوەی وشەی چوٚلەكە وەك فوٚرم بزانن و بیهێننە بەرچاو یان بەكاری بهێنن، بوٚیە یادكردنەوەی چوٚلەكە یەكسەر ئەو مەرجانەت بەخەیاڵدا دێنی كە زەرورین تا بوونەوەرێك لە ڕەگەزی چوٚلەكە لە بیری خوٚتدا دانیٚی، پێشنیاز یان گریمانەی فڕین وەك مەرجی سەرەكی و زەروری لە نێو مەرجەكانی تردا مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت، كەواتە بوٚ توخمی بنەڕەتی ئەو گرووپەی كە لە هەموو سیفەتێكی گشتی و تایبەتیدا هاوبەشن، دەبیٚ بفڕن یان بەلانی كەمەوە باڵیان هەبیٚ، ئەوە جگە لە مەرج گەلێی تری وەك، هەبوونی دوو قاچ، دەنووك، شێوەی لەش، پەڕ، و دەبیٚ هێلكەش بكات و بەوانەش هەمووی دەگوتریٚ مەرجی زەروری .

بە پێی لێكدانەوەكانی سەرەوە هەر دیاردەیەك لە زماندا دەبیٚ دەستەیەك لە سیفاتی تایبەت بەخوٚی لە خوٚبگریٚ تا بە هوٚیانەوە لە دیاردەیەكی تری زمان هەڵاوێردریٚ و بوٚشاییەك لە زمانەكەدا پڕ بكاتەوە، بوٚ نموونە، لەگەڵ ئەوەی دیاردەكانی پێشنیاز، گریمانە و واگەیاندن لە

چەندان سەرەوە ناوبەند پەیوەندن بەڵام هەریەکەو هەندێ تایبەتی خۆی هەیە. بەو جۆرە دەتوانرێ بۆچونەکان ئەو شێوە لۆجیکیانەی لای خوارەوە وەربگرن ، بۆ نموونە،

X چۆلەکەیە ئەگەر و تەنها ئەگەر y .

کاتێ y نوێنەرایەتی دەستەیەك لە تایبەتمەندێتی و سیفاتی زەروری دەکات، بۆ نموونە،

y فڕین،

y هێلکە کردن.

y هەبوونی باڵ.

ÿ هێلانەکردن

y دوو قاچ و پەڕ ...

دواتر گرفتێك، بە تایبەت لە بواری زماندا لە نێوان قسەکەرەکاندا سەر هەڵدەدا، بۆ نموونە، ئەوەش خۆی لە وەڵامی پرسیارێکی وەك ئەوەی "دەبێ کەسەکان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا هەموو تێڕوانینێکی وەك یەکیان سەبارەت بە هەمان دیاردە هەبێ؟"، ئاخر زۆر جار دەبینی ئەوەی بەلای کەسی X ەوە Y گریمانە و واگەیاندنێکی گونجاوە بۆ دەربڕینێکی وەك A دەشێ کەسی B هەمان بۆچوون و سەرەنجامی لەلا گەڵاڵە نەبووبێ، بە تایبەت کاتێ باس دێتە سەر تێڕوانینە کەسیەکان دوور لە تێڕوانینی بابەتی، دیارە ئەو گرفتانە لە زماندا زیاتر لە گەڵ دیاردەی گریمانکاریدا سەرهەڵدەدەن، نەك واگەیاندن، چونکە لە واگەیاندندا سەرەنجامێکی لۆجیکی بۆ ڕوداوێکی دیاریکراو دەشێ بە لای هەموانەوە هەمان شت بێ، بۆ نموونە، ئەگەر شتێ ئەو مەرجانەی تیادا بوو ئەوە X ێکە، واتە سەر بە توخمی ڕەسەنی ئەو ڕەگەز یان دیاردەیەیە، ئەگەر نا، ئەوە لێکدانەوەیەکی تر هەڵدەگرێ.

سەبارەت بە بیر و تێگەیشتنی توخمی خۆیی زانایانی زمان وا بیردەکەنەوە کە چاکتر وایە ڕێبازێکی نەرمتر بگیرێتە بەر، بۆ نموونە، بۆ ئەوەی کەسی A بیری کەسەکانی تری وەك B, C, D .... قبووڵبکات دەبێ خۆی بە تاکێکی سەر بە یەکێ لەو گروپانە بزانێ، دواتر دەبێ هەموو لەسەر ئەوە کۆك بن کە بۆ هەر بابەت یان شتێ دەبێ خاڵێکی سەرەکی، بۆ نموونە، مەرجی بە زەرورەت وەك چەق و جەوهەری ئەو شتە هەبێ کە سەرجەم خاڵەکانی تر، بۆ نموونە، مەرجە لاوەکی و بەس(ەکان–sufficient) بەدەوری ئەو خاڵەدا بسوڕێنەوە، بە واتایەکی تر دەبێ بیرەکان بە دەوری گریمانەیەکدا بسوڕێنەوە کە وەك واتا و مەغزای ڕاستی ڕووداوەکە لە دونیای واقیعدا مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت. زانایانی زمان ئەو گریمانەیە کە خۆی لە بیرە سەرەکیەکەدا دەبینێتەوە بە نموونەی توخمی خۆی ئەو بابەتە دەچوێنن. هەر بۆیەیە کە زۆر جار لە بواری دیاریکردنی دیاردەی واگەیەند و بە تایبەت گریمانەکاریدا کەسەکان هەموو جاران هاوڕانین و جۆرە لادەریەکی بەرچاو لە پێناسەی ڕوخساری بنیاتی– feature-based definition دا دەبینرێ

هەر لەبەر ئەو گرفت و تێڕوانینە جیاوازانەیە کە چەندان تیۆری ئاڵۆز هاتوونەتەکایەوە، واتە پێشنیارکراون. دواتر لە ئەنجامی کاری بەردەوامی زانایانی وەك Rosch 1973b, 1975,

(Saeed 2003: 37) لـە Rosch and mervis 1975, Rosch et.el ەوە. بیرۆکـەی (prototypes) هاتە ئاراوە. ئەوەش وەك نمونـەیەکی بیرەکان، واتـە وەك نموونەیـەك لـە تـوخمی خـۆیی شـتەکان سـەیردەکرێت. ئـەو کـات نموونـەی تـوخمی خـۆیی وەك سـەنتەر یـان نموونـەی ئەندامی پۆلەکان، بو نموونە، تەیر یان واگەیاندن دەبینرێ.

(1987:31) Lakoff باوەڕی وایـە کە بیرەکان ئالۆزن بـە شێوەیەکی وا کە بنیـاتێکی ئالۆزی تیشکی لە خۆدەگرن کە تیایدا وەچە-بیرەکان-subconcepts پۆل پۆل دەکرێن بە دەوری چەقی ناوکدا کە بیرە سەرەکیەکە دەکات و سیفات یان بەڵگە زەروریەکان لە خۆ دەگرێت بە شێوەیەك کـە ڕووداوێـك گریمانـەی ئـەوەی لـێ بکرێـت کـە لـە دونیـای واقیعـدا وەك پێویـست دەبـێ ڕووبـدات. هەربۆیـە زانایـان چـەند تیۆریـەك لـەو بـوارەدا جیادەکـەنەوە، بـۆ نمونـە، تیـۆری تـوخمی سـەرەکی prototype theory کە دەشـێ بیرەکـان بەرانبـەر بـە نیشانەی پێوەرەکان feature criterion بوەستنەوە. بۆ نموونە، X گریمانەیەکی گونجاوە ئەگەر و تەنها ئەگـەر وشـەی X ئاماژە بێـت بـۆ ڕووداو یان بارودۆخێکی نموونەی کە لە دونیای واقیعدا ڕووی دابێ یـان توانـای ڕوودانـی هـەبێت زیاتر لەوەی کە هەر قسە بێ.

## 1.5 بیرکردنەوە و ڕاستی. Thought and reality

زەرورەت و پێویستێتی زانین و دیاری کردنی پەوەنـدی لـە نێـوان وشـە و بیرکردنـەوەدا، سـەرنجی زۆر لە زانایانی زمانی ڕاکێشاوە، دواتر گەیونە ئەو سەرەنجامەی کە ئەو کارە هاریکاریمان دەکات سـەبارەت بـە لەبەرچـاو گـرتنی جیـاوازی لـە نێـوان بیرکردنـەوە و ڕاسـتێتی(هەقیقـەت)دا. زانـین و ڕاسـتی دوو دیـاردەی جیـاوازن، بۆیـە هـەر یەکـەی بۆشـاییەك لـە ژیـانی ڕۆژانـەی قـسەکەر و گوێگرەکاندا پڕدەکاتەوە. یەکێك لەو لایەنانە کە فەیلەسەفەکان گرنگی پێدەدەن لایـەنی سروشـتی بـوون و بنیـاتی ڕاسـتیە. زیـاتریش لـەوە فەیلەسـوفەکان هەمیـشە لـە هـەوڵی زانـینی سروشـت و سەرچاوەی زانینن دان، بە مەبەستی بە پراکتیك کردنی زانیاریـەکان لە ژیانی واقیعدا، ئەوە وا دەکـات کـە زۆر جـار پرسـیارێکی بـەجێ سـەرهەڵبدات، بـۆ نموونـە، پەیوەنـدی ڕاسـتی و مێـشکی مرۆڤـەکان لـە چ ئاسـتێك دایـە؟ دەبـێ ڕاسـتی بـە شـێوەیەکی سـەربەخۆ بـوونی هـەبێ لـە دەرەوەی کارکردنی مێشکی مرۆڤەکان دا؟، ئەگەر وابێ چی ڕودەدا؟، ئەگەر وانـەبێ، وا دەشـێ ببێتـە هۆکـار بۆ ئەوەی کەسەکان وابەستەی خەیاڵ یان نموونە پەرستی بن. گرنگی ڕاستی و هەقیقەت لە کاتی هـەڵێنجانی سـەرەنجام و واگەیەنندنـەکان یـان گریمانەکاریـدا دەردەکـەوێ، بۆیـە دەشـێ ڕاسـتی و هەقیقەت وەك پێوەری سەرەکی لەو بوارانەدا مامەڵە بکرێت، جگە لە ڕاستی کەسەکان هەر شتێکی تـر وەك پێـوەر لـە ژیـانی خۆیانـدا هەڵبـژێرن، گـرفتی ئـەوەیان بـۆ دروسـت دەبـێ وەك ئـەوەی لـە بازنەیەکی بۆشدا بسوڕێنەوە و نامـەکانیان بـە ناکـامڵی بگەیەننـە بەرانبـەر، لێرەوە ڕۆڵ و گرنگـی گریمانە و واگەیەندنەکان (کە بە شێکن لە بیر) دەردەکەوێ، کاتی لایـەنی ڕاستی دەخرێتـەلاوە، بـە تایبـەت کـاتێ کەسـەکان ڕۆژانـە بـەرەوڕووی دەیـان گریمانـە و پێـشنیاری لـۆجیکی دەبنـەوە بـە

مەبەستی هەڵێنجانی سەرەنجام و پلاندانان بۆ دواتر.

بە لای زانایانی زمانەوە باوەڕ کردن بە بوونی سەربەخۆیی ڕاستی ئەوە دەگەیەنێت کە دەتوانین لە جیهاندا باسی ڕاستی، واتە هەقیقەت بکەین کە دەتوانێ ڕۆڵی هەردوو دیاردەی گریمانەکاری و واگەیاندنیش ببینێ لە واقیعدا. گرنگی ئەو بابەتە لەوەدایە کاتێ قسەپێکەرانی زمانێکی دیاریکراو دەزانن کە ڕاستی بوونی هەیە لە نێوان سەربەخۆیی و وابەستەیی بە کارکردنی مێشکی مرۆڤەکانەوە، پاشان ئەوە دەتوانێ ببێتە کلیل و چارەسەری گەلێك لەو گرفتانەی چاوەڕوانی چارەسەر دەکەن، بکا. ئەو بابەتە لە دوو لایەنەوە سەیر دەکرێ، بۆ نمونە، لایەنی یەکەم: تاکید لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە زانیاری سەبارەت بە هەقیقەتەکان دەتوانرێ بە دەست بهێنرێ لە ڕێگەی بیرەوە، دیارە ئەوەش خۆی لە خۆیدا واتای تێگەیشتن و پۆلێنکردنی جیهان و هەقیقەتەکان بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان دەگەیەنێت. (Saeed 2004) بەو کەسانەی کە زانیاریەکان بەو شێوەیە بە دەست دەهێنن دەڵێ "بابەتی خواز–objectivism" کاتێ شتەکان وەك خۆیان مامەڵە دەکەن وەك ئەوەی کە هەیە بێ ئەوەی تۆزقاڵێ لە ئارەزوو یان گیانی کەسایەتی پەرستی و خێڵەکی و .... خۆیان تێکەڵ بە (وەرگرتنی) ڕاستیەکان بکەن، چونکە گەر وانەبوو دەبێ بە کەسایەتی خواز–subjectivism. لە هەموو بارەکاندا، گەیشتن بە ڕاستی دەشێ کارێکی وا سادە نەبێ، بەڵام بە شێوەیەك لە شێوەکان دەگەنە هەندێ سەرەنجام، بۆ نموونە، مار ترسناکە، سەك گیانلەبەرێکی بە وەفا و پشیلە سپڵەیە ...) ئەوانەش بە ڕێگەی فێربوون، بە هۆی تاقیکردنەوە یان لە ڕێگەی کولتوور کە خۆی لە ڕەفتاری ژۆانەی کەسەکاندا دەبینێتەوە بە دەست دێن. دیارە، زمان تاقە بابەتێکی گونجاوە بە دەستی زانایانی زمانەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە هەموو بابەتەکانی ژیان بە هەر دوو لایەنە بابەتی و کەسیەکانیشەوە، بۆ نموونە، لە بواری گریمانەکاری، واگەیاندن و ڕمڵ لێداندا، لە کاتێکدا کردەوەی هۆشەکی، بۆ نموونە، هەبوون و بوونی ڕاستی دەکەوێتە سنووری کاری زانایانی دەرونی و فەیلەسەفەکانەوە[2].

هەر لە بواری لێکۆڵینەوە لە کردەوەی بیرکردنەوە ڕۆڵی دوو دیاردەی زمانی لە بەر چاون، بۆ نموونە، یادکردنەوە کە لە لایەکەوە ئەرکی پاراستنی تاقیکردنەوە کۆنەکان دەگرێتە ئەستۆ و لە لایەکی ترەوە دەبێتە بنەمایەکی پتەو تا کەسەکان پلان و تێڕوانینەکانی خۆیان بە سوود وەرگرتن لە تاقیکردنەوە کۆنەکان بە ڕێگەی دروست بنیات بنێن، دیاردەیەکی تری زمانی، هەر لەو بوارەدا وەرگرتنی سەرەنجام–inference ە، واتە هەڵهێنجانی سەرەنجامەکان لە بەر ڕۆشنایی خوێندنەوەی دیوی ناوەوەی دەربڕین و ڕووداوەکاندا. هەردوو کردەوەکە لە زۆر لایەن ناوبەند پەیوەندن، دووەم بە پێچەوانەی یەکەمەوە بناغەی خۆی لە سەر کردەوەیەکی زانستیانەی بە ئاگایی و هۆشەکی لێکۆڵەر یان گوێگر و خوێنەرەکان دادەمەزرێنێ، بۆیە ئەو سەرەنجامانەی لەو ڕێگەیەوە بە دەست دەهێنرێن دەکرێ ببنە هۆکاری پێکهێنانی بڕیار و بنیاتی گریمانە و واگەیەندنەکان، لێرەدا چەند گرفتێك دێنە پێشەوە، بۆ نموونە، دەبێ تێگەیشتنی کەسێکی خاوەن

---

[2] بۆ زانیاری زیاتر سەیری (Saeed 2005) بکە

ئەزموون و نیوە–خوێندەوار بۆ دەقێکی دیاریکراو چوونیەك بیٚ؟، وەك یەك نەبوونی تێگەیشتنی کەسەکان کە وەك سەرەتا و بناغە بۆ هەڵێنجانی سەرەنجامەکان سەیردەکرێت، گرفتی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە زمان دەبێ زانست نەبێ و بنەمای هەڵسەنگاندی لۆ جیکی بەخۆوە نەگریٚ مادان هەمان هەقیقەت چەندان هەڵێنجان و خوێندنەوە هەڵبگریٚ، بۆ نموونە، جارێك لە چاویلکەی کەسێکی خوێندەوار و جارێکی تر لە دیدی کەسێکی نیوە خوێندەوارەوە تەماشا بکریٚ، لە دوای کردەوەی تێگەیشتن کە خۆی لە وەرگێڕانی موجەڕەدەکان بۆ هەڵوێستی هەستپێکراو و مەحسوس لە ژیانی واقیعدا دەبینێتەوە، لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و تاوتویٚ کردنی دەربڕینە زمانیەکان دێت کە خۆیان لە گریمانە، پێشنیار و واگەیاندن وەك هەڵێنجانی سەرەنجامەکاندا دەبیننەوە بە مەبەستی بەکارهێنانیان لە هەڵوێستی دیار و هەستپێکراو لە ژیانی واقیعی دواتری کەسەکاندا.

وەك وترا، بیرەوەری ئەرکی پارێزگاری تاقیکردنەوە کۆنەکان دەبینێت، بەڵام تێگەیشتن و قوڵبوونەوە لە بابەتەکاندا ئەرکی زیادکردنی زانیاری تازە دەبینیٚ بۆ سەر بیرەوەری و تاقیکردنەوە کۆنەکان. بیروەریەکان زیاتر پەیوەستن بە کولتورەوە، چونکە کولتور لە ڕێگەی کۆمەڵەوە بە دەست دێت، بەڵام هەڵێنجان زیاتر بابەتی و سەردەمیە و گەرماوگەرم لە نامەی قسەکەرەکان دەکوڵێتەوە. کەواتە هەر دوو بیرەوەری و هەڵێنجان دەبیٚ سەرەنجامی کاری بە کۆمەڵ و لە کۆمەڵیشدا بەدەست بهێنرێن، ئەگەر قسەکەر مەبەستی ناڕاستەوخۆ نەخاتە دوتوێی دەربڕینەکان و گوێگرەکانیش بیری هاوبەش لە سەر بنەمای کتووری هاوبەش شك نەبەن، هەر لە سەرەتاوە کردەوەی گریمانە و واگەیەندنەکان نایەنە بەرهەم. لەو بارەیەوە، دەتوانریٚ دووو جۆر سەرچاوە دیاریبکرێن، بۆنموونە، زانیاری کۆمەڵایەتی کە سەرەنجامی کاری بەهەرەوەزی کۆمەڵانی خەڵکی سەر بە نەتەوەیەکن، یان زانیاری تاکەکەسی کە تا ڕادەیەك نوێن و تەعبیر لە تاقیکردنەوەکانی خودی قسەکەر خۆیەوە دەکەنەوە و هاوبەشی کەسەکانی تری پێوە دیارنیە.

کولتور بەشێکە لە بیرەوەری چونکە کەسیٚ بیرەوەری دەبێت کە هاوبەشی کار و کاردانەوەی ڕوداوەکانی نێو کۆمەڵگەیەکی بناغە چەسپاو لە سەر ڕاستی ژیان بەرێتە سەر، لە کاتێکدا مەرج نیە هەموو بیرەوەریەك ڕاست بێت، هەیانە، ڕاست و هەشیانە درۆ. ڕاستیەکان سەرەنجامی تاقیکردنەوەی کەسەکان خۆیانن. بۆ نموونە، کەسی A کە دەربڕینێکی وەك "دوێنی لە سەیران بووین"ی دەربڕی ناتوانریٚ وەك دەسکەوتێکی کولتوری مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت، لە کاتێکدا کە وتی "کۆڵۆمبس ئەمەریکای دۆزیەوە" ئەوە دەربڕینێکی کولتووری گشتی مەردومەکانی بیٚ فرۆفێڵە.

لە ڕاستیدا، مەرج نیە ئەگەر زانیاریەکان کولتوری نەبوون کەسەکان لەیەك نەگەن و زانیاریەکان جیاوازبن. لەو بارەیەوە (Hudson 1996: 73 باوەڕی وایە ئەگەر وای ببینین کە هەموو مرۆڤەکان تێگەیشتنێکی مەودای ستونییان هەیە وا پێویست ناکات پێشنیاری ئەوە بکەین کە خەڵکەکان زانیاریەکانیان لە کەسانی ترەوە وەرگرتووە تا لە ناو خۆیادا زنجیرەیەك لە پەیوەندی

بە شێوەیەکی ستوونی هەبێ، کەواتە زانیاریەکانی ئاسۆیی دەبنە سەرچاوەی لێوە هەلێنجان، گریمانەی پێشەکی و واگەیاندن کە تا ڕادەیەك وەك چالاکی و جیاوازیەکی بەرچاوی کەسەکان دەبینرێن، لە کاتێکدا زانیاری ستوونی نابنە سەرچاوەی کولتوری کە وەك تێگەیشتنی گشتی کەسەکان بۆ ڕوداوەکان دەبینرێ.

**2.0 گریمانەکاری، واگەیاندن و سەرەتایەك:**

**2.1 وا گەیاندن، وا لێکەوتنەوە یا هەلێنجانی واتا: Entailment**

وشەی "سەرەنجام" پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ڕاستی یا هەقیقەتی بەکارهێنانی دەربڕینە زمانیەکانەوە هەیە لە دونیای واقیعدا. زانایانی زمان بە تایبەت ئەوانەی لە بواری سیمانتیکدا کار دەکەن باوەڕیان وایە کە بە هۆی پەیوەندی واتایی لە نێوان بەشەکانی ئاخاوتن بە گشتی و پەیوەندی لە نێوان پێکهێنەرەکانی ڕستە و دەربڕینەکان یان پەیوەندی لە نێوان هێماکەر وەك وشە و هێمابۆکراو وەك ئەو شتە یان ڕووداوەی کە لە واقیدا هەیە و وشەکە ئاماژەی بۆ دەکات زۆر بە دیقەتەوە دەتوانرێ باشترین پێناسە بۆ ئەم بابەتە سیمانتیکیە دیاری بکرێت. هەر لەو بارەیەوە بیرو ڕا زۆرن، ئەوەی لە سەری کۆکن ئەوەیە کە پەیوەندی ڕاستیەکی truth relations– چەسپاو، نەگۆڕ و هەمیشەیی لە نێوان ڕستەکانی دەقێکی تایبەت یان پێکهێنەرەکانی ڕستەیەکی دیاریکراودا بە چاوپۆشین لە ڕاستی–ئەزمونی ڕستەکان بەرقەرارە، بۆ نموونە، سەرنج لە (١) بدە:

(١) (ا) تیرۆریستەکە باپیری کوشت.

(ب) باپیر (کوژراوە) مرد.

کەسێك بە ناوی باپیرەوە دوو جار ئاماژەی بۆ کراوە، لە هەر دووکیاندا هەمان ڕۆڵ دەبینێ لە سەر ئاستی سەرەوە، بە چاوپۆشین لە هەندێك واتا گۆڕکێ کە لە نێوان هەردوو ڕستەکانی سەرەوەدا بەدی دەکرێت، ئەویش ئەوەیە کە باپیر لە ڕستەی یەکەم بەرکارە و لە دووەمدا پلەکەی کەمێك بەرز کراوەتەوە لە بەرکارەوە بۆ بکەری ڕێزمانی، ئەوە لە سەر ئاستی سەرەوە، بەڵام لە سەر ئاستی خوارەوە هەر بەرکارە. زیاد لەوەش دەتوانرێ بە چەند ڕێگەیەك پەیوەندی واتایی ئەو ڕستانە دیاری بکرێت، بۆ نموونە، کەسەکان دەتوانن ناوەرۆکی ئەو زانیاریەی لە (١ب)ەوە دەستیان دەکەوێ بێ زیاد و کەم لە واتای (١ا) وەربیگرن بێ ئەوەی پێویستیان بە هیچ زانیاریەکی زێدەتر بێ. بۆیە بەکارێکی زەحمەت و ناسروشتی دەزانرێ کەسێ ناوەرۆکی (١ا) بە ڕاست وەرگرێ بەڵام (اب) ڕەت بکاتەوە. Saeed (2003:98) باوەڕی وایە کە ئەو پێناسانەی پێویستە هەوڵی بۆ بدرێ تا بە دەست دێ، ئەوەیە کە " واگەیاندن–entailment بە واتا سروشتیەکەی لێوەوەرگرتن یان هەڵهێنجان نیە– entainment is not an inference، ئێمە پێویستمان بە هۆکارێك نیە تا لە (١ا) ەوە بچین بۆ (١ب)، ئێمە تەنها بە شێوەیەکی چرکەساتی ئەوە دەزانین، ئەوەش بە هۆی زانیاری قسەکەرەکانەوەیە لە زمانی ژێرلێکۆڵینەوەدا.

لە ڕاستیدا، هەموو ڕستە و دەربڕینە زمانیەکان واتا بە خۆوە دەگرن بە شێوەیەك کە ئەو واتا و زانیاریانەی لەو ڕستانەوە دەستمان دەکەون دەتوانین لەت لەتیان بکەین بۆ یەکەی بچوکتر کە

دەکرێ بە هەر یەك لەو زانیاریانە بگوترێ "بیر یان پێشنیار"، کەواتە هەم بیر و هەم پێشنیار کە وەك سەرەنجام بۆ تێگەیشتنەکانمان لەو دەربڕینانەوە دەستمان دەکەون دەتوانین وەك جەوهەر و ناوەرۆکی ئەو دەربڕینانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، بیر و پێشنیارەکان سەرەنجامی تێکەڵبوونی واتای کەرەستەکانی ئەو دەربڕینانەن زیاتر لەو واتایەی کە یەکە یەکەی ئەو کەرەستانە بە پێی واتا فەرهەنگیەکەیان دەی گەیەنن، بۆ نموونە،

(١) شێر کە لە بیشە هاتە دەر چ نێر بێ و چ مێ.

هەر یەك لەپێکهێنەرەکانی (١) بە پێی ئەو پەیوندییە لۆجیکیەی کە لە نێوان وشە و هێمابۆکراوەکەدا هەیە خاوەنی واتای فەرهەنگی خۆیەتی، بۆ نموونە، شێر = ئاژەڵکی دڕندە، لانە = شوێنی حەوانەوەی شێر، نێر و مێ دوو ڕەگەزی بەرانبەر لە زیندەوەر و هەروەها، بەڵام سەرجەم واتای ڕستەکە لە ڕەفتاری کەسێ دەدوێ کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا دەینوێنی وەك ئەوەی پێویستە مرۆڤەکان بینوێنن. واتای گریمانەکراو وابەستەی دەقییە، بۆیە لەسەرجەم سیفاتەکانی شێر سەربەرزی و ئازایەتی وەردەگرین، واتە گریمانەی ئەوە دەکرێ کەسێ کە لە لانە هاتە دەر چ نێر بێ و چ مێ دەشێ شێر ئاسا ڕەفتار بکات.

بە پێی ڕای زۆر لە زانایانی زمان بیر بریتیە لە دەستەیەك لە گریمانەی زەروری و بەس(کافی)– necessary and sufficient لە نێوان بیر و شتێکی هەستپێکراوی مەوجود لە واقیعدا، هەر ئەوە وا دەکات کە ناوهێنانی هێمابۆکراو(المدلول) دەستەیەك لە تایبەتێتی ئەو شتەت بەبیردا بهێنی باش یان خراپ، بۆنموونە، گوڵە باخ بۆنی خۆش، بەڵام مار ترس و مردنت بە بیردا دێنێ، ئەوانەش وەك تایبەتێتی بیوڵۆجی مار و گوڵ مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێت، ئەوەی هەیە ئەو شتانەی بە هۆی بۆن، یان دەنگ و ... بەر هەست دەکەون پشت بە گریمانە یان پێشبینی نابەستن سەبارەت بە ناوەرۆکەکانیان بە شێوەیەك کە لە بیری تەیر یان ماردا بە ڕێوە دەچێت، تەیر گریمانەی "فڕین" و "مار" گریمانەی پێوەدان و مردن بە دوای خۆیاندا ڕادەکێشن. دیارە هەندێ لەو گریمانە و پێشبینیانەش سەرچاوی خۆیان لە کولتوورەوە وەردەگرن، " Goodenoug 1957 لە Hudsen 1996 79-81 " ەوە باوەڕی وایە کە زمانی کۆمەڵگا ڕوخسارێکی کولتوررەکەیەتی ..... پەیوەندی زمان بۆ کولتوورەکەی ئەو بەشەیە بۆ هەمووی".

## 2.2 هەڵێنجان و واگەیاندن:inference

(١) ئەمڕۆ کەوتمە چاڵێکەوە. (چاڵەکە گەورەبوو)

(٢) دوێنێ براکەتم بینی. (کوڕی باشە نەی ناسیمەوە).

(٣) هەر ئەمڕۆ پێم لە مێروولەیەك نا. (مرد$\emptyset$).

گوێگر کاتێ ڕستەکانی سەرەوە دەبیستی باوەڕی وایە کە (١) ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە چاڵەکە دەبێ گەورەبووبێ بۆیە قسەکەر باسی دەکات، لە (٢) ئەوە چاوەڕان دەکات کە دەربڕینێکی وەك "کوڕی باشە نەیناسیمەوە" یان شتێکی تری لەو بابەتە بە دوایخۆیدا بهێنێ، (٣) ئەوەی لێ

چاوەڕوان دەکرێ کە دەبێ مێروولەکە مردبێ.

قسەکەر (٤) بەکار دەهێنێ بە مەبەستی ئەوەی کە بە شێوەیەك لە شێوەکان گوێگر بە ڕوونی وەڵامێکی بنەڕەتی لە شێوەی بەڵێ یان نەخێر بداتەوە و کۆتایی بە دەمەتەقێکە بێنێ، بۆ نموونە،

(٤) A: دەتوانم لەقەدەر ئەمڕۆ سەیارەکەت قەرز بکەم.

(ا) B: بەڵێ.

(ب) B: نەخێر.

هەردوو وەڵامەکانی A ڕون و ئاشکران بەپێی پەند و ئاموژگاریەکانی شێوازی قسەکردنی Grice و ئاوها بنیاتنراون، کە هەم کورتبڕ و هەم بێ تەم ومژی و لێڵین. وەڵامێکی لەو جۆرە کە تیایدا ئاموژگاری شێوازی تیادا ڕەچاوکراوە بە زەحمەت دەتوانرێ بسڕڕێتەوە یان تێکبدرێ. دیارە B دەتوانێ بە شێوەیەك وەڵامی پرسیارەکە بنێرێتەوە کە توانای پاش گەزبوونەوە و سڕینەوەی بەشی یەکەمی وەڵامەکەی تیادا مسوگەر بکات.

(ت) A: سویچەکان لە گیرفانی پانتۆڵە ڕەشەکەدان.

A وایدادەنێ کە وەڵامی B تاکو ئەم کاتەش پەیوەندی دارە و (بەڵێ) لە وەڵامەکە هەڵدێنجێ، دیارە ئەوە بە پێی دەقی قسەکانی A ، بەڵام دەشێ وەڵامەکە بە جۆرێك بێت کە سڕینەوەی گریمانەی "بەڵێ" بکەوێتەوە، بۆ نموونە، بە هۆی زیادکردنی "بەڵام–کلۆزەوە"، بەڵام پابەند بە بەشی یەکەم کە دەشێ پێچەوانەی یەکتری بن، بۆ نموونە،

B: (ا) سویچەکان لە گیرفانی چاکەتەکەمدان، بەڵا سوێندم خواردووە کە قەت سەیارە نەدەم بە کەس.

یان

(ب) سویچەکان لە گیرفانی پانتۆڵەکەمدان بەڵام سەیارەکە کار ناکات.

## 2.3 پێناسەو دیاریکردنی سنووری واگەیاندن: Entailment

زۆر لە زانایانی زمان لە دیاردەی واگەیاندن دواون و پێناسەیان کردووە، بە مەبەستی چوونە ناوەوە و دیاریکردنی ڕفتاری ئەو دیاردەیە و دواتر پیشاندانی جیاوازی لە نێوان دیاردەی گریمانەکاری و واگەیاندندا ڕاو بۆچوونی هەندێ زانایانی ئەو بوارە دەخەینە پێش چاو، بۆ نمونە، Wilson (1975:4) باوەڕی وایە کە:

ڕستەی S ڕستەیەکی تر p دەگەیەنێت ئەگەر و تەنها ئەگەر S ڕاست بێ P هەروەها پێویستە ڕاست بێ، و ئەگەر p درۆ بێ S هەروەها پێویستە درۆبێ. دیارە ئەو پێناسەیە تەنها تاقە دانەیەکی چاوەڕوانکراو نیە، بۆیە نوسەر جارێکی تر پێناسەی "واگەیاندن" دەکاتەوەو دەلێ: ڕستەی S ڕستەی p دەگەیەنێت ئەگەر و تەنها ئەگەر S ڕاست بێ، p هەروەها دەبێ ڕاست بێ، لە کاتێکدا داوایەك سەبارەت بە سەرەنجامێك لە ئارادا نیە سەبارەت بە S ئەگەر p هەڵە بێت. مەرجی پێویست و بەس دەبێ هەبن بۆ ئەوەی وەك دانەیەك لە ڕەگەزی توخمی خۆیی لە قەڵەم بدرێ.

لە ڕاستیدا، لە بواری واتا سازیدا واگەیاندن یان وا بۆدەرکەتن ڕۆڵێکی بەر چاو دەبینێت لە هەر تیۆریەکی واتادا. کەواتە "واگەیاندن" ڕۆڵێکی ناوەکی و مەرکەزی زیاتر لە دیاردەیەکی تری وەك ڕووخساری لەسەر ئاستی سەرەوە دەبینێ. لە هەموو تیۆریەکانیشدا ئەو گرنگیە چونیەك نیە، ئەوەی هەیە هەموو کۆکن لەسەر بنەما سەرەکیەکان، بۆ نمونە، دانانی هێما گەلێکی وەك p and q لە بواری واگەیاندندا بە مەبەستی ئاماژەکردن بۆ ڕستە و ئەو سەرەنجامانەی خوێنەر یان گوێگرەکان بە دەستی دەهێنن، بۆ نموونە، p نوێنەرایەتی دەربڕینی کەسەکان دەکات کە دەشێ باسی ڕووداوێ یان شتێ بکات لە دونیای واقیعدا و هەمیشە تێڕوانینی قسەکەرەکان لە بەر چاو بگیرێت بە تایبەت لە بواری گریمانەکاریدا. q سەرەنجام یان ئەو هەلێنجانەیە کە هەر دەربڕینێکی p دەیگەیەنێ. بۆ نموونە،

(١) باپیر نامەکەی نووسی. (P) واگەیاندن: (٢) نامەکە نووسراوە. (q)

(٣) باپیر ئازادی کوشت. (p) واگەیاندن: (٤) ئازاد نەماوە. (q)

لە ڕستەکانی سەرەوە، پێشنیازی یەکەم p بە زەرورەت مەسەلە یان پێشنیازی دووەم q دەگرێتەوە یان دەگەیەنی، ئەگەر ئەوە ڕاست بێ لە دونیای واقیعدا باپیر نامەکەی نووسیبێ یان ئازادی کوشتبێ وا وەك پێویست و بە زەرورەت دەبێ هەم نامەکە نووسرابێ و هەم ئازادیش لە ژیاندا نەمابێ، چونکە ڕاست و دروستی (٢) و (٤) بە شێوەیەکی لۆجیکی و بابەتی بە شوێن ڕاستی ڕستەکانی (١) و (٣) دەکەون، دیارە، هەر ئەوەشە کە واگەیاندن لە پێشبینی جیادەکاتەوە و پێناسەی تایبەت و دیاری بۆ دەست نیشان دەکات، چونکە بە زەرورەت ڕاست یان درۆ یەکێکە لە تایبەتیەکانی دیاردەی واگەیاندن. لە ڕاستیدا شیتەڵکردن و لێکدانەوەکان لەو بوارەدا بناغەی خۆیان لە سەر بنەمای ئەو تۆڕە پەیوەندیە ژێرخانیە لۆجیکیە (کە لە جووت ڕستەکانەوە بەدەست دێن)، دادەمەزرێنن. تۆڕە پەیوەندیە ژێرخانیەکانیش کە لە سەر ئاستی خوارەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، ناوبەند پەیوەندن، و بە شێوەیەك لە شێوەکان وەك ڕەنگدانەوەی واتای لۆجیکی سەرجەم کەرەستەی ڕستەکان بە دەرەجەی یەکەم، و بە دەرەجەی دووەم وەك بنەمای شێوازی بیری کەسەکان مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێت. ئەو بۆچوونانە تاکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کردەوەی "واگەیاندن" پێشنیارەکان دیاری دەکەن. بۆیە کە زاناکان جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە واگەیاندن یان والێکەوتنەوە بریتیە لەو پەیوەندیە لۆجیکیەی نێوان p و q کە کەمتر بوار بە هاوبەشی کردنی تێڕوانینە کەسیەکان دەدات. کەواتە دەکرێ لەو بوارانەدا ئەوە بگوترێ کە پەیوەندی ئەو دوو دیاردەیە پەیوەندیەکی لۆجیکی و دوور لە ئارەزوو و تێڕوانینی قسەکەرەوەیە، پەیوەندییەکە دەبێ وابێ وەك ئەوەی کە هەیە بێ ئەوەی قسەکەر بتوانێ هیچ مەبەست و ئارەزوویەکی خۆی بترنجێنێتە ناو ئەو پەیوەندییە و لە مەبەست و ڕێڕەوی بگۆڕێ، چونکە پەیوەندییەکە پەیوەنییەکی ناچاریە، بۆ نموونە، ئەگەر q ڕاستی و درۆیەتی خۆی لە ڕاستی و

درۆیەتی p وە وەربگرێ، ئەوسا دەتوانرێ ئەوە بگوترێ کە p بە زەرورەت q دەگەیەنێت، کەواتە ئەو زاراوەیەی کە بە شێوەیەکی لۆجیکی وەك کلیلی کردنەوەی ئەو پەیوەندیە سەیر دەکرێ و ڕاستی ئەو پەیوەندیە دەسەلمێنی، ئەوە زاراوەی "بە زەرورەت–necessarily ە، کەواتە "واگەیاند" لە بنەڕەتدا دەتوانرێ وەك پەیوەندی لە نێوان دوو واتا یان پێشنیازدا سەیر بکرێت.
هەندێ لە نوسەران، بۆ نموونە، (Saeed 2004) وای دەبینێ کە کردەوەی "وا گەیاندن" لە نێوان دوو ڕستەدا–sentences ڕوودەدات. بۆیە ڕستە بە تێڕوانین و مەغزایەکی تایبەتەوە بەکار دەهێنرێت. یان ئەوەتا "واگەیاندن" وەك پەیوەندی لە نێوان دەمەتەقێ و وتە یان وتاردا – statement سەیر دەکرێت، لە ڕاستیدا، ئەو بەکار هێنانە تا ڕادەیەك پشت بە لێکۆڵینەوە و تێڕوانینێکی تایبەتی ئەو وتار یان دەمەتەقێیانە دەبەستێت، کە لە چەند لایەنێکەوە لە گەڵ واتا و مەغزای واتای دەربڕینەکانی ڕۆژانەی قسەکەرەکانی زمانێکی تایبەتدا ناوبەند پەیوەندن.

$$P \longrightarrow q$$

واتای ئەوەیە کە p ( بەزەرورەت) q دەگەیەنێت. لە بواری لۆجیکدا ئەو وشانەی واگەیاندن دەردەبڕن واتای ژێرەکی و شاراوە–implication و پێویستی–necessity جێگەی شیاو و لێکدانەوەی تایبەتی خۆیان هەیە. لەو بارەیەوە Lyond (1981:86) باوەڕی وایە کە:
پێشنیازەکان دەشێ بە زەرورەت–necessarily یان بە ڕێکەوت–contingent ڕاست (یان درۆ) بن. پێشنیازی بە زەرورەت ڕاست یان (درۆ) دانەیەکن لە وانەی کە ڕاست (یان درۆ)ن لە هەموو بارودۆخ و هەل ومەرجە چاوەڕوانکراوەکاندا، بۆ نموونە،
"ناپلیۆن لە واتەرلۆ شکێنرا" Lyons (1981:87)
بە ڕێکەوت پشت بە شتێکی تر دەبەستێت، بۆ نموونە، بە واتایەکی پەیویست، کەسەکان دەتوانن دونیایەکی چاوەڕوانکراو بە خەیاڵی خۆیاندا بهێنن، کە تیایدا (ناوەرۆکی) ئەو دەربڕینەی سەرەوە ڕاست نەبێ. ئەوە بیرێکە کە لە دونیایەکی چاوەڕوانکرادا بە شێوەیەکی حەدەسی توانای لێتێگەیشتنی هەیە. بەلای Lyons ەوە دونیا یان واقیعی چاوەڕوانکراو دەشێ بە هۆی دەستەیەك لە پێشنیاز کە باسی ئەو واقیعە دەکەن دیاری بکرێ.
فەیلەسوفەکان دوو وەچە جۆری–ڕاستی لێکهەڵداوێرن، بۆ نموونە، شیتەڵی– analitic و لۆجیکی، کە تا ڕادەیەك ئەو دوو دیاردەیە لە لایەن بەشێك لە زانایانی زمانەوە تێکەڵ دەکرێن. بۆ نموونە، بە پێی kant پێشنیازێك بە شێوەیەکی شیتەڵی ڕاستە ئەگەر واتای بکەر (بابەتەکە) لە واتای بەشی کاریدا هەبێ، بە واتایەکی تر ئەگەر بەشی کاری واتای بکەری لەخۆ گرتبێ.
بۆ نموونە،

(٥) هەموو زگوردیەکان (ڕەبەنەکان) ژنیان نەهێناوە.

بە پێی ئەو فەرەزیەی یان بەو نیاتەی کە "زگوردی" بە واتایەکی گونجا و وەرگیراوە بۆ گروپێك لە پیاو کە لە ژیانی واقیعدا بێ هاوسەرن. بۆ ڕونکرنەوەی ئەو بابەتە دەشێ ئەوە بگوترێ کە واتای بەشی یەکەم، "ڕەبەنەکان" یان "زگوردیەکان" دەتوانرێ لە واتای بەشی دووەمدا بخوێنرێنەوە، بۆ نموونە، "ئەوانەی ژنیان نەهێناوە یان ڕەبەنن"، کەواتە واتای بەشی یەکەم خۆی لە واتای

بەشی دووەمدا دەبینێتەوە. دواتر ئەو پێشنیازەی لەسەرەوە لێکدرایەوە دەتوانرێ بەشێوەیەکی تریش لێکبدرێتەوە، بۆ نموونە،

(٦) هەموو ئەو بێوە پیاوانە بێ هاوسەرن .

دەربڕینی "بێ هاوسەر" بە شێوەیەکی ژێرخانی واتای خۆی لە واتای بکەری ڕستەکە کە "بێوەپیاو" یان "ڕەبەن"دا دەبینێتەوە، ئەوە جۆرێکە لەو کارانەی کە کردەوەی شیتەڵی دەخوازن بە مەبەستی هەڵێنجان و گریمانەکردنەکان و هەروەك چۆن کردەوەی ئاماژەکردنیش دەگرێتەوە، لەو بارانەدا بەشێك لە ڕستەکە واتای خۆی لە واتای بەشەکەی تردا دەبینێتەوە یان بەلانی کەمەوە ئەو دوو بەشە یەك ئەوی تر بە شێوەیەکی ژێرخانی تەواو دەکات، واتە بە شێوەیەکی ژێرخانی بۆ یەکتر دەگەڕێنەوە لە وەها لێکدانەوەی توخمی پێکهێنەری دەربڕینێکدا. لەبەر ئەوە Lyons (1981: 87) باوەڕی وایە کە دەتوانرێ پێناسەی شیتەڵی بەشێوەیەکی زەروری گشتی تر چاوی بە سەرابخشێنرێتەوە و بنیات بنرێتەوە: "شیتەڵ (یان تەحلیل)ی پێشنازێکی ڕاست (یان درۆ) دانەیەکە کە بەهای-ڕاستیەکەی بە تەنها بە هۆی واتاکەیەوە دیاری دەکرێت". هەر پێشنیازێك کە بە پێی پێناسەی تەواو شیتەڵی نەبوو ئەوە synthetic ە واتە پێشنیازێکی تەولیفیە، واتە بەهای-ڕاستی و درۆیی پێشنیازەکە پشت بە لێکدانەوەی مەنتیقی یان واتایەکەی نابەستێت بەڵکو زانیاریەکان زیاتر زانیاریەکی کولتوورین کە پشت بە شارەزایی، جۆر و چەندێتی پەیوەندی کەسەکان بە واقیعەوە دەبەستێت. دیارە ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو پێشنیازێکی تەولیفی ڕێکەوت بێ.

واتای پێشنیارکراوەکان یان ئەوەتا بەشێوەیەکی زەروری یان بەشێوەیەکی مەرجی\ڕێکەوت necessarily or contingently ڕاست یان هەڵەن. ئەو پێشنیارانە بە زەرورەت ڕاست (یان درۆ)، یەکێکن کە ڕاست (یان درۆ)ن لە هەموو بارودۆخە چاوەڕوانکراوەکاندا، لەو بارەوە فەیلەسوفی ئەڵمانی (Gottfried Leibniz: 1646-1716) وای دادەنێ کە پێشنیارەکانی

(٧) بەفر سپیە. لە گەڵ (٨) کەروێشکەکان مرۆڤن.

هەردوو ڕستەکەی سەرەوە بە دوای یەکدا، دەشێ بە زەرورەت ڕاست یان درۆ بن. لە لایەکی ترەوە ئەو پێشنیارانەی بەشێوەیکی ڕێکەوت contingent ڕاست (یان درۆ)ن یەکێکن لەوانەی کە "بەهای-ڕاستییان" لەوانەیە جیاواز بێ لە بارو دۆخەکانی تردا، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە "ڕاستی یا درۆ" ی مەرجی یا بە ڕێکەوت دەگۆڕێ و جیاوازە لە بارو زروفێکەوە بۆ یەکێکی تر.

دەشێ یەکێك بیر لە دونیایەك بکاتەوە کە تیایدا پێشبینیەکان بە ڕاست (یا درۆ)، وەك دونیایەکی[3] دیوی ناوەوەی سروشتی، گیانی، هۆشەکی شتەکان ببینرێن، زانیاری یان دونیایەك پێش کەش بکرێ کە تیایدا پێشنیارەکان ڕاست بن وەك دونیای دەرەوە بە هۆی پێکهاتەی دونیای ناوەوە، بۆ نموونە،.

[3] بیرۆکەی "ڕاستی-شیتەڵی analytic-truth" بە پێی واتای سەردەم لە کارەکانی فەیلەسوفیی گەورەی ئەڵەمانیەوە "kant" لە سەدەی هەژدەهەمەوە وەرگیراوە.

(٨) هەموو کچەکان مێینەن.

(٨) دەتوانرێ بە هۆی دەربڕینی وشەی-بکەرەوە لێکبدرێتەوە کە خۆی لە "هەموو کچەکان" یان وردتر لە وشەی "کچ" دا دەبینێتەوە. لەو بارانەدا بابەتەکە وا دێتە بەرچاو کە واتا، واتە مەغزای "کچ" دەتوانرێ شیبکرێتەوە یان وردتر بکرێتەوە بۆ هاوکێشەیەکی وەك "مرۆڤ"، "مێینە"، یان "نا-باڵغ"

Saeed (2004:319) دوو جۆر لەو واگەیاندنانەی باسکران جیاداکاتەوە، یەکەم: واگەیاندنی بەرەو سەرەوە-upward entailment و واگەیاندنی بەرەو خوارەوە- downward entailment یەکەمیان بەهۆی ئەو واگەیەندنانەی کە لە نێوان وەچە-گروپ بۆ گروپ دایە دیاریدەکرێن. دوەمیان هاوبەشی ئەو واگەیەندنانە دەکات کە لە نێوان گروپ بۆ وەچە-گروپدان. نوسەر ئەو بابەتە بە هۆی نموونەیەکی وەك NP ی "is driving home-لێخوڕین بەرەو ماڵەوە (NP بەرەو ماڵەوە لێدەخوڕێت" ڕووندەکاتەوە کە وەك وەچە-گروپی NP ی is driving – (سەیارە لێخوڕین) لە بەر چاو دەگیرێت. دیارە ئەوەش بە هۆی دانانی چەندان دیاریکەری ناویەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێ لە شوێنی بکەری ڕستەدا، دەتوانرێ هاوئاوازێتی هەر وەك چۆن ڕەفتاری ئەو ئاوازێتیە لە بەر ڕۆشنای ئەو ڕستانەی لە Saeed (2004:319) وەرگیراون ڕوونبکرێتەوە.

(٩) (ا) هەموو کەس(ەکان) (سەیارە) لێدەخوڕێ(لێدەخوڕن) واتای ئەوە ناگەیەنێ کە هەمووکەس بەرەو ماڵەوە لێدەخوڕێ.

(ب) هەموو کەس بەرەو ماڵەوە لێدەخوڕێ واتای ئەوە دەدات هەموو سەیارە لێدەخوڕن.

لەبەرئەوە "هەموو-every" لە واگەیاندنی بەرەو سەرەوەدا هاوبەشی دەکات.

(١٠) (ا) هیچ کەس (سەیارە) لێناخوڕێت ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ کەس بەرەو ماڵەوە(سەیارە) لێناخوڕێت.

(ب) هیچ کەس (سەیارە) بەرەو ماڵەوە لێناخوڕێت ئەوە ناگەیەنێت کە کە هیچ کەس سەیارە لێناخوڕێت.

لە بەر ئەوە ئامرازی نەرێ (نە) هاوبەشی لە واگەیاندنی بەرەو خوارەوەدا دەکات.

(١١) (ا) هەندێ کەس سەیارە لێدەخوڕن -ئەوە ناگەیەنێ کە- هەندێ کەس سەیارە بەرەو ماڵەوە لێدەخوڕن.

(ب) هەندێ کەس (سەیارە) بەرەو ماڵەوە لێدەخوڕن -ئەوە دەگەیەنێت کە- هەندێ کەس لێدەخوڕن.

لەبەر ئەوە "هەندێ (کەس)-someone" هاوبەشی لە واگەیاندنی بەرەو سەرەوەدا دەکات.

(١٢) (ا) کەم کەس سەیارە لێدەخوڕن-ئەوە ناگەیەنێت کە- کەم کەس سەیارە بەرەو ماڵەوە لێدەخوڕن.

(ب) کەم کەس بەرەو ماڵەوە لێدەخوڕن -ئەوە ناگەیەنێ کە- کەم کەس سەیارە لێدەخوڕن.

لەبەر ئەوە: "کەم-few" هاوبەشی لە واگەیاندنی بەرەو خوارەوەدا دەکات.

لەبەر ڕۆشنای ئەو لێکدانەوانەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێ کە ئەو دیاریکەرانەی

هاوبەشی لە گریمانەی بەرەو سەرەوەدا دەکەن وا وەك یەك ئاوازی زیادبوون دەناسرێن لە کاتێکدا ئەوانەی لە واگەیاندنی بەرەو خوارەوەدا هاوبەشی دەکەن وەك یەك ئاوازی کەم بوون دەناسرێن.
لە پێشەوە، لە کوردی، هەر وەك چۆن لە زمانەکانی تری وەك زمانی ئینگلیزیدا هەندێك لەو کەرەستە زمانیانەی کە دەکرێ وەك دیاریکەر پێناسە بکرێن لەوانە "هەموو یەکێك لە–every ، نا–no ، هەندێ–some و کەم-few"، و سروشتی هەڵکەوتی سیمانتیکی ئەوانە بەجۆرێك لێکدەدرێنەوە، بە تایبەت لە واگەیاندنی یەك ئاوازیدا کە ناکرێ لەو گریمانانەدا هەردوو بەشەکانی ڕستە هەمان قورساییان هەبێ، واتە دەشێ ئەگەر لایەنی یەکەم ڕاست بێ دووەم هەڵە یان بە پێچەوانەوە بکەوێتەوە. سەیری (Saeed: 2003:319-20 بکە بۆ زانیاری زیاتر.

لە ڕاستیدا، هەموو ئەو گروپ و وەچە–گروپانەی کە بە هۆی کەرەستەکانی لای دەستەچەپی دیاری کەرەکانەوە دیاری دەکرێن، و ئەوانەش یەکسانن بە کەرەستە یان ئاوەڵکارەکانی دەستە چەپ. بۆ نموونە، گروپەکان دەشێ وەك، "هەندێ خەڵك (سەیارە) لێدەخوڕن"، وەچە–گروپەکەشی بریتیە لە "هەندێك خەڵك بەرەو ماڵەوە لێدەخوڕن"، لێرەدا لێخوڕین گشتی و هێمایە بۆ ئەو خەڵکانەی کە بۆ هەموو لایەنکان بێ دیاریکردن لێدەخوڕن، لە کاتێکدا، "بەرەو ماڵەوە" تەنها بەشێك لەو خەڵکانە دەگرێتەوە کە بەرەو شوێنێکی دیاریکراو لە نێوان ئەو چەندان شوێنەی کە ڕۆژانە بۆیان دەڕۆن، هەمان ئەو کرووپە دیاریکەرانە دەشێ هەمان یان نموونەگەلێکی جیاواز لە پەیوەندی پیشان بدەن کە هەر دوو گروپ و وەچە–گروپەکانیش دەگرێتەوە کە دەکەونە دەستە ڕاستی کەرەستەی ئەو دیاریکەرانە، ئەوانە یەکسانن بە NP، بۆ نموونە، "هەندێك خەڵك لێدەخوڕن" و وەچە–گروپەکەشی بریتیە لە "هەندێك خەڵکی سەرخۆش، سەیارە لێدەخوڕن"،
با سەرنج لەو نمونانەی لای خوارەوە بدەین:

(١٣) (ا) "هەندێك خەڵك سەیارە لێدەخوڕن" ئەوە دەگەیەنێ کە "هەندێك خەڵکی سەرخۆش سەیارە لێدەخوڕن"

(ب) "هەندێك خەڵی سەرخۆش سەیارە لێدەخوڕن" ئەوە ناگەیەنێ کە "هەندێك خەڵك سەیارە لێدەخوڕن"

کەواتە "هەندێ" دەشێ هاوبەشی پەیوەندی بەرەو خوار بکات لەو بارانەدا کە کەرەستە دیاریکراوەکان بە هۆی ئاوەڵناو یان هەر زیادەیەکی تر کە ئەرکی دیاریکردن ببینێ فراوان بکرێت. بۆ نموونە، خەڵکی سەر خۆش یا خەڵکی جگەرەخۆر بە سەر هەموو کەسەکاندا تەعمیم نابێ، کەواتە ئەو گروپە دەشێ وەك وەچە–گروپی ئەو خەڵکانە لە قەڵەم بدرێن کە ژمارەیان دیارینەکراوە.

(٢٢) (ا) هەموو کەسێك سەیارە لێدەخوڕێت ئەوە دەگەیەنێ کە "هەموو کەسێکی سەرخۆش لێدەخوڕێ"

(ب) هەموو کەسێکی سەرخۆش سەیارە لێدەخوڕێت" ئەوە ناگەیەنێ کە " هەموو کەسێك لێدەخوڕێت".

دووباره "هـه‌موو" هاوبه‌شـی لـه واگه‌یانـدی بـه‌ره‌و خـواره‌وه‌دا ده‌كـات (كه‌ره‌سـته‌ی لای ده‌سـته چه‌پ)

جیاوازیه‌ك كه له‌و مه‌یدانه‌دا به‌دی ده‌كرێت ئه‌وه‌یه كه "هه‌موو" ڕێگه به به‌كار هێنـانی نه‌رێیـه‌تی ده‌دات له به‌نده‌كانی جه‌مسه‌رێیه‌تی–polarity دا له‌و ده‌ربڕینانه‌ی كه ف–ن پێكده‌هێنن نه‌ك ف–ك.

### 3.0 دیاریكردنی چه‌ند سه‌رچاوه‌یه‌كی واگه‌یاندن

زانایانی زمان ژماره‌یه‌ك له سه‌رچاوه كه قسه‌كه‌ره‌كان به هۆیانه‌وه سه‌ره‌نجام و زانیاریه‌كانی خۆیان به ده‌ست ده‌هێنن دیاریده‌كه‌ن، بۆ نموونه،

### 3.1 سه‌ره‌نجام به هۆی ڕاستیه‌وه دیاریده‌كرێت: Entailment defined by truth

كاتێ كه‌سه‌كان به ته‌واوی دڵنیا ده‌بن له‌وه‌ی كه سه‌ره‌نجامی ڕسته‌یه‌كی دیـاریكراو و بـه شـێوه‌یكی لۆجیكی ڕاسته به شێوه‌یه‌كی دیار لـه ژیانی ڕۆژانه‌یانـدا لـه واقیـع سـوودمه‌ند ده‌بـن، ئـه‌و دیارده‌یـه ده‌كرێ شێوه‌ی لۆجیكی خواره‌وه وه‌ربگرێ:

ڕسـته‌ی p سـه‌ره‌نجامی q دیاریـده‌كات كـاتێ ڕاسـتی ڕسـته‌ی یه‌كـه‌م (p) ڕاسـتی ڕسـته‌ی دووه‌م (q) بگه‌یه‌نێ (و دیاری بكات)، و نا–ڕاسـتی ڕسـته‌ی دووه‌م (q) نـا–ڕاسـتی ڕسـته‌ی یه‌كه‌م (p) بگه‌یه‌نێ.

لـه بـه‌ر ڕۆشـنای ڕسـته‌یه‌كی وه‌ك "تیرۆریسـته‌كه بـاپیری كوشـت"، ده‌تـوانین بـه پێـی بۆچـوونه‌كانی (Saeed: 2003:98). ئه‌وه تێبگه‌ین و بزانین كه چۆن سه‌ره‌نجامه‌كان له زماندا دیاریده‌كرێن

(١)  (ا) هـه‌نگاوی یه‌كـه‌م: ئه‌گـه‌ر (p) (تیرۆریسـته‌كه بـاپیری كوشـت) ڕاسـت بێـت، وا ده‌ربـڕینی (باپیر كوژراوه) دووباره به‌شێوه‌یه‌كی ئۆتۆماتیكی ڕاست ده‌رده‌چێت.

(ب) هــه‌نگاوی دووه‌م: ئه‌گــه‌ر ده‌ربــڕینی q (بــاپیر كــوژراوه) درۆ بێــت. وا ده‌ربــڕینی p (تیرۆریسته‌كه باپیری كوشت) دووباره به‌شێوه‌یه‌كی ئاسایی درۆیه.

ئـه‌و بابه‌تـه وه‌ك كێـشه‌یه‌كی لـۆجیكی بـه پێوانـه‌ی ماتمـاتیكی لـه سـه‌ر ئـه‌رزی واقیـع له‌بـه‌ر چاوده‌گیرێت. واته ڕووداوه‌كان ده‌بێ له بارودۆخێكی ئاسایی له دونیای واقیعدا ڕووبده‌ن:

(أ) هـه‌نگاوی سـێیه‌م: پاشـان (ده‌ربـڕینی) p ده‌ربـڕینی q ده‌گرێتـه‌وه. بـه‌ڵام ئه‌گـه‌ر p درۆبـێ پاشان ناتوانرێ هیچ شتێك سه‌باره‌ت به q بگوترێ; ده‌توانێ ڕاست یان درۆ بێت.

دیاره ئه‌و كێشه‌یه، واته ڕاستیانه‌ی كه له سه‌ر بنه‌مای په‌یوه‌ندی لۆجیكی له نێوان ده‌ربڕینی p و q دامـه‌زراون ده‌تـوانرێ وه‌ك فۆرمێك به‌رجه‌سـته بكرێن ئه‌گـه‌ر هـاتوو لـه خـشته‌ی–ڕاسـتی-time table لۆجیكیـه‌كان دا پیشان بدرێن، بـه واتایـه‌كی تـر ئه‌گـه‌ر ئـه‌و قاڵبـه لۆجیكیـه‌ی لۆجیكیـه‌كان قـه‌رزبكرێت بـه مه‌به‌سـتی پیـشاندانی په‌یوه‌نـدی لـه نێـوان ده‌ربڕینـه‌كانی p و q دا. بـۆ نموونـه، مردووه، هیچ شتێكمان پێناڵێ سه‌باره‌ت به‌وه‌ی ئایا تیرۆریسته‌كه باپیری كوشتووه یان نا.

### 3.2 پەیوەندی فەرهەنگی

لە ڕاستیدا، پەیوەندی سەرەنجامی، واتە واگەیاندنی دەکرێ بە هۆی بنیاتی زانینەوە بەرهەم بێت، هەر کات توانرا ڕاستی ئەو دەربڕینانە لە دونیای واقیعدا چێك بکرێنەوە. بۆ نموونە. دەتوانرێ نموونەکانی (١ا) و (اب) وەك پەیوەندی فەرهەنگی مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت، چونکە لە هەریەك لەو ڕستانەدا واتای وشەکان لە فەرهەنگی زمانەکەدا ڕوون و ئاشکران، بۆ نموونە، هەردوو گوێگر و قسەکەر پەیوەندی سەرەنجامی، واتە واگەیاندنن لە نێوان ڕستەکانی (١ا) و (١ب) دا،

(ا) تیرۆریستەکە باپیری کوشت.

(ب) باپیر نەما(مرد).

لە پەیوەندی واتای فەرهەنگی نێوان کوشتن و مردن یان تیرۆرکردن و مردندا هەڵدەهێنجن یان وەردەگرن. هەر لەو بارەیەوە پەیوەندی hyponymy بە سوودە، بۆ نموونە، کاتێ واتای وشەیەك لە چوارچێوەی واتای وشەیەکی تردا دەدۆزینەوە، بۆ نموونە، واتای پشیلە لە واتای ئاژەڵدا دەدۆزینەوە. یان واتای ترێ لە واتای میوەدا و هەروەها دەبینرێتەوە.

### 3.3 پەیوەندی ڕێزمانی:

Saeed (2004) سەرچاوەیەکی تر سەبارەت بە پەیوەندی وا گەیاندنی دیاریدەکات، بۆ نمونە، سەرچاوەی "واگەیاندن–entailment" ی سینتاکتیکی کە دەتوانرێ لە ڕستەکانی بکەر دیار و بکەر نادیاریدا ئەو پەیوەندیە ڕێزمانیە دیاریبکرێ، بۆ نموونە،

(١) باپیر ئەم خانووەی دروست کرد

(٢) ئەم خانوە لە لایەن باپیرەوە دروست کراوە.

(١) و (٢) لە سەر ئاستی سەرەوە و خوارەوە هەمان خوێندنەوە هەڵدەگرن لە گەڵ هەندێ جیازازی کەمدا، وەرگرتنی پەیوەندی سینتاکتیکی وەك گریمانە و واگەیاندن خۆی لە خۆیدا تاکید لەسەر پەیوەندی لۆجیکی نێوان p و q دەکاتەوە، کە لە هەمانکاتدا تاکید کردنەوەیە لەسەر بابەتێتی سەرەنجامەکان کە خۆیان لە دیاردەی والێکەوتنەوە یان واگەیاندندا دەبیننەوە.

### 3.4 پەیوەندی پارافرێزی "paraphrase relation"

لەو کاتانەدا کە ڕستەیەکی وەك p دەبێتە پارافرێز (واتە هاو واتا و شێوە) بو ڕستەیەکی تری وەك q، بۆ نموونە، ڕستەی (1ا) پارافرێزە بۆ ڕستەی (١ب) چونکە هەردوو ڕستەکە پۆلێك لە هەمان سەرەنجام بە خۆوە دەگرن. بە واتایەکی تر هەریەك لەو ڕستانەی سەرەوە بەنۆبە یەك ئەوی تر دەگەیەنێت. زانایانی زمان بەتایبەت ئەوانەی لە بواری سیمانتیکدا کار دەکەن دەیانەوێ سەرچاوەیەکی تر وەك پەیوەندی ڕاستی لە نێوان ڕستەکاندا دیاری بکەن ، بۆ نموونە، ئەوانەی هاو–واتا–synonym ن وەك سەرچاوەیەك بۆ سەرەنجام و واگەیاندن دەزانن.

بە سەرنج دان لە (١ا) و (١ب) و نموونەی تری وەك ئەوان، ئەوە دەبینریٚ کە هەردوو ڕستەکە واتە p و q هەمان بەهای ڕاستیان هەیە، کاتیٚ هەردوو لا باسی هەمان بارودۆخ دەکەن یان لە هەمان ڕوداو دەدویٚن. بۆ نمونە،

(١) (ا) باپیر ئەو خانووە سپیەی هەیە.

(ب) ئەو خانووە سپیە هی باپیرە.

ئەوەی لە ڕستەکانی سەرەوەدا سەرنج ڕادەکیٚشیٚ ئەوەیە کە هەمان کەس "باپیر" و هەمان "خانووە سپیەکە" لە هەردوو ڕستەکەدا هەن و هەمان واتاو لیٚکدانەوە لە ڕووی سیمانتیکیەوە هەڵدەگرن.

لە زماندا بەرانبەر بە پەیوەندی هاوواتایی، دژواتای هەیە، واتە لە شیٚوەی نکولی کردن و "بەدرۆخستنەوە و نکولی کردن"،دا کە دەتوانریٚ لە خشتەی ڕاستی (٢) دا پیشان بدریٚت.

(٢)

| P | | q |
|---|---|---|
| T | → | F |
| F | → | T |
| T | ------------------ | F |
| T | ------------------ | T |

نەخشەی–ڕاستی–truth table (٢) کاتیٚ ڕوودەدات کە ئامرازەکانی "نەریٚ" هاوبەشی پیٚکهیٚنانی ڕستەکان بکات، بۆ نموونە، سەرنج لە (٣) بدە:

(٣) (ا) باپیر نامەی بۆ باوکی نووسی.

(ب) باپیر نامەی بۆ باوکی نەنووسی.

## 4.0 واگەیاندن وەك دیاردەیەکی تایبەت لە زماندا

### 4.1 جیاوازی لە نیٚوان گریمانە و واگەیاندن دا

هەر دوو دیاردەکە کتومت وەك یەك نین، واتە بە شیٚوەیەکی سیمانتیکی هەریەکەو بۆشاییەك پڕدەکاتەوە، بۆیە دەکریٚ سنووریٚکی دیار لە نیٚوانیاندا بکیٚشری بە مەبەستی دیاریکردنی ڕەفتار و ڕۆڵی هەر کام لەو دیاردانە لە چارەسەرکردنی گرفتی نەخشە و پلانەکانی دواڕۆژی کەسەکان و هەڵیٚنجانی سەرەنجامەکان لە بەر ڕۆشنایی لیٚکدانەوەی لۆجیکانەی دەربڕین و ڕستەکاندا، بۆ نموونە، واگەیاندن وەك پەیوەندیەکی لۆجیکی لە نیٚوان دوو ڕستەدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکریٚت، بۆیە ڕاستی ڕستەی دووەم S2 بەزەرورەت سەرچاوەی ڕاستی خۆی لە ڕاستی ڕستەی یەکەم (S1) وە وەردەگریٚت، بەو واتایەی، واگەیاندن بریتیە لە پەیوەندیەکی لاوازتر (لە نیٚوان دوو ڕستە یان دەربڕیندا) وەك لە گریمانەی پیٚشەکی لەوەدا کە درۆیەتی S1 گرنتی ڕاستی ڕستەی S2 نادات.

بۆ نمونە، ڕستەی (١) ڕستەی (٢) دەگەیەنێ.

(١) باپیر هەندێ بزن و مەڕی کڕی(ن).

(٢) باپیر هەندێ ئاژەڵی کڕی(ن).

لە ڕاستیدا لێکدانەوەی هەر دوو دیاردەکانی گریمانە و واگەیاندن لە لێکدانەوەی هەقیقەتی بەمەرجی-ڕاستی بۆ هەمان ڕستە، زەحمەت ترن. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گریمانەی پێشەکی و واگەیەندنەکان چەندان جۆر لە لێکدانەوەی جیاواز بە خۆوە دەگرن بە تایبەت لە ڕستە لێکدراوەکاندا، بۆ نموونە، گوێگرەکان زۆر جار بیریان بە لای پێشهات و سەرەنجامەکاندا ناچێت بە تایبەت کاتێ مەبەست و تێڕوانینەکانی قسەکەر واتای فەرهەنکی وشە و دەربڕینەکان دادەپۆشێ، واتە کاتێ واتای دەربڕینەکە زیاتر دەبێ لە خودی واتا فەرهەنکی پێکهێنەرەکانی دەربڕینەکە، بەو پێیە، دوو میکانیزمی جیا پێویستە لە پێش چاو بگیرێن تا دوو دابەشکردنی دیار و بەرچاو پێشبینی بکرێن. بەو جۆرە بە مەبەستی لێکدانەوە و بە بەرچاو خستنی دوو ڕێبازی جیا لە کردەوەدا، دەبێ سەرنج لە ڕستە گەلێکی وەك (٣ا) بۆ (٣ت) بدەین تا بزانین چۆن مامەڵە لە گەڵ ئەو دوو دیاردانەدا دەکرێ.

(٣) (ا) باپیر لە خوێندنەوە کەوت.

(ب) باپیر لە خوێندنەوە نەکەوت.

(ت) باپیر دەیخوێندەوە.

بە پێی ڕێبازی گریمانەی پێشەکی ((٣ا) و (٣ب)) پێشبینی (٣ت) دەکەن، بۆیە ئەگەر (٣ا) و (٣ب) ڕاست بن، بە زەرورەت (٣ت) یش دەبێ ڕاست بێ. هەروەها ئەگەر (٣ت) هەڵەبێ، وا هەردوو (٣ا) و (٣ب) دەبێ بەهای-ڕاستیەکانیان کەموکوڕییان هەبێ. لە کاتێدا ڕستەکان بە پێی لێکدانەوەی ڕێبازی واگەیاندن خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرن، بۆ نمونە، دەتوانرێ ئەوە بگوترێ کە (٣ا)، (٣ت) دەگەیەنێ. لێرەوە، ئەگەر (٣ا) ڕاست بێ (٣ت) یش پێویستە ڕاست بێ، بۆیە ئەگەر (٣ت) هەڵە بوو، (٣ا) یش دەبێ هەڵە بێ، نەرێی (٣ا) دەبێ ڕاست بێ. بەلای ( Wilson (1975 ەوە جیاوازی لە نێوان ئەو دوو ڕێبازەدا، لە ڕستەیەکی وەك (٣) دایە، بۆ نموونە، هەر کام لەو ڕێبازانە چی دەڵێن لە دوای لە بێژینگ دان و تاقیکردنەوەی ڕستەکان، بە تایبەت کاتێ (٣ت) هەڵە بێ: لەو بارەیەوە لێکدانەوەی ڕستەکان بە پێی ڕێبازی واگەیاندن ئەوەیە کە (٣ا) ئاسایی دەبێ هەڵەبێ و (٣ ب) ڕاست، لەکاتێکدا لێکدانەوەی ڕستەکان بەپێی ڕێبازی گریمانەی پێشەکی پێمان دەڵێت کە هەر دوو (٣ا) و (٣ب) کەموکووڕیان لە بەهای-ڕاستیدا دەبێ. بەو جۆرە دەبینین کە جیاوازی لە نێوان ئەو دوو ڕێبازەدا لە مامەڵەکردن لە جوت ڕستەکاندایە، بۆ نموونە، لە هەر دوو باری نەرێ-و ئەرێ، واتە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤدا، بۆیە بە شێوەیەکی ئاسایی و زەروری، لە یەکێ لەو ڕێبازانەدا، بۆ نموونە، واگەیاندن دەکەوێتە ژێر ئەو کاریگەرییەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە واگەیاندن (وەك دیاردەیەکی لۆجیکی و دوور لە ئارەزوو و تێڕوانینەکانی قسەکەر) لەو ڕستانەدا کە نەرێ دەکرێن ڕوونادات، واتە دەکەوێتە ژێر کاریگەری "نەرێ"وە، لە کاتێکدا دیاردەی

گریمانەکاری بەپێچەوانەوەیە. لە ڕاستیدا، لە هەر دوو ڕستە هەواڵی و نا–هەواڵیەکاندا، ڕەفتاری "واگەیاند" لە ڕستە ئاڵۆزەکاندایە، بۆ نموونە، ئەوەی بە هۆی ڕستەیەکی هەواڵی سادەوە "دەگەیەنرێ"، ئەوە بە شێوەیکی بەردەوام و هەمیشەیی بە هۆی ڕستەیەکەوە ناگەیەنرێ کە تیایدا ئەو ڕستە سادەیە لە ڕستەیەکی ئاڵۆزدا ڕوودەدات یان لەو ڕستانەدا کە لێك هەڵبوەشێنرێنەوە.

بە شێوەیەکی گشتی، جیاوازی لە نێوان گریمانە و واگەیاندندا لەوەدا کورت دەبێتەوە کە واگەیاندن کەمتر پەیوەندی بە زانیاری کولتوریەوە هەیە، واگەیاندن دیاردەیەکی لۆجیکیە، بۆیە مەرج نیە ئەوەی بە تێڕوانینێکی کولتووریەوە ڕاست بێ مەرج نیە بەشێوەیەکی لۆجیکی لە واقیعدا ڕاست بێ، لە کاتێکدا گریمانەی پێش کات زۆر جار لە سەر بنەمای کولتووری زانیاریەکانی خۆی بنیاد دەنێ، بۆیە گریمانەکاری لە زماندا بە پێچەوانەی واگەیاندنەوە کەمتر لایەنی لۆجیکی و بەهای ڕاستی بەخۆوە دەگرێ. لەبەر ڕۆشنایی لێکدانەوەکانی سەرەوە کە لە بیر و لێکدانەوەی چەندان زمانەوانی شارەزا لە بواری زانستی زمانی گشتی–general linguistic کاریان کردووە و سەرەنجامەکانیان دەکرێ بۆ زوربەی زۆری زمانە زیندوەکانی دونیا بشێ، وەرگیراوە، لێرەدا هەوڵ دەدەین بە شوێن چەندان لە زانایانی زماندا جیاوازی لە نێوان گریمانە و واگەیاندندا بخەینەبەر چاو کە خۆی لە خۆیدا مەبەستی سەرەکی ئەم باسەیە، بۆ نموونە، (Recanati 1998:626-7) لە (Iten 2005:42) ەوە باوەڕی وایە کە بیری گریمانەی لۆجکی نییە، واتە لۆجیك وەك پێوەرێك بو هەڵسەنگاندنی گریمانەکان ناگونجی، چونکە ئەوەی بۆ دەرکەوت کە گریمانەی پێشەکی بەشێکە لە واتای کولتوری دەربڕینێك بێ ئەوەی بچێتەناو مەرجی ڕاستیەوە، بۆ نموونە، بەلای نوسەرەوە لە ڕستەکانی وەك:

(٤) باپیر لە جگەرەخواردن وەستا(کەوت)[4]. = "باپیر جگەرەی تەرك کرد"

(٥) باپیر لە جگەرەخواردن نەوەستا(نەکەوت). = "باپیر جگەرەی تەرك نەکرد"

(٦) باپیر جگەرەخۆر بوو.

گریمانەی پێشەکی کە بە هۆی کاریکی وەك "وەستان–stop ەوە لە (٤) و (٥) دا دەردەبڕدرێ وا دەبینرێ وەك ئەوەی زانیاریەك بگەیەنێ بۆیە وا دەبینرێ کە دەقەکە دەبێ پێشنیازێکی دیاریکراو لەخۆ بگرێ. (٦) یش بە هەمان شێوە. کەواتە دەتوانرێ ئەوە بگوترێ کە گونجاوێتی (٤) و (٥) بە بوونی (٦)ەوە بەندن.

لە بەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە گوترا، دەتوانین بگەینە ئەو ڕاستیەی کە بڵێین مەرج نیە گریمانەکاری (هەمیشە) سەرچاوەی خۆی لە ڕاستیەکی موتڵەقەوە وەربگرێ، دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەمیشە کەسەکان چ کۆ چ تاك یان هەر کەسێ (کەسی یەکەم، دووەم یان سێیەم)بن تەعبیر لە واقیعێ دەکەن کە ناتوانن خۆیان لە تێڕوانینە کەسیەکانی خۆیان بە دوور بگرن، لە کاتێکدا لە بواری واگەیاندندا واقیعەکان خۆیان ڕۆڵی گەورە دبینن و هەر ئەوانیشن وەك

[4] لە کوردیدا کاری کەوت دەکرێ بۆ هەمان واتای وەستان یان کۆتایی پێهێنانی کردەوەیەك بەکار بهێنرێ و هەمان ئەرکی کاری "stop"ی ئینگلیزی ببینێ.

بکەر ڕەفتار دەکەن، ئەو واقیعانەش کە بە زۆری تاك و کەمتر باری کۆ بەخۆوە دەگرن زۆر بە کەمی لە بواری باری کەسی دا ڕوودەدەن، بۆ نمونە، سەرنج لەو ڕستانەی لای خوارەوە بدە:

(٧) ئەوە ئەوە دەگەیەنیٰ کە ......... – it entails tghat .

(٨) مـن(تـۆ، ئـەو، ئـەوان، ئێمـە، ئێـوە، ئـەوان) وای پێـشبینی دەکـەن کـە (... I (he she ...) presuppose that ... (یان ڕونتر) وای دەبینم کە .....

بە ڕونی ئەوەمان بۆ دەردەکەویٰ کە گویٰ گر لە ڕستەیەکی وەك (٨) دا هەرگیز لەوە بێشك نـابیٰ کـە کەسەکان وەك مرۆڤ هەمیشە بۆچوونی خۆیان لە پاڵ ڕاستیەکاندا بۆ بەرانبەرەکانیان دەنێـرن بۆیـە کەمتر لە سەرچاوەی ڕاستیەکان دڵنیا دەبن، لە کاتێکدا ڕستەی (٧) زۆر بەکەمی قسەکەر دەتـوانیٰ بۆچوونی خۆی تێکەڵ بە ڕاستیەکان بکات، بـەڵکو لێرەدا زیرەکـی و لێهـاتوویی دەور دەبینـیٰ، بـۆ نمونـە، ئـەوەی بـەلای منـەوە (ئـەوە ئـەوە دەگەیـەنیٰ) ڕەنگـە بـەلای تـۆوە (ئـەوە ئـەوە نەگەیـەنیٰ...) هەرچۆنی بیٰ لە هەموو حاڵەتەکاندا قسەکەر بە ناوی خۆیەوە قسە ناکات و هـەوڵ دەدا ڕاسـتیەکی موتڵەق لە شێوەی نامە کە زیاتر خوێندنەوەی هەواڵی بـە خـۆوە دەگـریٰ بـۆ بەرانبـەرەکانی بنێـریٰ. بۆ نمونە،

(٩) ئەو نووسینەی لەسەر ئەو بەردە نوسراوە دەسخەتی باپیرە.

بەڵام

(١٠) (من) وا پێشبینی دەکەم کە بەیانی قادر دێت بۆ ئێرە.

لە (٩) دا بە شێوەیەکی دیار ئەوە دەبینین کە ئەگەر ڕاست بیٰ لەسـەر ئـەو بـەردە نوسـینێك هـەبیٰ و ئەو نوسینەش لەلایەن باپیرەوە بووبیٰ، بە زەرورەت ئەوە دەگەیەنیٰ کە دەبیٰ باپیر لێـرە بـووبیٰ، لـە کاتێکدا، لە (١٠) دا هیچ سیمایەکی هـەقیقی و واقیعـی بـونی بابـەتێکی بەرجەسـتە نـابینریٰ، بۆیـە تەنها تاکید لە سەر بۆچوونی قسەکەر دەکرێتەوە و بەس، دواتر، دەبیٰ ئاماژە بـۆ ئـەو هەقیقەتـەش بکریٰ کە واگەیانـد بـە زۆری پەیوەسـتە بـە سـەردەمی ڕابـردوو ئێـستاوە، بۆیـە قسەکەر هەقیقـەتێك دەبێنیٰ و دواتر لەسەر بنەمای پەیوەندی لۆجیکی واتای ڕستەکان ئەو هەقیقەتە قسەکەر بە پێـی ڕادەی زیرەکـی و تێگەیـشتنی خـۆی ئـەو پەیوەندیـە لۆجیکیـە دەردەبڕێـت. ، لـە کاتێکـدا لـە بـواری گریمانەکاریدا بیر و ڕەملٔ لێدانەکانی قسەکەر بـە زۆری بـۆ سـەردەمێکی تـر، واتـە سـەردەمی دوای کـاتی قـسەکردن دەگەڕێنـەو. کەواتـە لـە بـواری واگەیانـدنـدا هەقیقـەتێك لـە هەقیقـەتێکی تـرەوە وەردەگیریٰ کە دەشیٰ بە شێوەیەکی سیمانتیکی زۆر لێك نزیك و بەیەك پەیوەست بن. دیـارە، ئـەوە لە بواری گریمانەکاریدا کەمتر ڕودەدات، بۆ نمونە، (من وای بۆدەچم کە دوکتۆرەکە ئـەمڕۆ نایـەت)، دەشـیٰ ئـەو تێڕوانین و بۆچـونەی قسەکەر تـەنها لەسـەر دواکـەوتنی دوکتۆرەکـە بـیٰ و بـەس، بۆیـە مەرج نیە پێشبینیەکەی لە واقیعدا ڕوبدات، لە هەمان کاتدا، مـەرج نیـە هـەموو نەخۆشـەکان هـەمان بۆچوونیان هەبیٰ، چونکە دواکەوتنی دوکتۆرەکە بۆ ماوەیەك دەشیٰ دەیان هۆکاری لـە پـشتەوە بـن و دەشیٰ زۆر جار ئەوە ڕویدابیٰ و دواتریش هەر هاتبیٰ، بەڵام لە واگەیاندندا، نامەیەو نوسـراوە بـە خەتی باپیر، کەواتە دەبیٰ بکەر لێرە بووبیٰ.

**4.2 هاو واتایی، پارافرێزی و کردەوەی نەرێ لە دیاریکردنی واگەیاندن و گریمانەکاریدا**

لە ڕاستیدا یەکێك لەو تاقیکرنەوە گرنگانەی بە مەبەستی دیاری کردن و جیاکردنەوەی دیاردەی واگەیاندن لە گریمانەی پێش کات لە لایەن زانایانی زمانەوە لە زماندا بەکار دەهێنرێت، "تاقیکردنەوەی–نەرێ"یە. لە ڕاستیدا، تا ڕادەیەکی زۆر "نەرێکردن" دەتوانرێ وەك پێوانەیەکی دیار لەو بوارەدا بەکار بهێنرێ، بۆ نموونە، لە بواری واگەیاندندا کاتێ سیمانتیك تیایدا سەروەرە، واتە وەك هەڵگری جەوهەری ئەو دیاردەیە ڕەفتاردەکات و تەنها پەیوەندی لۆجیکی لە نێوان دیارکەر و دیاریکراودا لە بەر چاودەگرێت، بۆیە ناتوانرێ ڕستەیەکی سەرەنجامی نەرێ بکرێ بەبێ ئەوەی کارنەکاتە سەر سەرەنجامەکەی، واتە کردەوەی "نەرێ" دیاردەی واگەیاندن لە ڕستە و دەربڕینەکاندا دەسڕێتەوە و لاوازی دەکات. لە کاتێدا کردەوەی نەرێ کاریگەر نیە لە سەر دیاردەی گریمانەکاری و ناتوانێ لاوازی بکات یان بیسڕێتەوە. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە هاو واتایی، واتە پارافرێزی تەواو و ناتەواو بە نۆرەی خۆی ڕۆڵی خۆی هەیە لە بەهێزکردن یان لاوازکردنی هەردوو دیاردەکانی واگەیاندن و گریمانەکاری لە زماندا، بۆ نموونە، (١) واتای واگەیاندن و (٢) واتای گریمانەی پێش کات ڕوون دەکەنەوە.

(١) (ا) دوێنێ براکەی باپیرم بینی.

واگەیاندن: (ب) دوێنی کەسێکم بینی.

لە کاتێکدا ئەگەر ڕستەی (١) نەرێ بکرێ ئەوسا (٢ا) بێ شك (٢ب) ناگەیەنێ،

(٢) (ا) دوێنێ براکەی باپیرم نەبینی.

(ب) دوێنێ کەسێکم بینی.

لە (١ا)دا NP ی "براکەی باپیر" وەك بەرکاری ڕستەوخۆ ئاماژە بۆ کەسێکی دیاریکراو دەکات، بەڵام NP ی "کەسێك" کە بە شێوەیەکی سیمانتیکی هەمان ئەرك دەبینێ نابێتە پارافرێزی "براکەی باپیر" لە (١ا)دا چونکە کەس دەشێ ئافرەت، منداڵ، پیر یان هەر شتێ بێ لە ڕەگەرزی مرۆڤ. بەڵام لە ڕووی لۆجیکەوە کەسێك براکەی باپیری بینی بێ دەشێ کەسێکی بینیبێ. بە هەمان شێوە NP لە (٢ا)دا تایبەتە بە کەسێکی تایبەت و دیارکراو کە برای باپیرە، (٢ب) ئەو تایبەتیە بەتاڵ دەکاتەوە، بە شێوەیەکی وردتر ئەگەر قسەکەر دوێنێ براکەی باپیری نەبینیبێ وا ئەوە ناگەیەنێ کە کەسێکی تری نەبینیبێ، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکەی ترەوە لە بواری واگەیاندندا گرنك سەرەنجامە، کەسێ براکەی باپیری بینیبێ واتای وایە کە کەسێکی دیوە، لە زماندا کەس بەکار هاتووە بە مەبەستی ئاماژە کردن بۆ مرۆڤێ کە لێرەدا دەشێ ئەو مرۆڤە براکەی باپیر بووبێ، گرنگ ئەوەیە مرۆڤێك بینراوە. سەبارەت بە (٢ا) دەبینین کە (٢ب) بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەشوێن ڕستەی (٢ا) دا نایەت، واتە (٢ب) نابێتە بەشێ لە (٢ا) و سەرچاوەی خۆی لە وێوە هەڵناگرێت. ئەو لێکدانەوەیە سەرچاوەی خۆی لەوەوە هەڵگرتووە کە لە گەڵ ئەوەشدا (٢ا) نەرێ کراوە ڕێگەی لەوە نەگرتووە کە قسەکەر کەسێکی تری نەبینیبێ، بۆیە کەس لە (٢ب) بۆ باپیر ناگەڕێتەوە بەڵام لە (١ب)دا دەشێ مەبەست لە باپیر بێ. دەتوانرێ ڕستەی (١ا) و (١ب) کە خوێندنەوەی سەرنجامی و (٢ا) و (٢ب) کە خوێندنەوەی گریمانە هەڵدەگرن بەراورد بکرێن، بۆ

نموونە،

(٣) (ا) سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ سەردانی شاری سلێمانی کرد.

(ب) هەرێمی کوردستان سەرۆکی هەیە.

بۆ دەرخستنی جیاوازی بە شێوەیەکی ڕوونتر لە نێوان سەرەنجام و گریمانەکاریدا دەتوانین (١٣) نەریٚ بکەین، دەبینین کە هێشتا گریمانەی ڕوودانی (٣ب) دەکات، بۆ نموونە،

(٤) (ا) سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ سەردانی شاری سلێمانی نەکرد(ووە).

(ب) هەرێمی کوردستان سەرۆکی هەیە.

دەبینی، تەنانەت ئەگەر لە شوێنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش چەند فرێزێکی ناوی وەك سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین یا پارێزگاری هەولێریش دابنێین، وا بە نەریٚ کردنی هەریەکەیان هیچ کاریگەریەکی لەسەر پرۆسێسی کردەوەی گریمانەی پێش کاتی (١٤) ناکات. بۆیە گوێگر بە بیستنی (١٤) گریمانەی (٤ب) دەکات. لە بەر ئەوە دەتوانین خاڵی جیاوازی سەرەکی لە نێوان ئەو دوو دیاردەیەدا وا ببینین، بۆ نموونە، لە کاتێکدا نەرێکردنی p لە "واگەیاندندا" بەهای واگەیاندن لە دەست دەدات وا ئەو کردەوەیە لە دیاردەی گریمانەی پێش کاتدا گاریگەر نییە، واتە نەرێی p هێشتا q دەگەیەنیٚ.

Saeed: (2004:103) باوەڕی وایە کە ڕێبازی گریمانەکاری پێش کات وەك ڕوخساری ستراتیجیەتێکی قسەکەرە کە دەیەویٚ ئاگادارمان بکات لە ڕووداوێکی دیاریکراو، بۆ نموونە، لە پرۆسێسی بردنەوەی یاری لە لایەن کەسێك یان گەڕانەوەی کەسێکی دیاریکراو لە سەفەر. ئەوەش پشت بەوە دەبەستێت کە قسەکەر لە سەر چ بنەمایەك زانیاری گوێگرەکەی خۆی دەنرخێنیٚ، بۆ نموونە، ئەگەر قسەکەر وابیربکاتەوە کە گوێگرەکەی باپیر دەناسیٚ بەڵام براکەی ناناسیٚ وا دەبینین کە قسەکەر دەتوانیٚ بۆ بەکار هێنانی (١٥) لە سەر سووربوون و تەوکیدێکی ئاسای وەك (٥ب) بنوێنیٚ.

(٥) (ا) تاکید کردنەوە-assertion ی (ا): باپیر برایەکی (X) ی هەیە.

(ب) تاکید کردنەوە-asserton ی (ب) X گرەوەکەی بردەوە.

بە پێی تێڕوانینەکانی Saeed (2004:104) ئەوە دەبینین کە ڕستەکانی سەرەوە دوو لێکدانەوە هەڵدەگرن، یەکەم پێداگرتن بەرەو خوار یان بەرەو شکستی هێنان، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بە هۆی (ف-ن)ی "برایەکی X " جێگیر کراوە، لە کاتێکدا دووەم پێداگرتن بەرەو سەرەوە و دەرخستن هەنگاوی ناوە بە هۆی بە کار هێنانی کاری سەرەکییەوە–main verb. نوسەر ئەو تیشك خستنەسەر و دەرخستنە لە یەکێکیان و گەڕانەوە لە ئەوی تریاندا دەگەڕێنێتەوە بۆ مەبەست و ئارەزووی قسەکەر و خەمڵاندنی سەبارەت بە زانیاریە هاوبەشەکانی کە خۆیان لە خوێنەر و گوێگردا دەبیننەوە، بۆ نموونە، قسەکەر وا بیر دەکاتەوە کە گوێگر بە شێوەیەکی ئاسای (١٥) دەزانیٚ بەڵام (٥ب) زانیاریەکی تازەیە، واتە گوێگر لەوە بە ئاگایە کە باپیر برایەکی هەیە، بەڵام نازانیٚ ئاخۆ بە چییەوە خەریکە، بۆ زانیاری بردنەوەی گرەوەکە لە لایەن X ەوە، واتە "X

گرەوەکەی بردەوە"، دەشێ وەك زانیارییەکی تازە مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت. جارێکی تر دەربڕینی (١٥) و (٥ب) دەشێ لێکدانەوەی ئەوە هەڵبگرن کە قسەکەر بە هۆی یەکەمەوە دەیەوێ زانیارییە کۆنەکە، بۆ (١٥) جارێکی تر بۆ گوێگرەکەی دەرببڕێتەوە بە مەبەستی ئەوەی لە گوێگرەکەی بگەیەنێ کە ئەوەی دووایی، واتە، (٥ب) وەك زانیاری تازە مەبەستە. دەشێ قسەکەر (١٥) بەکار بهێنێ لە دوو باردا گەر گوێگر بزانێ کە باپیر برای هەیە یان نا، لەو بارەدا هەردوو ڕستەکە وەك زانیاری تازە مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێت.

## 4.3 گریمانەی پێشەکی بەرابنەر بە واگەیاندن دەوەستێتەوە Presupposition v. Entailment

زوربەی زۆری زانایانی زمان، بۆ نموونە، (Kimpson (1975:48، پێناسەی واگەیاندن دەکەن وەك ئەوەی لە نێوان دوو ڕستەدا ڕوودات و ڕاستی دووەمیان بە ناچاری بە دوای ڕاستی یەکەم بکەوێ. بەو جۆرە دەکرێ ئەوە بگوترێ کە هەر ڕاگەیاندنێکی $S_1$ ڕاگەیاندنی $S_2$ دەگەیەنێت، بۆیە ئەگەر $S_1$ ڕاست بوو وا ئەو کات دەبێ $S_2$ یش ڕاست بێ. لەبەر ئەوە چاوەڕوان ناکرێ کە تاکیدکردنەوە لە سەر ڕاستی $S_1$ نکولی ڕاستی $S_2$ بگەیەنێ. نوسەر باوەڕی وایە ڕاستی $S_2$ زەرورە بەڵام مەرجێکی بەس sufficient condition نیە بۆ ڕاستی $S_1$، لە کاتێکدا ڕاستی $S_1$ بەسە بەڵام مەرجێکی زەرور نیە بۆ ڕاستی $S_2$. بۆ نموونە، ئەو ڕاگەیاندنەی بە هۆی دەربڕینێکی وەك "ئەو مرۆڤە ڕەبەنە(کوڕە)" ەوە دەردەبڕدرێ، ($S_1$) ئەو ڕاگەیاندنە دەگەیەنێ کە بە هۆی دەربڕینی "ئەو مرۆڤە (کەسە) پیاوە" دەردەبڕدرێ ($S_2$) چونکە ئەگەر $S_1$ ڕاست بێ، هەروەها $S_2$ پێویستە ڕاست بێ. ئەوەش خۆی لە خۆیدا بەسێتی ڕاستی $S_1$ بۆ ڕاستی $S_2$ دەردەخات. لە لایەکی تریشەوە $S_2$ پێویستە ڕاست بێ ئەگەر $S_1$ ڕاست بێ، دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بگیرێ کە ئەو هاوکێشەیە خۆی لە خۆیدا زامنی ڕاستی $S_1$ ناکات.

ئەو لێکدانەوەی سەرەوە ئەوە بە دوای خۆیدا دەهێنێت کە ئەگەر $S_2$ هەڵە بوو، پاشان $S_1$ پێویستە هەر بەو جۆرە هەڵە بێ. هەرچۆنێ بێ ئەگەر $S_1$ هەڵە بوو، $S_2$ دەتوانێ ڕاست یان هەڵە بێ.

به کورتی، لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینەکانی (Kimpson (1975:49 ەوە دەتوانرێ جیاوازی لە نێوان گریمانەی پێشەکی و واگەیاندن بکرێ بە هۆی یەکێك لەو دوو ڕێگایانەوە: ئەنجامی ڕستەی $S_1$ هەڵە دەبێ، و ئەنجامی $S_2$ هەڵە دەبێ. بۆ ئەوەی $S_1$ گریمانەی $S_2$ بکات، ڕاستی $S_2$ پێویستە بە شوێن ڕاستی $S_1$ بکەوێ. بەڵام ئەگەر $S_2$ پاشان $S_1$ بەهای ڕاستی بەخۆوە نەگرن، بۆ نموونە، نە ڕاست نە درۆ بن (یان ئەوەتا) بە تەواوی هیچ ڕاگەیاندنێك بنیاتتنانرێ. کەواتە ئەگەر $S_1$ هەڵە بوو، $S_2$ پێویستە ڕاست بێت. پاشان وەك واگەیاندن، بۆ ئەوەی پەیوەندی گریمانەی پێشەکی بەردەوام بێ لە نێوان دوو ڕاگەیاندندا، ڕاستی $S_2$ پێویستە مەرجێکی زەرور بێ لەسەر ڕاستی $S_1$و بە پێچەوانەوە ڕاستی $S_1$ پێویستە مەرجێکی ڕاستی بێ لە سەر ڕاستی $S_2$. بەڵام ڕاستی $S_2$ پێویستە مەرجێکی زەروری بێ بۆ هەڵەیەتی $S_1$ ، و بە پێچەوانەوە هەڵەیەتی $S_1$ پێویستە

مەرجێکی بەس بێ بۆ ڕاستی S2، بۆ نموونە، ڕستەی

(١) مەلیکی فەڕەنسا کەچەڵە.

دەگوترێ تا گریمانەی

(٢) لەویانە مەلیکی فەڕەنسا هەیە.

بکات.

کەواتە کەسەکان بڕیاری ڕاستی یان درۆیەتی ئەو ڕاگەیاندنە بە هۆی پێشنیازی بوونی مەلیکی فەڕەنسا و دیاری کردنێك لە سەر بنەمای ئەو پێشنیازە ئەگەر هاتوو مەلیکی فەڕەنسا کەچەڵ بێ یان نا، دەدەن. ئەگەر هاتوو لەویانە مەلیکی فەڕەنسا نەبوو، پاشان ڕاگەیاندنی "مەلیکی فەڕەنسا کەچەڵە"، وەك نە ڕاستە و نە درۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. ئەوەش ئەوە بە دوای خۆیدا دەهێنێت کە دەربڕینی "مەلیکی فەڕەنسا کەچەڵ نیە" دەوترێ تا هەڵە یان ڕاست بێ ئەگەر و تەنها ئەگەر هاتوو لەویانە مەلیکی فەڕەنسا هەبێ.

بە شوێن Kimpson (1975:49) دا جیاوازی لە نێوان گریمانەی پێشەکی و واگەیاندن بە هۆی ئەو خشتەیەی لای خوارەوە پیشان دەدەین:

Entailment      presupposition

واگەیاندن      گریمانەی پێشەکی

S1 → S2      S1 → S2

T → T      T → T

F ← F      -(T v. F) ← F

F → T v F      F → T

## 4.4 لێکدانەوەی واگەیاندن وەك سەرەنجام لە گریمانەکاری ئاڵۆزترە

بە لای زوربەی زۆری زمان زانەکانەوە لێکدانەوەی سەرەنجام لە زماندا زۆر لە لێکدانەوەی گریمانەی پێشەکی ئاڵۆز ترە چونکە لێکدانەوەکە پشت بە بوون و نەبوونی کردەوەی نەرێ کردن دەبەستێ. بۆ نموونە، (١ا) ڕستەی (١ب) دەگەیەنێ، بەڵام (٢) سەرەنجام یان وا گەیاندنی نیە.

(١) (ا) باپیر نەیتوانی کراسەکە بکڕێ.

(ب) باپیر کراسەکەی نەکڕی.

(٢) باپیر توانی کراسەکە بکڕێ.

سەبارەت بە گریمانەکاری، نەك دیاردەی واگەیاندن، دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگیرێ کە زۆر جار قسەکەر دەتوانێ هەندێ شت دەربڕێ کە بەلای گوێگرەکانیەوە تازە و نەزانراو بن، کە ئەوە لە بواری واگەیاندندا هەرگیز ڕونادات، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا قسەکەر بەربەرەکانی ئەوە دەکات کە بیری هاوبەش (بەلانی کەمەوە، باوەڕکردن یان پێشنیاز) دەتوانرێ بەکار بهێنرێ بۆ دیاردەی گریمانەی پێش کات. کەواتە سەبارەت بە گریمانەکاری وەك بناغەی هاوبەشی پێشنیارەکان بەلانی کەمەوە دەتوانن لە دوو ڕێگەوە سەرهەڵبدەن: یەکەمیان ئەوانەن کە سیمانتیکن بەو مانایەی کە واتای نەریتی ئەو وشانەن کە ئەو پێشبینیانە پێویست دەکەن کە قسەکەر لە دەقێکی

دیاریکراودا گریمانەیەکی پێ بنیاتدەنێ، بۆ نموونە، تایبەتێتی سیمانتیکی کارێکی وەك "توانین یان سەرکەوتن–manage" لە ڕستەیەکی وەك "X سەرکەوت(توانی تا) V " دا وەك Iten (40-1 :2005) بۆی دەچێ ئەوەیە کە لە هەموو شوێنێکدا بەکار نایەت بەڵکو تەنها لە دەقێکی گونجاودا بەکار دێت کە لە لایەن قسەکەرەوە پێشبینی ئەوە دەکرێ کە گوێگر پێشبینی ئەوە دەکات کە قسەکەر پێشبینیدەکات کە "کارێکی زەحمەتە بۆ X تا V".

زۆر لە زمانەوانان، بۆ نموونە، Karttunen (1970) لە کاریگەری "نەرێ" دواون بە تایبەت لەو ڕستانەدا کە لێکدانەوەی واگەیاندن هەڵدەگرن و ژمارەیەك لە بابەتی فەرهەنگی لە خۆدەگرن. لەو بارەیەوە دەشێ سەرنج لە زنجیرەیەك لەو سەرەنجامەکان بدرێ سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی سیمانتیکی کە دەکەونە ژێر کاریگەری کاری پارستە و بنیاتی ڕێزمانیەوە، بۆ نموونە،

(٣) (ا) درۆیە(ئەوە درۆیە) کە باپیر نەی هێشت قارەمان سەیارەکە بشوات.

واگەیاندن: (ب) باپیر نەیهێشت قارەمان سەیارەکە بشوات.

(٤) (ا) ڕاستە کە باپیر نەی هێشت قارەمان سەیارەکە بشوات.

واگەیاندن: (ب) باپیر نەیهێشت قارەمان سەیارەکە بشوات.

ج) قارەمان سەیارەکەی نەشت.

(١٤) هەردوو (٤ب) و (٤ج) دەگەیەنێ، بە پێچەوانەوە (١٣) ئاڵۆز و لێڵە چونکە قسەکەر و گوێگر ناتوانن بزانن ئایا قارەمان سەیارەکەی شتووە یان نا. بە واتایەکی تر ڕوون نییە ئایا پرۆسەی سەیارە شتن لە ژیانی واقیعدا ڕوویداوە یان نا.

زانیاری فەرهەنگی سەبارەت بە "سەرەنجام–وا گەیاندن"، (هەر وەك چۆن سەبارەت بە گریمانەی پێشەکی) پەیوەستە بە وشە و وەچە–پۆل و جۆر–subcategory لە دەربڕینی ژێرلێکۆڵینەوەدا. ڕوونتر زانیاری فەرهەنگی بریتیە لە ڕەگەزێك یان دەستەیەك لە ڕەگەز بۆ هەر یەکێ لە سەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکان. Weischedel (1979: 162-65) باوەڕی وایە کە بۆ هەر دەستەیەك لەو ڕەگەز یان توخمانە element چوار شت پێویستن، بۆ نمونە، (١) ئەتۆمێك an atom) ئەوە پیشان دەدات کە ئایا "نەرێ–negation" دەبێ لە ڕستەدا هەبێ یان نا، (٢) تەواوکەری کارەکانی ئەو بەشەی کە تازە پێکدەهێنرین–newbuild، و فۆرمی لۆجیکی سەرەنجامی چاوەڕوانکراو بەرهەم دێنن، (٣) بابەتی ئەتۆمێکە = ئەوە پیشاندەدات و جەختی لە سەر دەکاتەوە کە ئایا سەرەنجامی پێشنیارکراو پۆزەتیڤە یان نێگەتیڤە. دیارە هەرلێرەوە دەبێ ئەوە بگوترێ و تاکیدی لە سەر بکرێتەوە کە مەرجەکانی نەرێ دلنیابونێکە سەبارەت بە سەرەنجامی چاوەڕوانکراوی ڕستە نا–سەرەکیەکان. (٤) بەشی چوارەم زەرورە بۆ ئەو کارانەی کە دوو پارستە وەردەگرن. ئەم بەشەیان بریتیە لە ئەتۆمێك و ئەوە پیشان دەدات کە ئایا بەشی دەستە ڕاست یان دەستە چەپی درەختەکە بە سەرەنجامەکەوە گرێدراوە یان نا، هەموو ئەوانەش بە مەبەستی بەردەوامی زنجیرەیەك لە واگەیاندن لە بەرچاو دەگیرێن.

### 4.5 بەرزکردنەوە، ڕێگەگرتن و بەتاڵکردنەوەی خوێندنەوەی واگەیاندن

ئەو ڕستانەی خوارەوە ئەوە پیشان دەدەن کە کاری "ڕێگەنەدان یان بەرهەڵستی کردن"، پێویستی

به "نەرێ" هەیە: بە شێوەیەکی سیمانتیکی ڕەفتاری کارەکانی "بەرهەڵستیکردن و ڕێگەگرتن" (کە خۆیان لەخۆیاندا ڕەفتاری نەرێ لەخۆ دەگرن) جیاوازە لە ڕەفتاری "نەهێشتن"، ئەو کارانەی پێشەوە تەمومـژاوی و لـێڵن لـە نێوان ڕوودان و ڕونـەدانی بارودۆخـە باسـکراوەکان، بۆیـە زیـاتر وابەستەی دەقین، لە کاتێکدا ئەوەی دواییان سەرەنجامی ئەوە بەدەستەوە دەدات کە بارودۆخی باسکراو ناشێ لە ژیانی واقیعدا ڕویدابێ یان ڕوبدات، بۆ نموونە،

(١)

(ا) باپیر ڕێگەی لە قارەمان گرت (کە بڕوات). "بە ڵام نازانم لە کارەکەی سەرکەوت یان نا"

(ب) قارەمان نەڕۆیشت.

(٢) باپیر ڕێگەی لە قارەمان نەگرت کە بڕوات. "بە ڵام هەر خۆی نەڕۆیشت"

(٣) ئایا باپیر ڕێگەی لە قارەمان گرت کە بڕوات؟. "نازانم"

(٤) لێت دەپرسم ئایا باپیر ڕێگەی لە قارەمان گرت کە بڕوات. "وتم نازانم! بیبڕەوە"

لـە زمانـدا دەسـتەیەك لـە کـار، بـۆ نمونـە، کـاری "زانـین" دەبینـرێ کـە بـە هۆیـەوە کـردەوەی بەرزکردنـەوەی سـەرەنجام بـۆ ئاسـتی گریمانـەی پێـشەکی ڕوودەدات، بـۆ نموونـە، بـەلای (1979:167) Weischedel ەوە سەرەنجامی گریمانەی پێش کات، (هەرەها) واگەیاندنیشە، سەرنج لەو ڕستانەی لای خوارەوە بدە کە وەرگێڕانێکی ڕستەکانی نوسەرن،

(٥) جۆن بەرهەڵستی ماری کرد کە بڕوات.

(٦) ماری نەڕۆیشت. (یان ماری بەرهەڵستی ڕۆیشتنەکەی ماری کرد)

(٧) ئایا ستیڤان زانی کە جۆن بەرهەڵستی ڕۆیشتنەکەی ماری کرد؟

(٨) ماری نەڕۆیشت.

دیارە دەبینی کە لە هەر دوو زمانەکەدا کوردی و ئینگلیزی دەتوانی ئەوە بڵێی کە (٧) پێشبینی (٥) و (٦) دەکات. لە هەمان کاتدا هەردوو (٥) و (٦) پێشبینی (٧) دەکەن. بۆیە سەرەنجامی کاری "بەرهەڵستی کردن" بەرز دەبێتەوە بۆ ئەوەی کە وەك گریمانەش سەیر بکرێ، لەو بارەیەوە لە هەر دوو زمانەکەدا واتای کاری ستاتیڤی "زانین" ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لە بەرزکردنەوەی واتای کاری "بەرهەڵستی کردن" یان "نە هێشتن"دا، واتە وا دەکات ئەو کارانە زیاتر تاکید لە سەر ڕوونەدانی بارودۆخەکە بکەنەوە و تەمومژیەك کە دەشێ بە بێ "زانین" ڕووبدات، زیاتر بڕەوێتەوە، واتە پێ لە سەر ڕونەدانی ڕۆیشتنەکەی ماری دادەگرێت. بۆیە بەلای Weischedel ەوە دەتوانی وشەیەکی تری سەرەنجام لە فەرهەنگدا تۆمار بکەیت لە ژێر ناو نیشانی "زانین"دا.

جیاوازی لە نێوان ئەو دوو کردارەدا ئەوەیە کە تەواوکەری "بەرهەڵستی کردن" بەهای ڕاستی دەخوازێ، واتە، " X بەرهەڵستی Y کرد کە Z"، Z لە ژێر کاریگەری "بەرهەڵستیکردندایە، لە کاتێکدا تەواوکەری کاری "نەهێشتن" باسی ڕاستی دەکات و هەمان خوێندنەوە وەردەگرێت تەنانەت بەبێ کاری "زانین"یش، چونکە بە پێچەوانەی "بەرهەڵستی کردن"ەوە کەمتر وابەستەی دەقیە و خوێندنەوەی ئەوە هەڵدەگرێ کە تەواوکەرەکەی ڕاستە، بۆ نموونە،

(٩) باپیر بەرهەڵستی قارەمانی کرد کە Z.

(١٠) باپیر نەیهێشت کە قارەمان Z.

(١١) باپیر ڕێی لە قارەمان گرت کە Z.

لـە (٩) دا لێکدانـەوەی سـیمانتیکی کـاری"بەرهەڵـستی کـردن" ئـەوە هەڵـدەگرێ کـە مـەرج نیـە سەرەنجامی پۆزەتیڤ وەربگرێ، بۆیە کاری گەری بەرهەڵستی کردنەکە بێ سەرەنجامە و دەتـوانرێ دەربڕینێکـی تـری وەك "ئاخریەکـەی هـەر ڕۆیـشت" بـۆ (٩) زیـاد بکرێـت بـە مەبەسـتی سـڕینەوەی کاریگـەری کـاری "بەرهەڵـستی کـردن" لـە بـە ئـەنجام گەیانـدنی کـردەوە یـان چـالاکیەکدا، کەواتـە دەتوانرێ ئەوە بگوترێ کە کاریگەری کاری "بەرهەڵستی کردن" وەك ئـەوەی سـەرەنجامێك بـەخۆوە بگرێ، یان درێژ بوونەوەیەکی هەبێ لە دوای مەودای کاتی دەربڕینی ئەو دەمەتەقێیە نیـەتی، بۆیـە لــە ئــەنجامی ڕەفتــاری کــاری ســەرەکی (٩) و (١٠) دا دەتــوانرێ ئــەوە بگــوترێ کــە یەکــەمیان لێکدانـەوەی بـێ سـەرەنجامی و دووەم سـەرەنجامی بـە سـەرەنجامەوە هەڵـدەگرن. دەبـێ ئـەوەش لـە بەرچاو بگیری کە قسەکەر کـاتێ کـاری "ڕێلێگـرتن" لـە (١١) دا لـە جیـاتی کـاری "بەرهەڵستیکدن" بەکار دەهێنێ کە مەبەستی تاکید کردنەوەبێ لەسەر ڕونەدانی کردەوەی ڕۆیـشتنەکەی قارەمـان، بـە لای Weischedel (1979:167) ەوە دەتـوانرێ T بـۆ مـەرجی نـەرێ بـەکار بهێنرێـت و بـە شـێوەیەکی گـشتی وەك لێکدانــەوەی ڕاســتی لێکبدرێتــەوە. کەواتــە لــە ســەر ئاســتی ڕســتە، سیستێمەکە دەستەیەك لـە واگەیانـدنی گونجـاو–pssible entailment تـاقی دەکاتـەوە بـۆ هـەر یەکێ لە مەرجە نیشانەکراوەکانی T کە دەشێ بەهای ڕاستی وەربگرن یان نا.

سەبارەت بە کردەی قسەکردن speech act و ئـەو کارانـەی کـە واتـای–هـەڵوێستی پێشنیاری دەگەیەنن، بەتایبەت ئەوانەی کە لە بەشی سەرەکی ڕستە نا–سادەکاندا ڕوودەدەن، نوسـەر بـاوەڕی وایە کە دەبنە هـۆی ئـەوەی واگەیاندنی پاڕستە (لـە شـێوەی ڕسـتەی نـا–سـەرەکی لـە چوارچـێوەی ڕستە سـەرەکیەکەدا) لـە ژێـر کاریگـەری: (١) داوا یـان وابۆچـونی قسەکەر speaker's claim یـان (٢) بـڕوای بکـەری هەقیقیـداactor's beliefe پێـشکەش بکـرێن، دیـارە هـەر دوو لا چ کـردەوەی قسەکردن–speech act و چ کارەکـانی هەڵوێـستی پێشنیاری مـەرجی نـەرێ لـەخۆ دەگـرن، ئـەو واگەیەندنانـەش کـە لـە ڕسـتە نـا–سـەرەکیەکاندا ڕوودەدەن دەبـن بـە سـەرەنجامی لێکـداراو، بـۆ نموونە،(١٢ا)، (١٢ب) دەگەیەنێ

(١٢) (ا) باپیر قارەمانی ناچارکرد (کە) بڕوات.

(ب) قارەمان ڕۆیشت.

لە کاتێکدا بەشێك لە لێکدراوەکە (١٣ا) و (١٣ب) وەك واگەیاندنی گەیەنراوە، (١٣) وەك سەرەنجام، سەرەنجامی نییە.

(١٣) (ا) قادر وتی، باپیر قارەمانی ناچارکرد کە بڕوات. (کێ دەڵێ ڕاست دەکات)

(ب) قادر وای ڕاگەیاند–claim کە باپیر ڕۆیشت. (باوەڕ ناکەم)

(١٤) (ا) قادر نەی وت کە باپیر قارەمانی ناچارکرد بڕوات. (لێی شاردمەوە)

### 4.6 واگەیاندن entailment و زانیاری سروشتی قسەکەرەکان

(١) (ا) باپیر ڕەبەنە.

واگەیاندن (ب) باپیر ژنی نەهێناوە.

بە دەست هێنانی زانیاری ڕاستەوخۆ لە شێوەی واگەیاندنی لە خۆوە زانراو، واتە سروشتی intuitive لە زماندا کارێکی چاوەڕوانکراو و گونجاوە لە ژیانی ڕۆژانەی قسەکەرەکاندا، بۆ نموونە، بە شێوەیەکی بەڵگە نەویست دەبینین کە کەسەکان زانیاریەکی سروشتی بە خۆوە دەگرن سەبارەت بە تێگەیشتنی ئەو زانیاری و هەقیقەتەی کە (١ا) و (اب) پێشکەشی دەکەن، واتە ئەو زانیاریە سروشتیە هاوکاری قسەکەرەکان دەکات تا واتای (١ب) لە واتای (١ا) هەڵێنجن. بۆ نمونە، کەسەکان هەر لە سەرەتاوە بە هۆی ئەو زانیاریە سروشتیەوە بە ئاگان لەوەی کە کەسێك ڕەبەن بێ ئەوە دەگەیەنێ کە هێشتا ژنی نەهێناوە. بە لای Kuroda (1979:187) ەوە ئەو زانیاریە سروشتیە هەمیشەییەی کەسەکان کە لە سەرەوە باسکرا واگەیاندن مسۆگەر ناکات، ڕوونتر گەرەنتی نادات کە هەستی لەخۆوە زانراوی واگەیاندن، هەمیشە و بە شێوەیکی حەتمی و بە زەرورەت فۆڕمی دەرخستی زانیاری لە خۆوە زانراو بێ لە بیری سیمانتیکی بە ئاگای قسەکەرەکاندا. بە واتایەکی تر پێزانینی زانیاری شروشتی سەبارەت بە سەرەنجامەکان هەمیشە وێنەیەکی دیاری دەرخستنی ئەو زانیاریە سروشتیە نیە لە سیمانتیکی سەرەنجامی بیری بە ئاگایماندا. هەر لەو بارەیەوە Kuroda باوەڕی وایە کە ئەوەی ئێمە دیاریدەکەین وەك هەستپێکردنی زانیاری لەخۆوەمان، سەبارەت بە سەرەنجامەکان لەوانەیە تەنها ڕەگی لە ئاستی بەجێهێنانی یان پێکهێنان ئەرکی زمانیدا performance داکوتابێ، بە وێنەی ئەو هەستەی بە هۆیەوە شتەکان پەسەند دەکەین، واتە هەستی پەسەندێتی، acceptability، کاتێ هەست بە گونجاوێتی بابەتێك یان زانیاریەك دەکەین وادیتتە بەرچاو کە لە لایەن چەندان هۆکاری توانا و بە کارهێنانی زمانیەوە هاتبێتە بەرهەم.

لە ڕاستیدا، بیر وەك ناوەڕۆك و جەوهەری واگەیاندن سەر بە لۆجیکە، تا ئەو ڕادەیەی کە دەتوانین وا پێشبینی بکەین یان لێکی بدەینەوە کە توانای زمانی قسەکەرەکان بەهرە و توانایەکی باش بەخۆوە دەگرن بە شێوەیەك کە بتوانن سەرەنجامەکان هەڵێجن یان بە دەست بهێنن بە شێوەیەك وەك ئەوەی دەربڕینەکان لە ژیانی واقیعدا دەیانگەیەنن، پوختەی تێڕوانینەکان لەسەر ئەوەن کە واگەیاندن سەر بە تیۆری سیمانتیکە، بە واتای ئەوەی وەك بیر یان ناوەڕۆکی سیمانتیك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. بۆیە دەتوانین بڕیاری ئەوە بدەین کە سەرەنجام"وا گەیاندن" لە لایەکەوە بیری سیمانتیکیە (کە لە سەرەنجامی پەیوەندی پێکهاتەی ئەو دەربڕینانەوە بنیات دەنرێ کە واقیع وەك خۆی پێشکەش دەن) و لە لایەکی ترەوە وەك بیری لە خۆوە زانراو سەیر دەکرێت (کە دەشێ وەك بە دەست هێنانی زانیاری لە سەرەنجامی کاری بە هەرەوەزی ئەندامانی گۆمەڵگەیەکی دیاریکراوەوە سەر هەڵبدات و مامەڵەی لە گەڵدا بکرێ).

## 4.7 واگەیاندنی لاواز و بە هێز

دیاری کردنی جیاوازی لە نێوان سەرەنجام یان واگەیاندن entailment ی لاواز و بە هێز سەرەتا لە لایەن زمانەوان (Wilson (1975:4 ەوە پێشنیار کراوە. سەرنجەکانی نووسەر لە سەر ئەوە کورت دەبنەوە کە واگەیاندن–entailment دەبێ بە شێوەیەکی لەبار و بەهێز دیارییبکرێ، بۆ نموونە، "ڕستەی S ڕستەیەکی تری P دەگەیەنێ ئەگەر (و تەنها ئەگەر) S ڕاست بێت دەبێ P ش ڕاست بێت و هەروەها، و ئەگەر P درۆ بێت هەروەها S یش پێویستە درۆبێت ") یان بەشێوەیەکی لاواز (دیاری بکرێت)("ئەگەر S ڕاست بێت پێویستە P ش ڕاست بێت، بەڵام ..... هیچ پێشنیار واتە ئیدیعایەك سەبارەت بە سەرەنجام–consequences ی S نەکراوە ئەگەر P درۆ بێت. لە کاتێدا دەتوانرێ هەر دوو تێرمی "بە توندی–strongly" و "بە نەرمی–weakly" تا ڕادەیەکی زۆر بە شێوەیەکی جیاواز بەکار بهێنرێن، ئەو بەکارهێنانەش بناغەی خۆی لە سەر ئەوە دامەزراندووە کە ڕاستی و درۆی بەشی سەرەکی– Matrix لە ڕستەی S دا کاریگەری خۆی لە سەر ڕاستێتی یان درۆیەتی بەشی نا سەرەکی–embedded ڕستەی P دا دەمەزرێنێ.

(Derek Bickeron (1979:238 دوو تێرمی وەك —entail واگەیاندن و implicate گەیاندنی زانیاری بە شێوەیەکی ژێرخانی بەکار دەهێنێ، واتە واتای ژێرخانی بەکار دەهێنێت لە ڕستەگەلێکی وەك: X، Y دەگەیەنێ Y پێویستە ڕاست بێ ئەگەر X ڕاست بێ، و X، Y بگەیەنێ، کاتێ X هەڵە بێ، وا پێشبینی دەکرێ کە Y ڕاست بێ ئەگەر وانەبێ بە شێوەیەکی سەربەخۆ (جیا) نەرێ دەکرێت.

(١) سەرەنجامی بە هێز strong entailment: P سەرەنجامی S ە. P– سەرەنجامی S– ە[5].

(٢) گریمانەی پێشەکی: p سەرەنجامی S ە. S–، P دەگەیەنێ.

(٣) سەرەنجامی لاواز weak entailment: P سەرەنجامی S دەگونجێنێت لە گەڵ یەکێك لە P یان P-.

بە پێی (Derek Bickeron (1979:239 دەکرێ سەرەنجامی بەهێز و لاواز بەو شێوەیەی لای خوارەوە پێشکەش بکرێن: بۆ نموونە،

(ا) سەرەنجامی بە هێز: (٥) سەرەنجامی (٤) ە، یان (٤) ڕستەی (٥) دەگەیەنێت، و (٦) ڕستەی (٧) دەگەیەنێت،

(4) باپیر توانی بچێ بۆ کەرکوك.

(٥) باپیر چوو (بوو) بۆ کەرکوك.

یان

(٦) باپیر نەیتوانی بچێ بۆ کەرکوك.

(٩) باپیر نەچوو بۆ کەرکوك.

(ب) سەرەنجامی بێ هێز: (٨)، (٩) دەگەیەنێت، و (١٠)، (١١) دەگەیەنێت.

---

[5] مەبەست لە "S-" یان هەرفۆڕمێکی تری لەو جۆرە نەرێی ئەو فۆڕمە یان دەربڕین و ڕستەیەیە.

(١٠) باپیر پێشتر توانی(بووی) بچێ بۆ کەرکەك.

(١١) باپیر چووە بۆ کەرکوك.

یان

(١٢) باپیر پێشتر نەیتوانی بچێ بۆ کەرکوك.

(١٣) باپیر نەچووە بۆ کەرکوك.

بەشوێن Weischedel (1979:162) ئەو لێکدانەوانانەی خوارەوە پێشکەش دەکەین.

لە کوردیدا واگەیاندنی "ڕێلێگرتن" دەتوانێ وەك گریمانەی پێشەکی مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت، هەموو ئەو توانایە بەهۆی واتای کاری "زانینەوە" دێتە بەرهەم. کەواتە کاری ستاتیڤی "زانین" لە لایەکەوە "ڕێنەدان یان ڕێلێگرتن" وەك کاری سەرەکی لە تەواوکرەکەیدا قبوڵ دەکات و لە لایەکی تریشەوە وادەکات کە پلەی بەرزکاتەوە تا خوێندنەوەی گریمانەی پێش کاتیش وەربگرێ.

## 5.0 کورتەی باسەکە

### 5.1 کورتەی باسەکە بە کوردی

واگەیاندن لە بواری واتاسازیدا ڕۆڵێکی گەورە و مەزن دەبینێ لە هەر تیۆریەکی واتادا، کەواتە دیاردەی واگەیاندن دیاردەیکی سیمانتیکیە زیاتر لەوەی دیاردەیەکی پراگماتیکی بێت، بۆیە واگەیاندن لە هەر دەربڕین یان ڕستەیەکدا هەمیشە لە سەر ئاستی خوارەوە لێکدەرێتەوە. بە پێی ئەو بۆچونانە واگەیاند دەبێ هاوتا بێ بە واتا، لە بواری زمانەوانیشدا، واتاو هەقیقەت و لۆجیك هەمان لێکدانەوە هەڵدەگرن. بۆیە بە شێوەیەکی گشتی هەر کە گوێ بیستی دەربڕینێك دەبین یەکسەر بە شوێن ئەو پەیوەندیە لۆجیکیانەدا دەگەڕێین کە لە نێوان هێماکەر و هێما بۆکراودا هەن، واتە ئەو پەیوەندیانەی دەربڕینەکە بە واقیعەوە گرێدەدەن، وەك ڕەنگدانەوەی پەیوەندی لۆجیکی لە نێوان دەربڕین و واقیع دور لە تێڕوانین و بۆچوونە کەسیەکانی قسەکەر. لە بواری واگەیاندندا پەیوەندی لە نێوان p و q دا هەمیشە پەیوەندیەکی بە زەرورەتە، بە واتایەکی تر سەرەنجامەکان بە زەرورەت دەبێ ڕاست بن یان درۆ، بۆنمونە، کەسەکان واتای q لە واتای p ەوە وەردەگرن چونکە یەکەم بەشێك لە سەرجەم واتاکەو دووەمیان سەرجەم واتای دەربڕینەکە لە خۆ دەگرێ. دیارە، ئەوەی واگەیاندن لە گریمانەی پێش کات جیادەکاتەوە ئەوەیە کە بە پێچەوانەی گریمانەی پێش کاتەوە، واگەیاندن لە لایەکەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری نەرێ و لە لایەکەی ترەوە زۆر بەکەمی سەرچاوەی خۆی لە کولتورەوە وەردەگرێ.

## الملخص

ان الظاهرة التوصيلية في علم الدلالة تلعب دورا هاما في نظرياتة، لذا فان ظاهرة التوصيل ظاهرة سيمانتيكية اكثر من كونها براكماتيكية، لذا فان التوصيل في اي تعبير او جملة، يشرح و يحلل، وفق مستوي العميق، حسب هذة التصورات فعلي التوصل الايساوي المعني، وفي المجال اللغوي، فان المعني والحقيقة والمنطق تحمل نفس التحليل، لذا حينما نسمع تعبيرا فنبحث في الوقت ذاتة عن العلاقات المنطقية الماثلة بين الرامز والمرموز لة، اي التعبيرات التي تربط السياق بالواقع، كالانعكاس المنطقي بين التعبير والواقع بعيدا عن تصورات المتكلم. ان العلاقة بين p و q في التوصيل، علاقة ضرورة دوما، بمعني اخر فان النتائج ينبغي ان تكون صحيحة او كذبة، مثلا، فان الاشخاص يستنبطون معني q من p، لانها جزء من المعني الكلي، واثاني يضم جميع معني السياق، فلاشك، ان ما يميز التوصيل من الافتراض المسبق هو انه بعكس الافتراض المسبق، فان التوصيل ينطوي تحت تاثير النفي من جهة ومن جهة اخري، فان التراث لا يتعامل معة كمصدر للتوصيل.



## Absteact

*The aim of a natural language is to decode from sentences to semantic representations for those sentences which are uttered by speakes. Therefore, semantic representations are a separation of a context-free language and considered as part of the parsing process is important. Almost all linguists consensus that entailment and presupposition are central to the meaning of a sentence, beliving that both are arising from the meaning of sentences components for example from the meaning of particular words and syntact constructions. It indicates that entailment is semantic in nature*
*rather than pragmatics.*

*The term of entailment is used as part of the study of semantics. Namely, it is used as a logical relation between two sentences when the truth of the second sentence follows from the truth of the first. Namely, if the first sentence is true the second must be also. Terefore, it refers to a situation which can be described by main verbs in the real words. Entaiment has come to be contrasted with presuppositions in that the heares inference the intended information from the meaning of the sentences constituent not from the culture.*

## سەرچاوەکان

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

خرما نایف (١٩٧٨). اضواء علي الدراسات اللغوية المعاصرة. سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة وافنون والاداب– الكويت.

سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:

*Al Khuli, Muhammad. Ali. ((1982). A Dictionsary of Theoretical Linguistics. Printed in Lebanon.*

*Allwood Jens. (1995). 'Gothenbury Papers in Theoretical Linguistics'. An Activity Based Approach to Pragmatics. University of Gothenbury.*

*Allwood, J, Andersson, L and Dahl, O. L. (1977). Logic in Linguistics Cambridge University press.*

*Atlas, Jay. David. (1979). How Libguistics Matters to Philosophy: Presupposition, Truth, and Meaning. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition. 265-280. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers.*

*Auwera. Johan Van Der. (1979). Pragmatic Presupposition: Shared Beliefes in A Theory of Irrefutable Meaning. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition. 265-280. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers.*

*Bickerton, Derek. (1979). Where Presupposition come from. In Dinneen, David. A & Oh Choon-Kyu (eds). Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition. 235-264.. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers*

*Cooper, David. E. (1974). Presupposition. Mouton. The Hague. Paris.*

*Crystal, David. (1992) A Dictionary of Linguistics and Phonetics. Blackwell.*

*Bolinger. Dwight & Sears D. A. (1981). Aspcts of Language. Harcourt Brace Jovanovich, INC.*

*Bradley, F. H. (1993). The Presupposition of Critical History and*

*Aphorisms. Thoemmes Press.*

*David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition. 371-388. Academic Press A Subsidiary of Harcourt*
*Deaver, David. I. (2001). Presupposition and assertion in Dynamic Symantics. Center for the Study of Language and Information Stanford California.*

*Fodor Janet Dean. (1979). In Defense of the Truth Value Gap. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition. 199-224. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers.*
*Frege, G. (1952). On Sense and Reference, In Geach and Black, eds.*

*Frege, G. (1892). On Senseand Reference in Geach and Black (1970).56-78.*
*Godden, Kurt. Oh Choon-Kyu. (1979). In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition. 225-234. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers*
*Gandhi, Ramchandra. (1974). Presuppositions of Human Communication. Oxford University Press.*
*Gazdar, Gerld. (1979). A Solution to the Projection Problem. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition. 57-89. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers.*
*Gazdar, Gerld. (1979). A Solution to the Projection Problem. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition. 57-89. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers.*

*Grice, H. P. Utterer's Meaning, Sentense-Meaning, and Wrd-meaning. Foundatiob of Language 4, 225-242. RePrinted in Grice (1987). 117-37.*

*Iten, Corinne. (2005). Linguistic Meaning Truth Conditions and Relevance. Palgrave Macmillan.*
*Katz Jerrold J. (1979). A Solution to the Projection Problem for Presupposition. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds).*

*Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition. 91-126. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers.*
*Kempson, Ruth. (1975). Presuppositionand the Delimitation of Semantics. Cambredge University Press. Cambridge, London, New York. Melbourne.*
*Kempson Ruth M. (1979). Presupposition, Opacity, and Ambiguity. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition. 283-323. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers.*

*Karttunen. L. & Peters S. (1979). Conventional Implicature. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition. 1-56.*
*Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers.*
*Kripke, S. (1980) Ms. Presupposition, Academic Press*

*Kuroda S.-Y. (1979). Katz and Langendoen om Presupposition. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition183-197. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers*
*Lakoff, G. 'on Generative Semanticsk and Presupposition' and 'Relative Well-forme', both in D. Steinbery and L. Jakobovists (eds.)*

*Leech Geoffrey. N. (1983). Principles of Pragmatics. Longman London and New York.*
*Levinson, Stephen, C. (1983) Pragmatic, Cambridge University Press*
*Lyons. John. (2005). Linguistik Meaning. Cambridge University Pres.*
*Lyons John. (1977). Semantics Volume 1. Cambridge University Press.*
*McCawley James. D. (1979). Presupposition and Discourse Structure. In Dinneen,*

*Peterson Philip L. (1979). On Presupposition Event Reference. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition. 57-89. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers.*

Reuland, E. J. (1987). The Presupposition of (In)definiteness. The MIT Press Cambridge, Massachutts London, England.

Russell, J. (1905). On Declarative Sentances. In Jachobs and Rosenbaum, ed.

Saeed. John I. (2004). Semantics. Blackwell Publishing.

Schiebe, Traugott. (1979). On Presupposition in Cmplex Sentences. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition. 127-154. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers

Spenader, Jennifer. (2002). Presuppositions in Spoken Discourse. Akademitryck AB, Edsbruk, Sweden, Stockholm.

Stalnaker, R. Pragmatic Presuppositions, In M. K. Munitz and P. K. Unger (eds.) Semantics and Philosophy. New York: New York University Press. 1974: 197-214.

Thomason, S. K. (1979). Truth-Value Gaps, Many Truth Values, and Possible World. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition. 357-370. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers.

Vach, K. (1987). Thought and Reference. Oxford: Clarendon Press

Weischedel, Ralph. M. (1979). A new Semantic Composition While parsing: Presupposition and Entailment. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition 155-182. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers.

Verschueren, J. D. (1979). Undetstanding Pragmatic. A member of the Hodder. Headline Group London.

Wilson, Deirdre. (1979). Ordered Entailments: An Alternative to Presuppositional Theories. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition. 299-. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers

Wilson, Deirdre. (1975). Presuppositions and Non-Truth-Conditional Semantics. Academic Press. ING. (London) LTD.

Yule, George. (1996). The Study of Language. Cambridge University Press.